# ناوی کتێب

نووسینی

چاپی یەکەم
١٤٤٥ هـ - ٢٠٢٣ ز

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب:

بابەتی کتێب:

نووسەر:

دیزاین:

قەبارە: ١٧سم X ٢٤سم

ژمارەی لاپەڕە: (٢٧٠) لاپەڕە

ساڵی چاپ : ١٤٤٥هـ - ٢٠٢٣ز

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: (   ) دانە

ژمارەی سپاردن:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی «   »ی ساڵی «٢٠٢٣»ی پێدراوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

# سەیدسادق، شارێکی ستراتیژ و گەشەسەندوو

✍️ سەلاح سالار

## 💢 جوگرافیای سەیدسادق 💢

سەیدسادق ئەو شارەیە کە بووەتە پایتەختی شارەزوور و کەوتووەتە نێوان شار و شارۆچکەکانی:هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، ناڵپارێز، پێنجوێن، عەربەت، بەرزنجە، هەڵەبجەی تازە (قەزای شارەزوور) و دەربەندیخان، لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزایەکە سەر بە پارێزگای سلێمانی.



## ناوی شاری سەیدسادق

ناوی شاری سەیدسادق دەگەڕێتەوە بۆ مەزاری پیاوچاکێک بەناوی سەیدسادق، کە گۆڕەکەی بەسەر لووتکەی شاخێکەوە لەناو شارەکەدا.

## سەرەتای دروستبوونی سەیدسادق

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٦ ئاوەدان کراوەتەوە، نووسەری ئەم بابەتە کتێبێکی لەسەر مێژووی سەیدسادق ئامادەکردووە و بە وردیی زانیارییەکانی نووسیوە.

لەبەر ئەوەی لە ڕووی جوگرافیاوە شوێنەکەی زۆر ستراتیژە بۆیە زۆر بەخێرایی ئاوەدانیی پێوە دەرکەوت و گەشەی سەند و لەو شارانە فراوانتر بووە کە سەدان ساڵە دروستکراون.

پاش نۆ ساڵ لە دروستبوونی گوندی سەیدسادق، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥ کرایە ناحیە بەناوی ناحیەی شارەزوور. پاش ٦١ ساڵیش لە ٢١ی شوباتی ٢٠٠٧ کرایە قەزا بەناوی قەزای سەیدسادق.

ئێستا ژمارەی دانیشتووانی قەزای سەیدسادق سەرووی ١٣٠ هەزار کەسە.

## خاپوورکردنی شاری سەیدسادق

ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی جەنگی عێراق ـ ئێراندا، ئێران لە ١٣ی ئازاری ١٩٨٨ هێرشی کرد و شاری هەڵەبجەی داگیرکرد و تۆپبارانی خەستی سەیدسادقیشی کرد، ئیتر سەیدسادق بووە شەڕگەیەکی خەست، حکومەتی عێراقیش لەدەرفەتێک

دەگەڕا تۆڵە لەم شارە بکاتەوە، بۆیە ئەو دەرفەتەی بۆ هاتەپێش و لە کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٨٨ تەواوی شاری سەیدسادقی خاپوور کرد و دانیشتووانەکەی ڕاپێچی ئۆردووگاکانی باریکە و نەسر کرد.



## 💢ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادق 💢

پاش ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ی گەلەکەمان، خەڵکی سەیدسادق و شارەزوور و هەورامان کە لە ئۆدووگاکانی باریکە و نەسر و هەڵەبجەی تازە نیشتەجێ بوون لە ٨ی ئازاری ١٩٩١ ڕاپەڕین و نیشتمانەکەی خۆیان ڕزگارکردەوە و هەر لەو ڕۆژەوە خەڵک دەستی کردەوە بە ئاوەدانکردنەوەی شاری سەیدسادق، هاووڵاتییان لەسەر ئەرکی خۆیان دووبارە شاری سەیدسادقیان ئاوەدان کردەوە و شاریان بونیات نایەوە.

ئیتر بەهۆی پێگە ستراتیژەکەیەوە ئەم شارە زوو گەشەی سەند و چەند هێندەی بەر لەخاپووربوونەکەی فراوان بوو. لەبەر ئەوە گەشەو فراوانییە بەرچاوەی هەیبوو حکومەتی هەرێم هاتە سەر ئەو بڕوایەی سەیدسادق بکرێتە قەزا، لە ٢١ی شوباتی ٢٠٠٧ لەسەر داوای خەڵکی شارەکە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری بەقەزابوونی بۆ سەیدسادق دەرکرد.

## 💢 شۆڕش و کوردایەتی 💢

دەشتی شارەزوور و شاری سەیدسادق لە کۆن و نوێدا لانکەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد بووە، تەنانەت بەرلەوەی شاری سەیدسادقیش دروستبکرێت شوێنی شارەکە هەر جێگەی خەباتی کوردایەتی بووە و ئەم شوێنە بەر لەئاوەدانبوونەوەشی بەهۆی مەزاری پیاوچاکێک بەناوی سەیدسادقەوە هەر ناوی سەیدسادق بووە. بەهۆی



نزیکیی لە زنجیرە شاخی سەرکەشی (سوورێن)ـەوە تێکۆشەران سوودیان لەم جوگرافیایە وەرگرتووە، شاخەکانی سەیدسادقیش ئەشکەوتی گەورەی تیدایە و تاوێر و گابەردەکانیشی بۆخۆیان سەنگەرێک بوون.

شێخ مەحموودی حەفید لەم شاخانە و لە شوێنی ئەم شارەدا بەرنگاریی سوپای ئینگلیزی کردووە. ئەحمەدی خواجە لە کتێبەی (چیم دی) و شێخ لەتیفی حەفیدیش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی هێزەکانی شێخ مەحموودیان کردووە لە ئەشکەوتەکانی سەیدسادق.

هەروەها سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ و گوڵانیش شاخەکانی نزیکی سەیدسادق سەنگەری پیشمەرگە بوون و بەردەوامیش پێشمەرگە لەناو بەشێکی شاردا هەبووە.

## راپەڕینەکانی شار

خەڵکی تێکۆشەری سەیدسادق لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەکاندا دوو جار ڕاپەڕینی جەماوەرییان سازداوە و قوربانییشان هەبووە.

**ڕاپەڕینی یەکەم:** لە ٣ی ئایاری ١٩٨٢ ڕاپەڕینی جەماوەری ئەنجامدرا و بەهۆی تەقەی بەعسییەکانەوە ٦ کەس شەهید کران.

**ڕاپەڕینی دووەم:** لە ١٣ی ئایاری ١٩٨٧ جارێکی تر دانیشتووانی شاری سەیدسادق ڕاپەڕینیان بەرپا کردەوە و هێزەکانی بەعسیش بە هەموو جۆرە چەکێک و تەنانەت هێلی کۆپتەریشیان بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنی. لەئەنجامدا ٥ کەس شەهیدکران. جگە لەوەی لە هەردوو ڕاپەڕینەکەشدا بریندار هەبوو.

## 💢 کەرتی کشتوکاڵ 💢

سەیدسادق لەسەر دڵی دەشتی بەپیتی شارەزوور دروستبووە و بۆیە ناسراوە بە (پایتەختی شارەزوور)، دەشتی شارەزووریش بەپیتترین دەشتی کوردستان و عێراق و ئاسیایە، لەبەر ئەوەی ڕووباری سیروان و بەنداوی دەربەندیخانیش لەسەر دەشتی شارەزوورە و تەواوی دەشتی شارەزوور پاراو دەکات، بۆیە کەرتی کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە ئەگەر حکومەت پشتگیریی بکات لەبەرزترین ئاستتدایە و زۆرترین داهات و کەڵکی بۆ کوردستان دەبێت.



## کایەی ڕۆشنبیری

هەر لە سەرەتای دروستبوونی شارۆچکەی سەیدسادقەوە ئەم شارە بێبەش نەبووە لە بواری ڕۆشنبیری، هێشتا سەیدسادق گوند بوو کە مامۆستا قانعی شاعیر ماڵی هاتە سەیدسادق و نیشتەجێی ئەو گوندە بوو، دواتریش کە بووە ناحیە و قوتابخانەی تێدا کرایەوە، ئەو بووە مامۆستای وانەبێژ، ئیتر چەند جارێک کۆڕی شیعریی جەماوەریی گرتووە و بە شیعریش ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی خەڵکدا.

پاشان ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و شانۆکاری تێدا دەرکەوت.

پاش ڕاپەڕینیش کایەی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن لەم شارەدا بەهێزتر بوون و کۆمەڵێ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی تێدا دەرچوو. وەک: گۆڤاری ڕازەکانی شارەزوور، شارەزووری نوێ، ڕۆژنامەی شارەزوور، گۆڤاری شارەزوور، ڕۆژنامەی سەیدسادق، ڕۆژنامەی شارێ، ڕۆژنامەی بارین، گۆڤاری ڕوون، هەندێ بڵاوکراوەی دیکەش هەبوون کە ڕێکخراوەکانی حزبەکان چەند ژمارەیەکی کەمیان لێدەردەکرد.

بەدەر لەمانە، لە بواری ڕادیۆدا ماوەیەک ڕادیۆی پەروانە پەخش دەکرا، کە ناوەڕۆکەکەی ئەدەبی بوو.

## بواری وەرزش

یەکێ لە ڕووە گەش و زیندووەکەی سەیدسادق بواری وەرزشە، یانەی وەرزشی سەیدسادق لە پلە سێ قۆناغ قۆناغ پێشکەوت و سەرکەوت تا دواجار گەییە پلەی

نایاب، هەموو ئەو خولانەی سەیدسادق پێیدا تێپەڕیی ئەوندە جۆش و خرۆشی ئەدا بە وەرزش و هاندەرە دڵسۆز و سەرسەختەکەی هێندە سەرنجی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ڕاکێشابوو، کە جەماوەر نازنای پایتەختەتی وەرزشیان پێبەخشی.



## 💢 خۆپیشاندانی جەماوەری 💢

بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم شاری سەیدسادقی فەرامۆش کردبووە، دەستی ئاوەدانی حکومەت لەم شارە قوربانیدەرەدا تەواو کورت بوو، ڕۆژنامەنووس و چالاکانی شار چەندین جار یاداشتیان دایە حکومەت و داوای خزمەتگوزراییان کرد، بەڵام وەڵامێکی ئەرێنییان دەست نەکەوت، بۆیە خەڵکی شار ناچاربوون پەنا بەرنە بەر خۆپیشاندانی هێمنانەی جەماوەریی و چەند جارێک خۆپیشاندانی زۆر گەورە بەڕێوەچوو، هەموو جارەکانیش حکومەت لەبری وەڵامی ئەرێنیی و جێبەجێکی داواکارییەکانیان هێزی ئەمنیی لە شارەکانی دیکەوە هێنایە سەر شاری سەیدسادق و بە فیشە و دەستڕێژی گوللە وەڵامی دانەوە.

## 💢 خۆپیشاندان و شەهیدکرانی شەهید بڕیار 💢

خۆپیشاندانی ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ کە سێ ڕۆژ بەردەوامبوو، هەر لە یەکەمین ڕۆژدا تەقەیان کرد و گەنجێکی خۆشەویستی ئەم شارەیان بەناوی (**بڕیار** حەسەن ئەحمەد) شەهید کرد.

پاش ڕشتنی خوێنی شەهید **بڕیار** ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی سەیدسادق و بنەماڵەی شەهید **بڕیار** کۆبووەوە و کۆمەڵێ بەڵێنی دا کە خزمەتی سەیدسادق بکات، بەڵام بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد.

## 💢 خۆپیشاندانێکی دیکە و دوو شەهیدی تر 💢

دوای ئەوەی حکومەت ڕاستی نەکرد و بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، جارێکی دیکە خەڵکی شاری سەیدسادق خۆپیشاندانیان کردەوە، لە خۆپیشاندانی ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ مێردمنداڵێک بەناوی هەرێم عەلی تەمەن ١٣ ساڵان شەهیدکرا، و گەنجێکی دیکەش بەناوی ئاکار جەبار مەحموود بە سەختی بریندار کرا، پاش چەند ڕۆژێک مانەوەی لەنەخۆشخانە، ئاکار جەباریش لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

**بەمشێوەیە ژمارەی شەهیدانی خۆپیشاندەر بوونە سێ کەس.**

بەئێستاشەوە ئەم شارە فەرامۆشکراوە و حکومەت ئاوڕی پێویستی لێنەداتەوە.

# بەشی

# ڕێپۆرتاژو ڕاپۆرت و

# چاوپێکەوتن

## بۆچی سەیدسادق حکومەتی بەرد باران کرد؟

✍️ ئەرسەلان تۆفیقو سالار مەحمود

ئەو رۆژەی کە سەیدسادق راپەڕی و خەڵکی شارو گەنجان خرۆشان، نەیاندەویست بۆ داخوازی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی خۆیان، تەنها یەك بەردیش بووەشێنن، یا تایەیەك بسووتێنن، بەڵام کاتێك بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەملاو ئەولا، لە بری بەرپرسی ئیداریو خزمەتگوزار هەڵیان کوتایە سەر شەقامو گەنجانی خۆپیشاندەر، ئیتر حوکمەت بەر بەرد درا، فیشەك بوو بەوەڵامی گەنج، خوێنی خەڵکی حەڵاڵ کرا، تا بە خوێنی دەیان کەس و بەشەهید بوونی کاك **بڕیار**، بەرپرسە باڵاکانی هەرێم بیریان کەوتەوە کە شارێك هەیەو ناوی سەیدسادقە.



ئەم شارە لەناوەندی دەشتی بەپیتی شارەزووردایە، کەچی بە پیلانێکی شاراوە ناوەکەی دراوە بە هەڵەبجەی تازە، پڕپڕە لەداهات کەچی خەڵکەکەی رەش‌و ڕووتکراوە، سامانی مرۆیی زۆری هەیە کەچی لەملاوە خەڵکی بۆ دادەمەزرێت، قوتابیەکانی یەکەمی هەرێمی کوردستانن کەچی قوتابخانەکانی وەك پێوویست نین، پڕپڕە لەخەڵکی شارەزا کەچی بەڕێوەبەری ئەملاو ئەولای بۆ دەهێنن، کەناڵی راگەیاندن نییە لەکوردستان چەند رۆژنامەنووس و بەرپرسی بەشی خەڵکی ئەم شارەی تێدا نەبێت کەچی هەواڵەکانی تایبەت بە سەیدسادق لەزۆرێك لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە سانسۆر دەکرێن، زەوییەکانی زۆر بەنرخن کەچی دەدرێن بەخەڵکی دوورە دەست و قوربانیەکانی شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی و سەرۆکی شارەوانیەکانیشی نقەیان لێوە نەدەهات...

سەیدسادق هاوبەشی خەمەکانی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانەو لەتەك ئەوەشدا خەمی قووڵی خۆی هەیە، لەکوردستاندا تەنها یەك دەستەخوشکی هەیە کە وەك ئەو لەسەر دەستی بەعس خاکی وێرانکرابێت ئەویش قەڵادزێی رەنگینە، کەچی لەگەڵ ئەویش جیاوازە، چونکە پاشماوەی ویرانکردنەکەشی گوازراوەتەوە، ئەگەر ئەنفال سیمای مەزڵومیەتی گەرمیان و بالیسان و بادینان بێت، هەڵەبجە شەهیدی کیمیاباران بێت، ئەوا سەیدسادق سومبوولی ویرانکاری دەستی رژێمە، لەگەڵ گەرمیانیەکاندا ئەنفالی هەیەو لەگەڵ هەڵەبجەو خورماڵدا شەهیدی کیمیابارانی هەیە، ئەوەی لەمانەی جیادەکاتەوە ئەو بێدەنگییەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەمبەر داواکانی خەڵکی ئەمشارەدا هەڵیبژاردبوو، ئەوەی حکومەتی بەفەتارەتدا برد ئەو راپۆرتە هەڵانە بوو کە هەندێك بەرپرسی حکومی و حیزبی بەسەرووخۆیان دەگوت ئەم شارە شامی شەریفە، بەشێك لە رێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی

لەمشارە بەپارەی گەنجی ئەم شارەوە لە ئەنتالیای تورکیەو لە عەمانی ئەردەن و کەناری دەریای مردوودا رایان دەبواردو کەیفـو سەفایان بوو، ئەوانەی بەناوی ئەمشارەوە هەر مانگەی لە وڵاتێك دەیانبردەسەر گەنجە یەکەمەکانی ئامادەییەکان و کورە جوانخاسەکانی ئەم شارە نەبوون کە ئێواران لەفەیسبوکەکانیانەوە لەوێنەی خەڵکی چواردەروی سەیدسادقیان دەڕوانی لە پەنای سومبولەکانی فەرەنسەو ئیتالیا و سیدنی وێنەی خۆیان بڵاودەکردەوە، بەناوی پەرەپێدانی توانای گەنجانەوە و لەسەر پارەی ئەم شارە سەفەریان دەکرد.. ئەمان ئەیانبینی زانکۆ بۆ قەزاکانی ترو زیندانی گەورە بۆ ئێرە، دەیانبیست ڤیزای شنگڵ بۆ لاوە حیزبیەکان و تەپوتۆزی سەرشەقامەکانیش بۆ ئەمان، دەیانزانی مەلەوانگەی ئاخر مۆدێل بۆ کێیەو سەرچاوەی ئاوی حەسار و سەراوی سوبحان ئاغاش بۆ ئەمان، ئەوان بینیبویان دونیای جوانی و گەنجێتییان لەنێو شارێکدا بەسەر دەبەن لەسایەی کۆمەڵە بەرپرسێکدا کە نەك هەرسیماکەی هی شارێکی سەدەی بیست‌ویەك نییە، بەڵکو خۆزگەیان بەگوندێك دەخواست کە چاویان بە ئۆتۆمبیلی جام ڕەش نەکەوێت و لوتیان پڕنەبێت لە تەپوتۆزی ماشێنەکانیان، لەوانەش مەینەتبارتر ئەو شاشە گەورانەی تیڤیەکانی حیزب بوو کە هەردەم پرۆژە جوانەکانیان تەخشان و پەخشان دەکرد و ئێمەش تەنها گرتن و تێهەڵدان و ئازادکردنی کەفالەت‌و ئەوانەمان بۆ مابووەوە.

ئاخر هەرکات کەمپینێك رادەگەیەنرا دەگوترا هێڵی سوورە، هەرجار بەیاننامەیەك هەڵدەواسرا بەدووی خاوەنەکەیدا دەگەڕان و لە زیندانیان قایم دەکرد، ئەو دەنگانەی بوێربوون هەمیشە بەش مەینەت و ئەوانەش کە ماستاوچی و دەربار بوون زەوی روکن و پۆستی باش و کار لەبەر رۆشتووبوون، دیداری بەرپرسە گەورەکان بۆ خەڵکانێك بوون هەمیشە دەیانگوت ئێرە لەهیچی کەم نیە، لەئاستی ناوخۆدا بەرپرسەکان


گەندەڵکارو مشەخۆرو لەئاستی سەرەوەشدا شەریکی کۆمپانیاکان و چاوشۆڕ و دەستەوخواری دووفلسەکەیان بوون. ئەوان دەیانگوت پلانەکانمان گشتگیرە کەچی لەساڵێکدا دوو جادەی قیریان بۆ دووگوند راکێشا، بە هەردووکیان دووماڵیان تێدابوو، کەچی دەهەزار ماڵی ئەو شارە لەنێو تەپوتۆزدا خنکابوو، رێکخراوی گەورەکانی (UN ) بە ملیارەها پارەی پەرەپێدانی هەرێمەکانیان دەهێنا کەچی دەدرا بە (هەنگ) و کەسیش نەیدەزانی تامی هەنگوینی پرۆژەکە چییەو شوێن و مەکانەکەشی کامەیە؟ لە رێکخستنی شاردا ماڵی هەژارو بێکەس و بێدەستەکان دەروخێنران، کەچی بەرپرسەکان بە دۆنم تەجاوەزیان دەکرد و بەڕیز دوکانیان دەکردەوە کەچی بەرپرسێك نووزەی لێوە دەرنەدەهات، بیناکانی حکومەت و زەوییە نایابەکانی نێوجەرگەی شار لەلایەن بارەگا حیزبیەکانەوە داگیردەکران کەچی ناوی دیموکراتی و حکومەتی خۆمانەو رۆشنبیری و حیزبی مەدەنییان لەخۆ دەنا.



ئەوجارانەی کەسەرۆکەکان دەهاتنە ئەو شارە دەبوو حیزبییەکان کەسەکانیان دابنایەو ڕستەکانیان ڕێکخستایەو داواکانیان پێبدایە.

ئەبوو بەرپرسی حیزبی بڵێ و ئەوان گوێبگرن، دەبوو مەسوولی گەنج پشتگیری پیاوە نەخوێندەوارەکانی حیزبی بکردایە، جاش و کۆنە بەعسییەکان لەریزی پێشەوەی مەراسیمەکاندا دادەنیشتن و خەڵاتیان بەسەر کەسوکاری ڕاپەڕینەکانی هەشتاکاندا دابەش دەکرد، ئامر سریەکان بە پلەی عەقیدو موقەدەم خانەنشین دەکران و کەسوکاری پێشمەرگەش یەکی بە ٣٧ هەزار سوکایەتییان پێدەکرا.

ئێرە شارێك بوو لێوان لێو لە کۆمپانیای شارەزا، چونکە لەسایەی سەری شارەوانیو بەرپرسی یەکەمی شارەوە هیچ کات غەرامە نەکراون و ئەو کاتانەش لە پرۆژەکانیاندا گەنجی ئەم شارە دەمرد لەبری ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت پرۆژەی گەورەتریان پێدەبەخشی،ئالیاتی شارەوانیەکەی دەخستە خزمەتیانو پێیان دەگووت ئێوە نەبن ئەم شارە وێران وێرانە. بەرپرسی وای هەیە ئەوەندە خاکییە خەڵك نازانێت لەسەر کام عامودی کارەباوە ئیمزاکانی دەکات و لەکام گوندیش لەکاتی دەوامی فەرمیدا پرۆژەکانی (تەنفیزموباشیر) دەکات و جگە لە موچەکەی پارەی ئەو زەحمەتانەیش بۆ خۆی دەبات، حیزبەکانی ئەوەندە دڵیان بەشارەکەیان خۆشە کە بۆ ململانێی خۆیان مەناعەتیان نییە هەرچی خەڵکی ئەو شارەیە بکەن بەقوربانی تەنها یەك بەرپرسی دەرەکی و غەوارە، لە هەرشوێنێکی ئەو دونیایە هەر بەرپرسێك جێگەی نەبوویەوە بابێتە شارەکەمان چونکە ئێرە جێگەی داڵدەدانی بەرپرسە گەندەڵەکانە، ئەنجوومەنی شارەوانیەکەی ئەوەندە ڕەنگاو ڕەنگ و جوانە لە ئیسلامیەوە تاعەلمانی، ئەوەندە جیدی و بەخزمەتن نەك هەر بۆ مووچەکانیان سەرنادەن بەڵکو بۆ ئیمزایەکی ڕۆتینیان دەبێت



حەوت گەڕەکان بکەیت، کەچی هێشتا ئەڵێن ئێمەش وەك ئەنجوومەنی پارێزگا، ئەوان بۆ خۆیان زەوی (٢٢٠) مەترییان جیاکردۆتەوەو بۆ خەڵکیش یەك مەتر بەڕەوا نابینن. دەیان دۆنم زەوی شارەوانی هەیە تاهەنووکەش دەکرێت بەگەنم و کەسیش نازانێت داهاتەکەی دەچێت بۆ کوێ؟ لەوانە سەیرتر ئەوەیە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە زیاترە لە نەوەدهەزار کەس دەبێت کەچی نەبەشێکی ولادە و نەنخۆشخانەی منداڵبوون بوونی نیە، ژنانی ئەم ناوچەیە ئەوەندە جەربەزەو بەتوانان لەنێو ماشینی ئیسعافدا منداڵیان دەبێت و سایەقی ئیسعافەکان بەشۆخییەوە تەلەفۆن بۆ یەکدی دەکەن(ئەری فلانی کوڕبوو یا کچ؟ ناوت ناچی؟) لە تاقانە سەیرانگاکەی سەراوی سوبحان ئاغادا لایەکی سەربازی کڵاو سەوزەو لاکەی تری بەسەر سەری ئاوی خواردنەوە شارەوە نەخۆشخانەی (سیل -سنگ)مان هەیە، وەزیری تەندروستی فەرمووی ئەم نەخۆشخانەی سیلەتان لە عێراقدا وێنەی نییە، دۆستێکی (بەصرە)یمان دەیگوت ئێمە نەمانهێشت لەسەر

شەتولعەرەب دروستی کەن وا بەدیاری هێنامانە ناوچەی ئێوە.

برادەرێك بۆی باسکردین ئەندازیارێکی شارەزا فەرموویەتی بۆ ئەوەی سەیدسادق لە ناحیەی (گەرمك) نزیك کەینەوە دەبێت بە دووشەقامی دوورە شار لەو شارەزووریانە دوورکەوین، زەوی خراپ دەبێت قەینا، قەرەبوو ناکرێنەوە بە قەرەس، گرنگ ئەوەیە گۆڕان لەوشتانەدا بکرێت کە ئێمە دەمانەوێت، کەچی لەسەرشاشەی تیڤییەوە دیفاعی لە نەزانین و غەل و غەشی ئەم و ئەو دەکرد.دەیفەرموو بەشەرەفم جیاوازی ناکەم لەنێوان شارەکەی خۆم و ئێوەدا.

گەنجان گوتیان ئێمە خوازیاری زانکۆ بووین کەچی حوکمەت زیندانی گەورەی بۆ هێناین، گوتیان خزمەتگوزاری شار کەچی خەستەخانەی سیل و جادەی قوڕو دامودەزگای داپڵۆسێن و کۆمپانیای فاشیلی حیزب و بەرپرسی نابەرپرس و ساغکردنەوەی حساباتی دۆڕاوی ئەملاولایان بۆ هێناین.

ئەمانە برینەقوڵەکانی شارێکی بێدەنگو بەئەدەبو سەرکوتکراوبوون، ئەمانە پاڵنەرە سەرەکیەکانی بەربوونی دەنگی کپکراوبوون، پێکەوە لەیەك کاتدا، لەیەك ساتدا، بێئەوەی کەس کەس راسپێرێ، بێ ئەوەی کەس گلەیی لەوی تربکات، خۆڕسکانە هاتنە سەرشەقام و شادەماری مەرزەکانی باشماخ و تەوێڵەیان داخست، بۆ ماوەیەك هێرشی تەنکەرە نەوتەکانی زۆنی سەوزو زەردیان راگرت، کەسێك نەبوو خۆی بەخاوەنی شار بکات، هەر گەنجێك بۆ خۆی خاوەن بوو، هەرکەسێك لای خۆی بەرپرس بوو، دوای چەن سەعات بەرپرسێکی ئەو حوکومەتە نەهاتە دەنگ، نە ڕەنگی ئیدارەی شارو نە هاتوهاواری حیزبێك دەرنەدەکەوت... ئەوەی گوترا (کش کش قایمقام) و (ارحل ارحل)ی بەلەدیەو هەندێ بەرپرسی تری شاربوو، تا

حکومەت لە پایتەختی رۆشنبیری و هاوخەمەکەی هەڵەبجەوە هێزی دەمامکداری پێشمەرگەو پۆلیسی بەناو مەدەنی هێنایە سەر مێر منداڵ و گەنج و لاوی قوتابخانەو خەڵکی دەست و پێ سپی شار... ئیدی هەر بەردبوو نەدەما، هەر قیرە بوو خەڵکی هێنا، دەنگی ئیسعاف و حەریق و سەیارەی نەژدە و پۆلیس و ... تا ئێوارە دەنگی فیشەکی کلاشینکۆف، دەمانچەی لاقەدی پۆلیس و قیڕەی نەجمەلەسەرشان و ئەمنە جل کوردیەکانی ئەملاولا، گریان بەردایە هەناوی خەڵکی شار، رژانە سەربینای بەرپرسەکان، لەو کاتەدا گوتیان تا هەڵەبجە مۆنۆمێنتی شەهیدەکانی نەسوتاند،تا کاك ئاراس کێلی گۆڕی ئازیزی خۆ تێك نەشکاند، تاکو گەرمیان داروبەردی ترافیك و دائیرەکانی دانەگرت، ئەم حوکمەتە نەهاتە دەنگ، گوتیان حوکمەت لەخەوی غەفلەت راناچەنێ تا بەرد نەدەی لەجامەکەی، تا ئاگری تایە نەبێت، گەرمی ناگات بەشەقام و بە دایەرەو بە ماڵەکەی.

## (باوکی شەهید بڕیار)

✍️ دیمانە: سەڵاح سالار

**حەسەن ئەحمەد (باوکی شەهید بڕیار):**

☘️تەنیا پشتم بە خوای گەورە بەستووە کە حەقی بێتاوانیی کاکە **بڕیارم** بۆ بسەنێت، دڵنیاشم حەقمان بۆ دەسەنێت.

☘️ **بڕیار**، سەیدسادقی زۆر خۆش دەویست و حەزی دەکرد بە باشترین شێوە خزمەتی بکرێت

☘️ لە خەونمدا **بڕیارم** بینی زۆر جوان بوو، وتی دەڕۆم بۆ ناوگردان گوڵ دەڕوێنم

☘️بەداخەوە ئەوە دوو ساڵە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێك ویژدانی نەجووڵا و بێتە دادگا و شاهیدییەك بۆ ئێمە بدات

☘️ **بڕیار** سەربەرزی بوو بۆ ئێمە و هەموو خەڵکی سەیدسادق

ساڵی ڕابردوو لە یەکەم ساڵیادی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی خەڵکی سەیدسادق و کارەساتی شەهیدکردنی **بڕیار** حەسەن، **دایکی شەهید بڕیار لە دیدارێکدا** خەم و گڕی دەروونی خۆی خستە ڕوو، کە ئەشکی لە چاوی هەموومان باراند. بەڵام ئەمساڵ لە دوو ساڵەی هەمان کارەساتی شەهیدکردنی **بڕیاری** جوانەمەرگ و لاوی خۆشەویستی شارەکەمان **(کاک حەسەن ئەحمەد)** باوکی شەهید **بڕیار**، بە گڕی دەروون و خەمی قووڵەوە ئەو قسانەی پارساڵ دووپات دەکاتەوە.

کە ئەم دیمانەیە دەخوێنیتەوە، دەزانیت کە دروشمەکانی خۆپیشاندەران و داواکارییەکانی خانەوادەی شەهید **بڕیار** جێبەجێ نەکراون و دۆسیەی شەهید **بڕیاریش** لە دادگا، وەکوو جەستەیەکی بێگیانی ناو پزیشکی دادوەری بێنازە و حکومەت و بەرپرسان بەڵێنەکان نابەنە سەر.



**+ بڕیار کوڕێکی خەمخۆر و دڵسۆزی خەڵك و هاوشارییانی بوو، یاخود ڕۆژی خۆپیشاندانەکە لایەنی سۆز و عاتیفە جووڵاندی و بەشداریی کرد؟**

- بەڵێ، ئەو هەمیشە کوڕێکی خەمخۆر بوو. **بڕیار** سروشتی زۆر لە منداڵەکانی ترم جیاواز بوو، خۆشەویستیی زۆری بۆ سەیدسادق هەبوو، هەمیشە حەزی دەکرد بە باشی باسی سەیدسادق بکرێت و خزمەتی بکرێت. زۆر بەداخ بوو کە سەیدسادق هیچی بۆ دابین ناکرێت و فەرامۆش کراوە. خۆشتان دەزانن داواکارییەکەی **بڕیار** کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگا بوو لە سەیدسادق.

**+ تۆ وەکوو باوکی جوانەمەرگ، چ یادگارییەکی ئەوت لەبیرە کە لات مابێتەوە و لەبیرت نەچێت؟**

- بەڕاستی کە بیر دەکەمەوە، هەموو شتەکانی یادگارین بۆم، هەرگیز لەبیرم ناچێت. هەر کارێکم بەسەردا دەدا، بە جوانی جێبەجێی دەکرد. **بڕیار** لە کارەکانیدا زۆر جیددی بوو، هەروەها خۆشەویستیی زۆری بۆ خوشك و براکانی هەبوو، کوڕێکی یەکجار بەسۆز بوو.

**+ ڕۆژی خۆپیشاندانەکە تۆ دڵت هیچی پێ دەوتیت کە بڕیار شەهید دەبێت؟**

- نەخێر، شتی وام بە خەیاڵدا نەدەهات. ئەو ڕۆژە زۆر بێخەم بووم، شەوەکەی لە ماڵەوە باسی کرد کە سبەی خۆپیشاندان دەکرێت، بەڵام نەمدەزانی شتی وا ڕوو دەدات.

**+ کێ یەکەم جار هەواڵی پێکرانی بڕیاری پێ دایت؟ ئەوکاتە تۆ لەکوێ بوویت؟**

- لەناو بازاڕی سەیدسادق چاوەڕێی دایکی **بڕیارم** دەکرد، تەقەکان کرابوون، کاتێکم زانی بەرهەم بە پرتاو هات و وتی: باوکە کوا سەیارەکە؟ وتم: بۆچی؟ چی بووە؟! وتی: دەڵێن: **بڕیار** بریندار بووە! کە سواری سەیارەکە بووین، کاك دەشتەوانی مەلا نەجیم لەگەڵمان هات. لە ڕێگە خەڵکی زۆر وەستابوون، لای ئاسایش گوێم لێبوو وتیان: کوڕی ئەم کاك حەسەنەیە بریندار بووە! تاکو گەیشتمە نەخۆشخانەکە چوار مەسجم بۆ هات، ئیتر زۆر ترسام وتم: نەماوە، بەڵام بەداخەوە کە چوومە نەخۆشخانە بینیم زۆر تێکچووبوو، ئیتر بەتەمای نەمام.



**+ ئایا بڕیار دێته خەونت؟ لە چی حاڵێکدا دەیبینیت؟**

- بەڵێ، زۆر جار خەونم پێوە بینیوە. جارێك لە خەونمدا بینیم لەبەردەم ماڵەوە سواری تراکتۆرێك بووبوو، زۆر جوان بوو، هەر وەکوو جاران دڵخۆش بوو. وتم: **بڕیار** گیان بۆ کوێ دەچیت؟ وتی: دەڕۆم بۆ (ناوگردان) گوڵ دەڕوێنم.

**+ زیاتر بە بینی کێ بڕیار دێتەوە پێش چاوت؟**

- هاوڕێی زۆر بوو، بەتایبەت کاکە هاروون محەمەد و کاکە **بڕیار** جەمال، کە تا ئێستا هیچکات پێیان لێ نەبڕیوین. هەرکات دەیانبینم، زۆر دڵم پێیان دەکرێتەوە، بەڵام لە لایەکیشەوە زۆر خەمبار دەبم، کە دەیانبینم دێنە ژوورەوە، وا دەزانم ئێستا **بڕیار**یش لەگەڵیان دێتە ژوورەوە، بەڵام بەداخەوە کە وا نییە.



**+ ئەو یادگاری و بیرەوەرییانەی شەهید بڕیار چین کە لەناو خێزانەکەتاندا ماونەتەوە؟**

- گەورەترین یادگاریی **بڕیار** بۆ ماڵەوەمان، ئەو خۆشەویستییە زۆرەی بوو بۆ (شاهان). شاهان برابچووك بوو، لە چوارمانگییەوە **بڕیار** خۆی خزمەتی دەکرد و پەروەردەی دەکرد. یادگارییەکی دیکەی **بڕیار** بۆ ئێمە، ئەو باخەیە کە کاکە **بڕیار** خۆی خزمەتی دەکرد و لە خەمیدا بوو، ئەوە یادگارییەکی زۆر پیرۆزە بۆ خانەوادەی شەهید **بڕیار**. یادگارییەکانی زۆرن، لەباسکردن نایەن.

**+ ئەو کارەساتە کە بڕیاری لێ سەندن، لە بەرانبەردا چیی پێ بەخشین؟**

- کارەساتەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە لە هەر شوێنێك بزانن خانەوادەی شەهید **بڕیارین**، ڕێزێکی زۆرمان لێ دەگرن، خەڵکی زۆر بەداخەوەن بۆ ئەو کارەساتە. **بڕیار** سەربەرزیی بوو بۆ ئێمە و هەموو خەڵکی سەیدسادق.

**+ قسەی تۆ وەکوو باوکی شەهید بڕیار دەربارەی دۆسیەکەی چییە؟**

- برا جوانەکەم، من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەمزانی کە هیچ ناکرێت. تا دەسەڵاتێکی داپەروەر لەم وڵاتەدا نەبێت کە حوکم بکات، هیچ ئومێدێکم نییە. من تەنیا پشتم بە خوای گەورە بەستووە کە حەقی بێتاوانیی کاکە **بڕیارم** بۆ بسەنێت، دڵنیاشم کە هەر حەقمان بۆ دەسەنێت.

**+ بەڵێنی زۆرتان پێ درا و جێبەجێ نەکرا، چی بە خاوەنی ئەو بەڵێنانە دەڵێیت؟**

- داواکاریی ئێمە تەنیا ئەوە بوو کە بکوژانی کاکە **بڕیار** بدرێن بە دادگا. بەرپرسی باڵا زۆر بەڵێنیان پێ داین کە داڵدەی بکوژەکان نادەن و دەیاندەن بە دادگا، بەڵام

بەداخەوە بەڵێنیان نەبردە سەر، جارێك بە گۆڕینی ماددەکە و جارێ بە گۆڕانکاری لە دۆسیە و جارێکیش بە بیانووی ئەوەی بکوژەکان لە کاتی ئەرك و بەرپرسیارێتیدا بوون و جارێکیش بە پشتیوانیی حزب و دواتریش بە کوتلەبازی. خۆتان دەزانن بەڵێنی سەرۆکی حکومەت چی بوو بۆ خەڵکی سەیدسادق و بنەماڵەی شەهید **بڕیار**، کە ئەویش هەر بەڵێن بوون و هیچی تر.

**+ هاوسۆزی و خۆشەویستیی خەڵك بۆ ئێوە و کەمتەرخەمی کە دەرحەقتان کرابێت، چییە؟ قسەی دڵی خۆتان بڵێ.**

- لە یەکەم ڕۆژەوە خەڵکی سەیدسادق زۆر بەسۆز بوون لەگەڵمان و زۆر لەگەڵ خەمە گەورەکەی ئێمەدا بوون، بەدەمەوەبوونیان ئارامیی زۆری پێ بەخشین، ئینشائەڵڵا جارێکی تر خەڵکی سەیدسادق تووشی کارەساتی وا جەرگبڕ نابنەوە، چاوی یەکە بە یەکەی گەورە و بچووکیان ماچ دەکەم و خوای گەروە پاداشتیان بداتەوە.

بەڵام ئەوەی گرێی دڵی ئێمەیە، زۆر لە کۆڕ و کۆمەڵدا دەبیستین کە دەوترێت من لەوێدا بووم کە فیشەکەکەی بەرکەوت، یان دەوترێت چاوم لێی بوو کە فیشەکەکە لێی دا، یان لە تەنیشتی منەوە بوو کە بریندار کرا، یاخود تۆزێك لەولای منەوە **بڕیار** شەهید کرا، یان دەوترێت بە یەکەوە بووین کە پێکرا. کەچی بەداخەوە ئەوە دوو ساڵە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێك ویژدانی نەجووڵا و بێتە دادگا و شاهیدییەك بۆ ئێمە بدات، تا بکوژانی کاکە **بڕیار** ئاوا دەرباز نەبن.

یاخود ڕۆشنبیران و گەنجان پشتیوانیی ئەم بنەماڵەیە بکەن و بپرسن خوێن و کەیسی شەهید **بڕیار** چی بەسەر هات، یان هیچ نەبێت بۆ پشتیوانیی ئێمە بڕۆنە بەردەمی

دادگا و فشار دروست بکەن و ڕێگە نەدەن ئەو بڕیارە نارەوایانە دەرحەق بە کەیسی شەهید **بڕیار** دەربکرێت.

## + ئایا دەتوانین بڵێین بنەماڵەی شەهید بڕیار دۆخی ڕۆحی و دەروونییان ئارام بووەتەوە؟

- شەهیدکردنی کاکە **بڕیار** زۆر گەورەبوو لەسەر دڵمان، خەمێکی قووڵی بەجێهێشت و کاریگەریی زۆری لەسەرمان هەیە، کە هیچ دڵمان بەم دنیایە خۆش نییە، بەتایبەت من وەکوو باوك، منداڵەکانم زۆر بێتاقەتن، خێزانم هەر خوای گەورە خۆی یارمەتیی دەدات. زۆرجار بیر دەکەمەوە و دەڵێم: خۆزگە **بڕیار** بە شتێکی تر بڕۆشتایە بە کوشتن نەبوایە. بەڵێ، ئێمە ڕۆژێ دەروونمان ئاسوودە دەبێت کە بکوژانی کاکە **بڕیار** سزای خۆیان وەربگرن.

## + دوا قسە و دروشمی ئێوە؟

- داوای ئێمە وەکوو بنەماڵە ئەوەیە، کاری جیددی بکرێت لەسەر دۆسیەی شەهید **بڕیار**، لەسەر داواکاریی خۆپیشاندەران. داواکاریی خەڵکی سەیدسادق پشتگوێ نەخرێ، تاکو کارەساتی جەرگبڕی هاوشێوەی کاکە **بڕیار** دووبارە نەبێتەوە.

داواکارم لەسەرجەم چەکدارانی حیزب، بە چاوی هاونیشتمانی سەیری گەنجانی ئەم وڵاتە بکەن، هەرکات داواکاریی نارەوا و تەقەکردن لە هاووڵاتیانتان لێ دەکەن، جارێکی تر لوولەی تەفەنگ ڕوو مەکەنە ڕۆڵەی ئەم وڵاتە، چونکە داواکاریی خۆپیشاندەران داخوازییەکانی ئێوە و کەسوکاری ئێوە و منداڵەکانتانە.

# بەرهەم حەسەن: دەتوانم بڵێم بڕیار سەیدسادقی لە من خۆشتر دەویست

✍ گفتوگۆ:سەڵاح سالار

ڕۆژی ٢٠١٤/١/٢ کە سەرەتای ساڵی نوێی زاینی بوو، جەماوەری شاری سەیدسادق خۆپیشاندانێکی مەدەنییانە و زۆر هێدییانەیان ئەنجام دا. ئەو خۆپیشاندانە درێژکراوەی چەند خۆپیشاندانێکی دیکەی سەیدسادق بوو، کە بەر لە ١٧ی شوبات ئەنجامیان دا و ئەوکاتیش حکومەت بە لێدان و گرتنی چالاکوانەکان وەڵامی دایەوە.

خۆپیشاندانی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بۆ داواکردنی خزمەتگوزاریو ئاوەدانی بوو بۆ شاری سەیدسادق و لەو پێناوەدا سەیدسادقییەکان خۆپیشاندانێکی مەدەنییانەیان ئەنجام دا، بەڵام حکومەت بە هێزی چەکداری زۆرەوە هاتە سەریان و تەقەی کرد لە هاووڵاتیان و لە ئەنجامدا بڕیار حەسەن شەهید کرا.

لەم دیمانەیەدا بەرهەم حەسەن برا گەورەی شەهید بڕیار و ئامینە عەبدوڵڵا دایکی شەهید بڕیار، هەندێك بیروەریی شەهید دەگێڕنەوە و قسەش لەسەر دۆسێکەی دەکەن.

+ **سەڵاح سالار:** دەمەوێت سەرەتای گفتوگۆکە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی منداڵی و سەردەمی قوتابخانەی سەرەتاییتان. تۆ ئەو سەردەمەت لەگەڵ شەهید بڕیار چۆن گوزەراند؟



- **بەرهەم حەسەن:** چونکە جیاوازیی تەمەنم لەگەڵ بڕیار کەمترە لە ساڵێك، بیرەوەریی زۆرمان پێکەوە هەیە. لەبەر ئەوەی باوکم تاقانەیە و مامی ئەسڵییم نییە و پوورەکانیشم دوور بوون لێمانەوە, هەروەها دایکیشم کچی گەورەی باوکی بووە، بەو حوکمە ئێمە جۆرێك لە تەنیاییمان پێوە دیار بوو. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە من کەمتر لە ساڵێك لەو گەورەتر بووم، هەمیشە پێکەوە بووین و پێکەوە یاریمان دەکرد. لە قوتابخانەش من تەمبەڵ بووم و ئەو زیرەك بوو، من ساڵێك کەوتم و بڕیار پێم گەیشتەوە، ئیتر تا پۆلی یەکەمی ناوەندی پێکەوە بووین. لە یەکەمی ناوەندی من دەرنەچووم ئەو چووە پۆلی دوو. من ساڵێکی تریش دەرنەچووم, ئەو گەیشتە قۆناغی سێیەمی ناوەندی. ئیتر بەوهۆیەوە ئەو پێش من کەوت لە خوێندنەکەیدا و من دوای ئەو خوێندنم تەواو کرد.

لەکاتی قوتابخانە من خەمی خوێندنم نەدەخوارد ئەو خەمی منیشی دەخوارد, من دەرنەدەچووم و گوێشم پێ نەدەدا، کەچی ئەو لەگەڵ ئەوەی دەرچوو بوو، بە گریانەوە دەهاتەوە. دایکم و باوکم لێیان دەپرسی بۆچی دەگریت؟ دەیوت بەهەرم دەرنەچووە. دەیانوت ئەو خۆی گوێی پێنادات تۆ بۆچی دەگریت؟ دەیوت من پێمناخۆشە.

لەبەر ئەوەی بڕیار کەمێك تووڕە بوو، کەمتر قسەم لە قسەیدا دەکرد، هەمیشە وەکوو هاوڕێیەکی خۆشەویست, برایەکی گوێگر, برایەکی ئیش جوان بوو. دەتوانم بڵێم لەو دوو برایانە بووین کە نێوانیان زۆر خۆش بوو.



+ **سەڵاح سالار:** ئەو کاتانەی بڕیار بۆ خوێندن ڕۆیشت بۆ سلێمانی و لەوێ دەمایەوە، پەیوەندییتان چۆن بوو؟

- **بەرهەم حەسەن:** ئەوکاتەی ئەو لە سلێمانی دەیخوێند، منیش لە هەڵەبجە دەمخوێند، زۆر دووربووین و بەهۆی ئەو بۆشاییەی ئەو لە ماڵەوە دروستی کردبوو، من هاتووچۆم دەکرد و سەرقاڵی کار و فرمانی ماڵەوە بووم، بەڵام پەیوەندیی تەلەفۆنیمان زۆر بوو.

+ **سەڵاح سالار:** لە چاوپێکەوتنەکانی ساڵی رابوردوو ئاماژەت بەوە دەدا کە زۆربەی جار ئەو پرس و ڕاکانی ماڵەوەی یەکلایی دەکردەوە، نەك تۆ، ئەوە بۆچی؟

- **بەرهەم حەسەن:** ئەو هەمیشە لە ماڵەوە بوو، بەڵام من ئیش و کارم دەکرد و دەجووڵام، بۆیە مێشکم ماندوو بوو، بەڵام ئەو مێشکی ساف بوو، لەبەر ئەوە قسەی ماڵەوە قسەی ئەو بوو. لە ماڵەوە بڕیار لای بڕیار بوو.

+ **سەڵاح سالار:** دوای تەواوکردنی خوێندن، بڕیار زیاتر بە چییەوە سەرقاڵ بوو؟

- **بەرهەم حەسەن:** ئەو کارێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە دوو بواردا جارجار کاری دەکرد، یەکەم: دەهات بۆ لای من بۆ دوکانی نووسینگەکەمان، لەوێ هاوکاریی منی دەکرد. ئێمە نووسینەگەی خانوو و زەویوزار فرۆشتنمان هەبوو. دووەم: ئێمە باخ و کاری کشتوکاڵیش دەکەین, بڕیار لە کاری باخ و کشتوکاڵدا یارمەتیی باوکمی دەدا و کاری جوان بوو. ئەو بۆشاییەی ئەو بەجێی هێشتووە، نە بە باوکم و نە بە من و نە بە هەڵشۆی برایشم، پڕنابێتەوە. هەموو جار بۆ خۆشی پێمدەوت من قائیدم تۆش قواتیت، کە قائید بڕیاری دەرکرد، دەبێت قوات جێبەجێی بکات. بەڵام بەداخەوە بۆ حاڵی ئێستامان.

+ **سەڵاح سالار:** قۆناغی منداڵییمان باس کرد، ئەی لە تافی لاویی و ئەوکاتەی هەردووکتان گەورەبووبوون، پەیوەندییەکانتان چۆن بوو؟

- **بەرهەم حەسەن:** نێوانی من و ئەو زیاتر وەك هاوڕێ بوو تا وەك برا. من هیچکات وەك براگەورە ڕەفتارم لەگەڵ ئەو نەدەکرد، بە پێچەوانەوە من حەزەرەم لەو دەکرد، چونکە ئەو هەم تووڕە بوو، هەم زۆر عاتفی بوو، درەنگ بڕیاری دەدا، بەڵام بڕیار بڕیاری خۆی بوو. ئیتر لەم ساڵانەی دواییدا خەڵك دەیانوت ئەو لە تۆ گەورەترە، چونکە ڕووخساری ئەو کەمێك ئەسمەر بوو، گەورەتر لە من دەردەکەوت. هەروەها بەوپێیەی ئەو بەر لە من هەوڵی دا پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات و ماڵێك بۆخۆی پێکەوە بنێت، بەڵام بەداخەوە کە فریای ئەوە نەکەوت, بۆیە ئەو وەك براگەورەی من دەردەکەوت.

+ **سەڵاح سالار:** با بچینەکاتی خۆپیشاندانەکان، کاتێك خۆپیشاندان سازدرا ئێوە باری ئابووریتان تا ڕادەیەك باش بوو، پاڵنەری بەشداریکردنتان لە خۆپیشاندنەکەی سەیدسادق چی بوو؟

- **بەرهەم حەسەن:** زۆر کەسی تر ئەم پرسیارەیان لێکردووین، وەڵامی ئێمە بۆ بەڕێزتان و ئەو بەڕێزانەی تریش ئەوەیە، باشبوونی باری دارایی پەیوەندیی بەوەوە نییە کە تۆ شارەکەت بێخزمەت بێت و دانیشیت، هەندێك ئامانج هەیە ئامانجی گشتییە و جیایە لە تاکەکەس. ڕۆیشتنی من و بڕیار و هاوڕێکانیشی، دوور بوو لە بەرژەوەندیی تاکەکەسییەوە، دەنا ئەو کارەی بڕیار دەیکرد، بژێویی ماڵێکی خێزاندار دابین دەکات، نەك کەسێکی سەڵتیش. من لە زمانی بڕیارەوە زانیم خۆپیشاندان دەکرێت، هەرچەندە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بینیبووم کە خۆپیشاندان دەکرێت بۆ دابینکردنی

خزمەتگوزاری و ڕامالینی بەرپرسە گەندەڵەکانی شارەکەمان، بەڵام ئەو زانیارییەی بڕیار دەربارەی خۆپیشاندانەکە دەیزانی، جیاواز بوو لە من، بۆیە بۆچوونم وایە کە ئەو یەکێك بووە لەوانەی ئاگاداری ئامادەسازییەکەی بوو. ڕاستییەکەی خەمی بڕیار بۆ سەیدسادق لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، دەتوانم بڵێم خۆشەویستیی بڕیار بۆ شارەکەی خۆی واتە بۆ سەیدسادق، لە خۆشەویستیی ئەو بۆ من زیاتر بوو.

+ **سەڵاح سالار:** ئێوە پێکەوە ڕۆیشتن بۆ خۆپیشاندان؟

- **بەرهەم حەسەن:** شەو بڕیارمان وابوو بەیانی پێکەوە بڕۆین بۆ خۆپیشاندانەکە، بەڵام ئەو بەیانی زوو پێش من ڕۆیشتبوو. کاتێك من ڕۆیشتم، خۆپیشاندان گەیشتبووە دەروازەی ئەوسەری شار، گەیشتبووە بەرانبەر ناوچەی پیشەسازی. لەوێ بینیم و پێم وت بڕیار ئەوەندە خۆت دەرمەخە، چونکە کاکەم پێی خۆش نییە خۆت دەربخەیت (ئێمە هەموومان جگە لە شاهانی برابچووکمان، بە باوکمان دەڵێین کاکە) بەڵام ئەو وتی: ئەوەی لە مێشکمدایە ئەوە دەکەم. بە مۆبایلەکەم وێنەیەکم گرت، لەسەر دارێك دانیشتووە لە ناوەڕاستی جادەکە و قاچی خستووەتە سەر قاچ. تا ئەوکاتەی خۆپیشاندانەکە بارگرژیی بە خۆیەوە بینی و بوو بە شەڕە بەرد و پۆلیس دەستێوەردانی کرد، من لەوێ بووم، ئیتر من ڕۆیشتمەوە و بڕیار نەهاتبووەوە. دوایی ڕۆیشتبوو بۆ ماڵی پوورێم و لەگەڵ مامە عومەرم هاتبوونەوە بۆ ماڵەوە وتبوویان نان بخۆ، وتبووی ناخۆم دەڕۆمەوە لە ماڵەوە نان دەخۆم و خۆم دەشۆم. کە هاتنەوە نانی نەخوارد، وتم بۆ نان ناخۆیت؟ وتی: خۆپیشاندان هەبێت من نان ناخۆم. مامم وتی: بڕیار تۆ وتت خۆم دەشۆم. وتی: ئێوارە بە یەکجاریی خۆم دەشۆم.

+ **سەڵاح سالار:** ببوورە کاك بەرهەم، هەست ناکەیت ئەو قسەیەی شەهید بڕیار

پەیامی مەرگی خۆی بووبێت؟

- **بەرهەم حەسەن:** پەیامێك بوو بە گوێی ئێمەیدا دا، بەڵام مرۆڤ هەمیشە دوای ڕووداوەکان لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکات. ئەگینا بڕیار هەرگیز بەو شێوەیە ماچومۆچی لەگەڵ شنیار و ئارێزی خوشکم نەکردبوو، هەمیشە عەودالّی دایکم بوو، بەڵام بە شێوەی ئەو ڕۆژە نەبوو. باوك و دایکمان ئەو رۆژە لەماڵ نەبوون، چووبوون بۆ پرسە. مەبەستەکەی من ئەوەیە، ئەو ئێوارەیە بڕیار بۆ یەکجاریی خۆی شۆری.

بچینەوە سەر قسەکانی پێشوو، پێکەوە ڕۆیشتینەوە بۆ بازاڕ، گەیشتینە لای کارگەی سەهۆڵەکە، پێم وت دوو کارم هەیە کامەیان دەکەیت؟ دەچیت بۆ دووکان، دووکانەکە چاك بکەیت؟ یان دەچیت بۆ شەقامی پێنجوێن بۆ لای فڵانکەس؟ وتی: دەچم دووکان چاك دەکەم. مامیشم وتی: بازاڕ زۆر قەرەباڵغە من سەیارەکە دەبەمەوە بۆ لای ماڵەوە. سێ جار دووبارەم کردەوە و وتم: بڕیار بە تەنیا نەچیت بۆ خۆپیشاندانەکە، چاوەڕێم بکە تا دێمەوە بە یەکەوە دەڕۆین، ئاوڕی دایەوە و وتی: مرۆڤ یەکجار دەمرێت، خۆ من جارێ نەمردووم تۆ ئەوەندە دەترسیت. من دە خولەکم پێچوو و ڕۆیشتمەوە بۆ لای دووکان، لەوێ نەبوو, بە دراوسێ دووکانەکەمانم وت: کاك کەریم ئەوە بڕیار لەکوێیە؟ وتی: ڕۆیشت و بە منی وت ئاگات لە دووکان بێت تا بەرهەم دێتەوە. پاش پێنج خولەکێك، دوو سێ تەلەفۆنم بۆ کرا، دەیان وت ئەوە بڕیار لە کوێیە؟ مۆبایلەکەی داخراوە، چیی لەبەردایە؟ یەکێك لە تەلەفۆنەکان خاڵم بوو، یەکێکی تر لە تەلەفۆنەکان هاوڕێیەکم بوو، وتی: بڕیار بریندارە! لەم قسانەدا بووین باوکم بەرەو ڕووم هات بە ڕاکردن، پەڕیمەوە ئەوبەری جادەکە بۆ لای باوکم و وتم: سەیارەکە لەکوێیە؟ وتی: ئەوەتا لەوێدایە. وتم: بڕیار بریندارە. یەکسەر باوکم وتی:

بەخوا دەمرێت! وتم: کاکە بۆ وادەڵێیت؟ وتی: دڵم خەبەری پێداوم بڕیار دەمرێت, لەکاتێکدا نەشی دەزانی برینەکەی چۆنە. لە سەیارەکەدا بووین دایکم تەلەفۆنی کرد و وتی: لە فڵان شوێنم وەرە بەدوامدا. باوکم وتی: کوڕە ماڵمان وێران بوو جەرگمان سووتا. دایکم وتی: بۆچی وادەڵێیت چی بووە؟ وتی: بڕیار کوژراوە. وتم: کاکە بۆ وادەڵێیت؟ ئیتر منیش زۆر شپرزە بووم، کاك دەشتەوانی مەلا نەجیم هات و بە پەلە ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانە، بینیمان بڕیار فیشەکێك بەر سەری کەوتووە و تیماری دەکەن. ئیتر ئەمە بە دەم خۆشە، دەنا قیامەتێکە بۆخۆی. ئەگەر کەس بە خەم بمردبا، دەبوو بە بینینی بڕیار لەو نەخۆشخانەیە، من بمردبام. کوڕێکی ئاوا گەنج و جوان، چەند خولەکێك لەوەوپێش بەجێتهێشتبێت و بەپێی خۆی بڕوات، ئێستاش لەناو ئەمبوولانسێکدا هیچ جووڵەی نەبێت و بیبەیت بۆ نەخۆشخانە و پاش دوو سەعات بە هەمان ئەمبوولانس جەستەیەکی سارد و سڕ لەگەڵ خۆت بهێنیتەوە!



+ **سەڵاح سالار:** کاك بەرهەم تۆ و بڕیار یەکی قەمەسەڵە و بلووزێکی زۆر زەقتان لەبەردا بوو، تۆ زەرد و ئەویش سەوز، ئەوە چۆن بوو ئەو دوو بەرگە زەقەتان لەبەر کرد، هەڵکەوت بوو یان لەسەری ڕێکەوتبوون؟

- **بەرهەم حەسەن:** ئەو بلووزە سەوزەی ئەو لەبەریدایە، منیش هەمان بلووز و زەردەکەیم هەیە و تا ئێستاش ماومە. من لە تاران ئەو دوو بلووزەم بە دیاری هێنابووەوە. شەو بڕیار وتی: من سەوزەکە لەبەر دەکەم و تۆش زەردەکە لەبەر بکە، با بڵێین خۆپیشاندانەکە هەم و ڕەنگ و دەنگێکی تێدایە. منیش وتم: کاکەم پێی ناخۆشە بۆ شوێنی ئاوا شتی زەق لەبەر بکەین. وتی: تۆ دەترسیت بۆیە لەبەری ناکەیت. بەڵام قەمسەڵەکەشم هەمان ڕەنگی زەرد و دیار بوو.

+ **سەڵاح سالار:** هەڵوێست و پەیامی بڕیار کە بیستبێتتانەوە لە زاری هاوڕێکانییەوە، شتێکی گرنگ هەیە ئێستا لە یادت بێت؟

- **بەرهەم حەسەن:** ڕۆژی خۆپیشاندانەکە بە پوورێمی وتبوو: ئەمڕۆ کارێکمان کرد، تا سەد ساڵی تر سەیدسادق باسی بکرێتەوە. ئەو ئاواتی بوو سەیدسادق پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام بەداخەوە ئەو خۆی شتەکان نابینێت. ئەو ئاواتی بوو بەرپرسە گەندەڵەکان شاربەدەر بکرێن. کاك ئەحمەد پیاوێکە لە ماڵی خۆی گێڕایەوە و وتی: ڕۆژێك بڕیار لەگەڵ دوو هاوڕێیدا هاتبوون بۆ قائیمقامیەت، بە قائیمقامی وتبوو: من دەتوانم تۆ لە سەیدسادق دەربکەم، بەڵام تۆ ناتوانیت من دەربکەیت. کە ڕۆیشتن وتم ئەوە کێیە؟ وتیان کوڕی کاك حەسەنی ناوگردانە. جا ئەوە بوو بڕیار بە خوێنی خۆی قائیمقامی دەرپەڕاند.

+ **سەڵاح سالار:** با بێینە سەر دۆسێی شەهید بڕیار، بە کوێ گەیشت و چارەنووسی چی بوو؟

- **بەرهەم حەسەن:** پێم خۆش نییە ئەوەندە دابەزمە سەر سەرۆکی حکومەت، هەرچەندە هەرچی بڵێم حەقی خۆیەتی، چونکە بە شەهید نەناساندنی بڕیار، نە پەیوەندیی بە شەڕی داعشەوە هەیە و نە بە قەیرانی داراییەوە. نەناساندنی بە شەهید، داننەنانە بە خواست و داواکانی شەهید بڕیار و هاوڕێکانیدا. ئەوە دۆسێکەیەتی لە دادگا کەوتووە, بکوژەکانی لە من مورتاحتر دەسووڕێنەوە و ئەوانەی فەرمانی تەقەکردنیان لە خەڵك دەرکرد، ئێستا ژەنەراڵی بەردەم کامێرای کەناڵەکانن. ئەوەی حکومەت لەگەڵ ئێمە کردی، کوڕەکەمانی کوشت، دواتر بە شەهیدیش نەیانناساند، ئەمە کوشتنێکی تر و دواییش بکوژەکانیشان ئازاد کرد، ئەوەش کوشتنێکی تر بوو.

+ **سەڵاح سالار:** ئەو بنەمایانە چین کە ئێوە کەسی پێ تۆمەتبار دەکەن بە شەهید کردنی بڕیار و دۆسێتان بۆ کردوونەتەوە لە دادگا؟

- **بەرهەم حەسەن:** ئەوەی لای بنەماڵەی ئێمە تۆمەتبارە، بەرپرسانی وەحدەی ئیدارییە و بەرپرسی ئەو هێزانەن. بەڵام ئەوە دادگایە دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە کێ فەرمانی تەقەکردنی بە تەقەکەرەکان دەرکرد، چونکە تەقەکەر و فەرماندەری تەقەکردن، وەك یەك تاوانبارن. چوار کەس بەو تۆمەتە دەستگیر کران و بە مادەی ٤٠٦، ماوەیەك زیندانی بوون و دوایی مادەکەیان لە ٤٠٦ەوە گۆڕدرا بۆ ٤٠٥ و بە کەفالەتی پێنج ملیۆن دینار ئازاد کران.

+ **سەڵاح سالار:** دۆسێکەی دانەخراوە؟

- **بەرهەم حەسەن:** تا ئێمە بمێنین، دۆسێی بڕیار بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دایناخەین. ئەگەر لەم حکومەتەش نەبێت، لە حکومەتێکی دیکە، لە یاسای دنیاییش نەبێت، لە قیامەت لە یاسای خودایی چاوەڕێ دەکەین سزای تاونبارەکان بدرێت و پاداشتی دایك و باوکمان بدرێتەوە.

+ **سەڵاح سالار:** بچینە سەر پەیوەندییەکانی شاهانی برابچووکتان لەگەڵ بڕیار، دەکرێت هەندێك تیشکی بەخیتە سەر کە بۆچی پەیوەندیی ڕۆحیی لەگەڵ ئەو زیاتر بوو تا ئێوە؟

- **بەرهەم حەسەن:** وەك سەرەتا باسم کرد، بڕیار زۆر لە من عاتفیتر بوو، بە تایبەتی لەگەڵ شاهان. ئەو بۆ شاهان ڕۆڵی دایك و باك و خوشك و برای دەبینی، وەك دایك شاهانی بە منداڵی پاك دەکردەوە و دەیگۆڕی و لە حەمام دەیشۆری، وەك دایك لە لای خۆی دەیخەواند. ئەگەر سەیری ئەو وێنانە بکەن، دەبینن چۆن چۆن شاهان لەسەر پشت و شان و باڵی بڕیار دەخەوت، خۆشەویستیی نێوان بڕیار و شاهان، وەك خۆشەویستیی دایك و کوڕ وابوو، نەك وەك دوو برا. لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ داخلی، کە لە داخلی دەهاتەوە بەقەدەر هەمووومان بیری شاهانی دەکرد.

+ **سەڵاح سالار:** ئەی پاش شەهیدبوونی چی؟

- **بەرهەم حەسەن:** تا ئێستاش بڕوا ناکات مردبێت و نایەوێت ئەو باسە بکات و بە باسکردنیشی زۆر بێتاقەت دەبێت. هەرکاتیش دەچێت بۆ سەر گۆڕەکەی، مانگێك زیاتر بێتاقەتیی پێوە دیار دەبێت. تەنانەت کاتی سەرچاککردنی دێت دەڵێت لەگەڵ کاکە بڕیار نەبێت چاکی ناکەم، ئیتر دەبێت بە کڕینی ئایپاد و دەمانچەی ئاو و لەعابەی

منداڵان قایلی بکەین. ئەو ڕۆژە لەسەر گۆڕەکەی بە چنگ یاریی بە خۆڵی سەر گۆڕە دەکرد، دەیوت من ختووکەی کاکە بڕیار دەدەم، ئێستا ئەو لە ناوەوە پێدەکەنێت و چاوی لە منە، نایەوێت قەناعەت بە خۆی بکات کە ئەو مردووە. ڕاستە شاهان منداڵە، بەڵام لە ماڵەوە دڵخۆشیکەرێکی تەواوی دایك و باوکمە، بە تایبەت دایکم، جاری وا هەیە دەڵێت: دایە مەگری بەخوا من جێگەی کاکە بڕیارت بۆ دەگرمەوە، ئیتر بۆ دەگریت، ئەوە نییە من هەم.

**+ سەڵاح سالار:** کاتی خۆی هۆکار چیبوو کە ئەو منداڵەتان ناونا بڕیار؟

**- ئامینە عەبدوڵڵا، دایکی شەهد بڕیار:** هۆکاری خۆشیی ناوی بڕیار لای ئێمە، ئەوەبوو لەگەڵ برا گەورەکەی (بەرهەم) ڕێکدەکەوت.

**+ سەڵاح سالار:** بیرەوەرییەکی خۆشت لەگەڵ بڕیار چییە؟

**- دایکی شەهید بڕیار:** بیرەوەریی خۆشم لەگەڵ بڕیار ئەوەیە، هەرکات لە سەفەر بهاتایەتەوە و من بموتایە نەخۆشم، ئەو دەیوت دایە بەخوا هیچ ڕۆژێك ئەوەندە جوان نەبوویت، هەستە نانێکمان بۆ ئامادە بکە دەڵێی سوورە سێویت.

**+ سەڵاح سالار:** ئەوکاتانەی بڕیار لە داخلی دەمایەوە، پەیوەندی و هەستی تۆ چۆن بوو؟

**- دایکی شەهید بڕیار:** لەبەر ئەوەی کاکە بڕیار یەکەم منداڵم بوو کە لێم دووربکەوێتەوە، بەڕاستی نەمدەزانی چۆن شتەکانی بۆ ئامادە بکەم. دوای یەکەمجار ڕۆیشتنی و هاتنەوەی، کە چاوم پێی کەوتەوە، هیچکات ئەو دیمەنەم لەبەرچاو ون نابێت. شەوانەش بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکردم، ئەگەر نەیزانیبا خواردنێك دروست

بکات، تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیپرسی: دایە ئەو خواردنە چۆن دروست دەکرێت؟

+ **سەڵاح سالار:** ڕۆژی خۆپیشاندانەکە دڵت هیچ خەبەرێکی پێدایت کە بڕیار شەهید دەکرێت و نایبینیتەوە؟

- **دایکی شەهید بڕیار:** وەکو دایکێك هەمیشە کە یەکێك لە منداڵەکانم دەچوون بۆ شوێنێك، ئەگەر زۆر جێگەیەکی ئاسایشیش بوایە، خەمم هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق ٢٠١٤/١/٢ جیاواز لە هەموو ڕۆژەکانی تر، بە دڵێکی زۆر بێ خەمەوە ڕەفتارم کرد، تەنانەت بچووکترین خورپەشم بە دڵدا نەهات، ئەو بێ خەمییەش بەردەوام ئازارم دەدا.

+ **سەڵاح سالار:** هیچ کات خەون بە شەهید بڕیارەوە دەبینیت؟ یاخود کەسی دیکە خەونی پێوە بینیوە و بۆ تۆی باس کردبێت؟

- **دایکی شەهید بڕیار:** بەهۆی گریانی زۆر و بەردەوامم و کەم خەوییەوە، زۆر بە کەمی خەونم پێوە بینیوە، ئەو خەونانەش کە بینیومە زۆر ڕوون نەبوون. بەڵام نزیکەی حەوت مانگ دوای شەهدبوونی بڕیار، بەیانییەکی زوو من لە حەوشەکەماندا دانیشتبووم و دەگریام، ئافرەتێکی سەیدسادقی کە هەرگیز نەمبینیبوو، هات بۆ ماڵمان و وتی: ئەمە ماڵی شەهید بڕیارە؟ وتم: بەڵێ. وتی: تەنیا بۆ ئەوە هاتووم کە خەونم بە شەهید بڕیارەوە بینیوە، بۆت بگێڕمەوە.

وتی: لە خەونمدا گەنجێکی جوانم بینی بەرگێکی سپیی پۆشیبوو، بەرماڵێکی بەسەر شانەوەبوو. وتی: من بڕیارم، جێگەکەم زۆر خۆشە، بەڵام گریانی هەمیشەیی و بەردەوامی دایکم ناهێڵێت پشوو بدەم.

# بڕیار پێش کوژرانی: دەبێت سەیدسادق ببێتە پارچەیەك لە بەهەشت

✍️ ئامادەکردنی: دیاری خالید

(لە تەنیشت شۆستە قوڕاوییەکانەوە دانیشتبوو، سیمای ماندوو و ئارەقاویی دیار بوو. هەر لەگەڵ چوونە پێشەوەی لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا، فیشەکێك بەر سەری کەوت و لەوێدا کەوت). ئەمە دوایین ساتەکانی ژیانی بڕیار حەسەن بوو لە زاری هاوڕێیەکیەوە.

ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی سەیدسادق چەند بریندارێك و کوژراوێکی لێ کەوتەوە بە ناوی بڕیار حەسەن، کە دانیشتووی گەڕەکی (حەسار)ی شارۆچکەی سەیدسادق بوو، وەکوو یەکەم قوربانیی خۆپیشاندانەکە لەقەڵەم درا.

یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی بڕیار حەسەن کە ئەویش هەر ناوی بڕیارە، باس لە هاوڕێیەتیی خۆی دەکات لەگەڵیدا، کە ماوەی ١٦ ساڵە پەیوەندییەکی بەردەوام و بێ پچڕان لەنێوانیاندا هەبووە. لە دواساتی خۆپیشاندانەکان و کاتژمێر ٣ی ئێوارە، کۆتا قسەی بڕیار حەسەن بۆ هاوڕێکەی ئەوە بوو: "هۆشت بە خۆتەوە بێت، گوللەیەك بەر سەرت دەکەویت"، بەڵام ئەم ترس و پێشبینییە دواجار خۆی گرتەوە و فیشەکێك بەر سەری خۆی کەوت و گیانی لەدەست دا .




## بڕیار خۆپیشاندەر بوو

بڕیاری تەمەن ٢٥ ساڵ، دەرچووی پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەر بوو لە سلێمانی، کە ماوەی دوو ساڵ بوو خوێندنی تەواو کردبوو و دانەمەزرابوو. ئەو ئەندامی خێزانێکی هەشت کەسی بوو کە پێکهاتبوون لە چوار برا و دوو خوشك و دایك و باوکی. بڕیار منداڵی دووەمی خێزانەکەی بوو. بەرهەم حەسەن، برای بڕیار حەسەن، لە دوای کۆچی دوایی براکەی، دەڵێت "ڕاستە بڕیار بە تەمەن لە من بچووکتر بوو، بەڵام زۆر کەس پێی دەوتم: ئەو براگەورەی تۆیە، چونکە زیاتر پەیوەندیی لە ماڵەوە باشتر بوو و زۆر شت هەبوو ئەو یەکلایی دەکردەوە".

براکەی بڕیار ئاماژە بەوە دەکات کە بڕیار خۆپیشاندەر بووە و لەپێناو شارەکەی خۆی بەخت کرد، نەك ئەوەی کە بە ڕێکەوت بەوێدا تێپەڕ بووبێت، بەڵام ئەوەش دەڵێت کە پەیوەندیان بەهیچ حیزب و لایەنێکەوە نییە.

## بڕیار دوای مردنی بڕیار، ناوی خۆی دەگۆڕێت

بڕیار جەمال، هاوڕێی بڕیار حەسەن، باسی لەوە کرد بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندووتۆڵەی لەگەڵ بڕیار هەیبوو، بەردەوام سەردانی ماڵی یەکتریان دەکرد و لە خەمی یەکتریدا بوون. ئەو کاتانەی بڕیار لە ماڵەوە نەبووە، چووتە لای دایکی و پێی وتووە: "وەرە دانیشە، بڕیار لە ماڵەوە نییە و دڵم بە تۆ دەکرێتەوە". بۆیە بڕیار نایەوێت چیتر خەڵکی بە بڕیار بانگی بکات و دەڵێت "دوو بڕیار بووین، بڕیاردانمان بە یەکەوە بوو، تەنانەت زۆر شتمان بە ناوی یەکترەوە دەکرد و دایکی دەیوت: بڕیارەکانم. بۆیە نامەوێت زیاتر زامی خۆم و دایکی بکولێنمەوە، وا باشە ناوەکەم بگۆڕم".



## خۆشەویستی هەبوو

برای قوربانییەکەی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق باس لە ژیانی خۆشەویستیی براکەی دەکات لەگەڵ کچێك کە لە پەیمانگا خۆشی ویستووە و تا مردنی پەیوەندییان هەبووە، بەڵام ڕێگریی لێ دەکرا و دواجار بەیەك نەگەیشتن. بەرهەم لەوبارەیەوە دەڵێت "مۆڵەتی لە من وەرگرت و بە باوکمی وت: ژن دەهێنم و کچێکم خۆش دەوێت. باوکم زۆری پێ خۆشبوو، بەڵام نە خێزانی کچەکە ڕازی بوون، نە مەرگ ڕێگەی دا بەو ئاواتەی بگات".

بە وتەی کەسە نزیکەکانی، لەگەڵ ئەوەی بڕیار زۆر نهێنیی لای هاوڕێ نزیکەکانی درکاندووە، بەڵام ئامادە نەبووە یەك وشە لەسەر ژیانی ئەو کچە بڵێت کە خۆشی ویستووە، چونکە ترسی هەبووە لەوەی کێشەی بۆ دروست ببێت.



## سەیدسادق دەکەینە بەهەشت

بە وتەی هاوڕێ و خێزانەکەی، بڕیار لەو کاتەوەی بۆ خوێندن چووەتە سلێمانی، چەندین شاری تری کوردستان گەڕاوە و بۆچوونی خەڵکی وەردەگرت، لەمەوە ناڕەزایەتیی دژی بەرپرسانی شارەکەی و نەبوونی خزمەتگوزاری دەردەبڕی.

لە نیوەڕۆی خۆپیشاندانەکەشدا، بڕیار لەگەڵ بەرهەمی برای لە ماڵی پوورێکی نزیك لە شوێنی خۆپیشاندانەکە نانی نیوەڕۆ و دوایین ژەمی دەخوات و دەیەوێت بچێت بۆ خۆپیشاندانەکە، کاتێکیش پووری ئاگاداری کردووەتەوە کە ئاگای لە خۆی بێت، ئەو بەمجۆرە وەڵامی داوەتەوە "هەتا سەیدسادق نەگۆڕین، وازناهێنین. دەبێت دوو مانگی تر ئەم شارە ببێتە پارچەیەك لە بەهەشت". چەند کاتژمێرێك دوای ئەو وتەیەی، بڕیار لە نزیك بینای فەرمانگەکانی سەیدسادق و لەناو خۆپیشاندەراندا، بە فیشەکێك دەپێکرێت و خەڵکی سەیدسادق پێش هاتنەدیی ئەو خەونە، بۆ هەمیشە جێدەهێڵێت.

بڕیار و ئەو کەسانەی خۆپیشاندانیان کرد، داواکاریی سەرەکییان زیاتر خزمەتکردنی شارۆچکەکەیان بوو، ئێستا ئەرکی حکومەت و بەرپرسانی ناوچەکەیە ئەو خەونەی بڕیار و بڕیارەکانی دیکەی سەیدسادق بەدی بهێنن.

**ڕۆژنامەی ئاوێنە - ژمارە (٤١٠) لە ٢٠١٤/١/٧**

## من خەڵکی ناوجەرگەی سەیدسادقم

✍ نەوزاد مەحموود

**بڕیار بەرلەوەی بکوژرێ دەیگوت: کەس ئەم شارە نابینێ**

لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەرانی سەیدسادق، گەنجێك لافیتەیەکی بەدەستەوە گرتبوو، چەند کاتژمێرێك دواتر زۆربەی خۆپیشاندەران لافیتە و داواکارییەکانی دەستیان دانا و ێنەیەکی ئەو گەنجەیان گرت بەدەستەوە. دوای ئەوە بووە یەکەیمن قوربانی ئەو خۆپیشاندانە نارەزایەتییەی کە هێندە داواکاری و داخوازییەکانیان زۆر بوون، نەیاندەزانی کامیان پێشخەن.

بەقسەی ئەوانەی لە نزیکەوە ئەویان دەناسی، بڕیار حەسەن سەرسەختانە سەیدسادقی خۆشدەویست. تەنانەت کاتێك هاوڕێکانی پەیمانگاکەی لە سلێمانی لێیان پرسیوە خەڵکی کوێیت؟ بەردەوام لەوەڵامدا گوتوویەتی (**من خەڵکی ناوجەرگەی سەیدسادقم**)

هێشتا دووکەڵی گازە فرمێکڕێژەکەی پۆلیس و تایە ئاگرتێبەردراوەکان نەڕەویبووەوە، یەکێك لەهاوڕێ خۆپیشاندەرەکانی کە جگە لە چاوەکانی هیچ شوێنێکی دیکەی ڕووخساری لەژێر دەمامکەکەوە دیار نەبوو، جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێ لە پێناو ڕێزگرتن لە خوێنی بڕیار، بەردەوام بن لە خۆپیشاندان (ئەگەر زانکۆیەك بۆ سەیدسادق بکرێتەوە، دەبێ ناوی بنێن زانکۆی بڕیار، چونکە ئەو لەکاتی خۆپیشاندانەکە

دەیگوت: حەیفە سەدان گەنجی ئەم شارە بۆ خوێندن ڕوو لە شار و شارۆچکەکانی دیکە بکەن).

## کەس ئەم شارەی ئێمە نابینێ

شەوی ٢٠١٤/١/١ بڕیار حەسەن لە ماڵی خۆیان بێئاگا لە هەر شتێك، سەرقاڵی لاپتۆپەکەیەتی و بەدوای کۆمێنت و وێنە جوانەکانی هاوڕێکانی فەیسبووکەکەیدا دەگەڕێ، تاوەکو ئەویش لایك و کۆمێنتیان بۆ بنێرێ. بەڵام هەواڵێك بەخێرایی سەرەنجی ڕادەکێشێ کە بانگەوازێکە بۆ خۆپێشاندان (هات و گوتی: با بەیانی بچین بۆ ئەو خۆپێشاندانە)، بەرهەم حەسەن، برای بڕیار وای گوت.

کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی (٢٠١٤/١/٢) بەرهەم و بڕیار دەچنە نێو خۆپیشاندانەکە. سەرەتا گردبونەوەیەکی نارەزایی بوو لەنێو بازاڕەوە بەرەو قائیمقامیەت. بەرهەم دەڵێت: "بڕیار لایەکی ئەو لافیتەی گرت بە دەستەوە کە داواکاریی کردنەوەی زانکۆی لەسەر



بوو، داوای دەکرد یەکێك لە بەرپرسەکانی سەیدسادق بێنە نێوخەڵکەکە و گوێیان لێ بگرن، دەیگوت کەس ئەم شارەی ئێمە نابینێ).

## نانی نیوەڕۆی نەخوارد

کاتژمێر ٢١:٣٠ی ئەو ڕۆژە بەرهەم داوای لە بڕیار کردووە لەگەڵی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەرچەندە ئەو سوور بووە لەسەر ئەوەی لەنێو خۆپیشاندەراندا بن. "گوتم بڕیار ئێستا حاڵی باوکم باش نییە بۆ ئێمە، با بچینەوە، بەڵام کە ڕۆیشتینەوە، بڕیار نەهاتە سەر سفرە و نانی نیوەڕۆی نەخوارد، هەر دڵی لای خۆپیشاندانەکە بوو".

بەپێی گێڕانەوەی براکەی، کاتژمێر ٢:٣٠ خولەك بە بڕیاری گوتووە بچێتە دووکانەکەی خۆیان و هەندێك کاشی و کەرەستەی بۆ بهێنێ، ئیدی ئەوەی کردووەتە هەلێك و خۆی گەیاندووەتەوە نێو خۆپیشاندەران. "پاش کەمێك تەلەفۆنم بۆ کرد وەڵامی نەبوو، کەوتمە گومانەوە و چووم بینیم لە دووکان نەبوو".

تاوەکو چەند چرکەیەك پێش گیانلەدەستدانی، تەنها هاوڕێکانی پەیمانگا و خزمەکانی و دراوسێ دووکانەکانی بڕیاریان دەناسی، بەڵام ئێستا ئەو وردە وردە ناو و وێنەکەی دەپەڕێتەوە نێو پەیجەکان و بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەرانی فەیسبووك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە وێنەی ئەو داپۆشراون. بەرهەم کە هێشتا هەندێك کەس وایاندەزانی هاوڕێی بڕیارە، بەدەنگێکی تەنراو بە نیگەرانی و تێکشکاوەوە داخباری ئەوەبوو کاتێك گەیشتە نەخۆشخانە و لەسەر یەکێك لە قەرەوێڵەکان براکەی بینییەوە، ئەم بە هەموو هێزی هاواری کردووە، "بەڵام نەیدەتوانی لەگەڵ کەس قسە بکات، نەمتوانی هیچ قسەیەکی لەگەڵ بکەم".

فیشەکێك بەر سەری بڕیار کەوتبوو، ئەوانەی بینیویانە دەڵێن دەستبەجێ لەگەڵ بەرکەوتنی گولەکەدا کەوتووە و نەیتوانیوە قسەیەك بکات. خۆپیشاندەران بە تەواوی ورووژان و تورە بوون، بەشێوەیەك كڵپەی سەند کە دۆخەکە تەواو ئاڵۆزکا. دواتر ئەرکان حەسەن، قائمقامی دەستلەکارکێشاوەی سەیدسادق، ڕایگەیاند کە ئەوان گومانیان لە کوژرانی ئەو گەنجە هەیە. بەڵام بەرهەم حەسەن دەڵێت، پەنجەی تۆمەت بۆ هیچ حیزب و لایەنێك درێژ ناکەن "چونکە بۆ خۆمان کێشەمان لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێك نییە".

بڕیار حەسەن ماوەی دوو ساڵ بوو پەیمانگای کۆمپیوتەری سلێمانیی تەواو کردبوو، یەکێك بوو لە گەنجە دانەمەزراوەکان، بەڵام کاتەکانی دەستبەتاڵی خۆی بە یارمەتیدانی باوك و براکەی لە سەرپەرشتیکردنی دووکانەکەیان پڕ دەکردەوە. دانا حەمەئەمین، هاوڕێی پەیمانگا و بەشە نێوخۆیی بڕیار بووە و خەڵکی زەڕایەنە، لە ڕێگەی فەیسبووکەوە و بەپەلە خۆی گەیاندووتە نەخۆشخانە "بەڵام بەداخەوە بە زیندوویی نەمبینییەوە".



بەرهەم، نهێنییەکی ژیانی بڕیاری برای ئاشکرا دەکات و دەڵێت، پەیوەندیی ئەڤینداری لەگەڵ کچێك هەبووە و زۆری خۆش ویستووە، "چەند جارێکیش چووە خوازبێنیی، بەڵام سەری نەگرت. هەموو جارێك بڕیار بە باوکی دەگوت: نەسرەوتن تا سەرکەوتن".

بەرهەم پێیوایە ئێستا براکەی بووەتە سیمبولێك بۆ داخوازییەکانی خەڵکی سەیدسادق، هەرچەندە باسی ئەو ئێشە سەختە دەکات کە لە دڵی باوك و دایکیدایە بۆ لەدەستدانی بڕیار، بەڵام دەڵێت "ئێستا بڕیار کوڕی هەموو سەیدسادقییەکانە، بڕیار سەلماندی چەند سەیدسادقی خۆش دەوێ".

**ڕۆژنامەی ڕوداو ٢٩٢ لە ٦-١-٢٠١٤**

# سەیدسادقییەکان جگە لە شەقام، ئاسۆیەکی تریان نەبوو

✍ ئا: ئەنوەر حەمەغەریب

ئەوانەی کە لەگەڵ خەم و ئازارەکانی خەڵکی ئەم شارەدا دەژین و دەست و پەنجەیان لەگەڵ بێباکیی حکومەتدا نەرم کرد لە هەمبەر ئەم شارەدا، دەزانن گەنجانی شار بۆچی خرۆشان و حکومەتیان بەرد باران کرد.



کارا محەمەد، چالاکوان و یەکێك لە گەنجەکانی شار، پێیوایە خۆپیشاندانی سەیدسادق بە تەواوی ناڕەزایی خەڵك بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەت، ئەو حکومەتەی کە ناوی حکومەتی خەڵکە و هیچی بۆ خەڵك نییە. کارا دەڵێت: "تووڕەبوونی چەندساڵەی خەڵك لەپەراوێزخستنی شارەکەمان و لە هەموو ڕوویەکەوەK واتا هیچ شتێك نەبووە کە بۆ ژیان پێویست بێت و سەیدسادقییەکان لێی بێبەش نەبووبن. گۆزەکە زوو لێی ڕژابوو، بەڵام خەڵك هەرخۆی دەخواردەوە، حکومەت بێگوێ و چاو بوو تا لەبری تووڕەبوون خەڵك بە چاوی دوژمن لە حکومەتیان دەڕوانی، تائێستاش ئەوە هەربەردەوامە. لەم کاتی قەیران و شەڕی نەتەوەییەشدا خەڵك ڕقی لەم حکومەتەیە بەخۆیشمەوە، ئەوە وای کرد لەبری خۆپیشاندان، خەڵك شۆڕشی بەرپا کرد".

کارا باس لە توندووتیژی و ڕەشبگیریی گەنجان دەکات لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە و دەڵێت: "دیکتاتۆرەکان ترسنۆکترینەکانی دونیان، هۆکاری توندووتیژییەکانیش ئەوەبوو کە ئەم ترسنۆکانە بۆ خۆپارێزییان، لە یەکەم ڕۆژدا گەنجێکیان بە ناوی (بڕیار حەسەن) شەهید کرد. ئەو گەنجێکی سادە بوو، ئێستا ئەو شەهیدە، پاڵەوانی هەمیشەیی شارە و ئێمەومانان سوێند بە گۆڕی دەخۆین. بەمەوە نەوەستان، هەردونیا تاریك داهات کەوتنە (ڕەشبگیری) خەڵك، من ئەم دەستەواژەیەم لە کەسوکارمەوە بیستبوو لە سەردەمی سەدام حسێندا، بەڵام خۆم سەرەتای ئێوارە یەکەم کەسبووم کە بەر ئەو لێشاوی ڕەشبگیرە کەوتم. هێزە ئەمنییەکان توندووتیژ بوون، هەموویان توندووتیژ بوون، وەکو دەزگا هیچیان دۆست نەبوون، هەریەکە و بە ڕێگای خۆی بۆ دامرکاندنەوەی خەڵك کاری دەکرد، بەڵام لەناو هێزە ئەمنییەکاندا تاك هەبوو کە وەکو ئێمە دڵگەرم بوو، جلەکانی دادەکەند و ماوەیەك شانبەشانی گەنجانی شار شەڕی ەکرد".

به هەمان شێوەش ئاراز ئەحمەد پێیوایە زوڵمی دەسەڵات بەرانبەر خەڵکی ئەمشارە گەنجانی هێناوەتە سەرشەقام "خۆپشاندانەکانی قەزای سیدسادق. لە ئەنجامی ئەو زوڵمە زۆرەی کە دەرهەق بەدانیشتوانی قەزای سیدسادق کرا، کە خۆی دەبینییەوە لە نەبوونی خزمەتگوزاریی سەرەتایی، نەبوونی دامودەزگای پێویست، نەبوونی کۆلێژ و پەیمانگا".

خالید حەمەئەمین شاتوانی درووود و سڵاو بۆ گیانی شەهید بڕیار دەنێرێت و دەڵێت "لەساڵیادی شەهید بڕیاردا بە داخێکی زۆرەوە دەمەوێ ئەوە بلێم کە شەهید بڕیار تەنها شەهیدی بنەماڵەکەی و شارەکەی نییە، بەڵکوو شەهیدی هەموو هەرێمەکەمانە، نەك تەنها لە ڕێگای ئازادی و دیموکراسی، بەڵکو لەپێناو زانست و زانیاری و خزمەتگوزاری گیانی خۆی بەخت کرد، چونکە شەهید بڕیار لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانە ڕەواکەی ٢ /٢٠١٤/١ دا وەك گەنجێکی خوێنگەرم هەڵگری دروشمێك بوو کە لەسەر



لافیتەکەی نووسرابوو (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان؟)، کە بەداخەوە لە باتی ئەوەی بە وشەی جوان وەڵامێکی ئەرێنی بدرێتەوە لەلایەن ئیدارەی شارەکەوە، بەڵکو خۆیان شاردەوە و بەو جۆرە خۆپیشاندانەکە چەند ڕۆژێکی خایاند و هێزی دەرەکی دیکەی ئەملا و ئەولایان هێنایە سەر شارەکەمان و بە فیشەك وەڵامی داواکارییە ڕەواکانی سەیدسادقیان دایەوە، لە ئەنجامدا بڕیار شەهید بوو، داواکاریی سەر لافیتەکەیان خستە سەر زەوی و بووە قوربانیی دەستی تاوان".

خالید باس لەوەش دەکات کە بە هاتنی هێز و کلێتە ڕەشەکان لە دەرەوە و هێزی دەرەکی، دۆخی شاریان تێکداوە. "شەهیدکردنی بڕیار، تاوانێکە هیچ پاساوێکی بۆ نییە و پینە ناکرێ، پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێین کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی سەیدسادق دەورێکی ئەرێنی و باشیان دەگێڕا، بەڵام کاتێك هێزی دەرەکی و کلێتە ڕەشەکان هاتن، دۆخی شارەکەیان تێك دا و ئەو کارەساتەی لێ کەوتەوە".

پەرلەمانتار ئومێد حەمەعەلی، کە دانیشتووی قەزاکەیە، بۆ ئەو ساڵیادە دەڵێت "خۆپیشاندانەکان بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵێك بنپێخستن و هەوڵی لەمێژینەی ئەو هێزانە بوو کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و گەشەکردنی خزمەتگوزارییەوە ئاستەنگی گەورەیان بۆ ئەو شارە دروست کردووە. ڕەهەندێکی گەورەی ئەو خراپەکارییانە، ئەو نادادییە بەرفراوانەبوو کە تەواوی کۆمەڵگەی ئێمەی شپرزە کردبوو، لە ڕووی گیانی و ژیانی و ئابوورییەوە".

بە بڕوای ئومێد حەمەعەلی، سەیدسادقییەکان جگە لە شەقام هیچ ئاسۆیەکی تریان نەبوو. "سەیدسادق ڕێگەیەکی تر و ئاسۆیەکی جیاوازتری لە خۆپیشاندان لەوکاتەدا

لەبەردەمدا نەمابوو. نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوو لە ڕێگەی حزب و ڕێکخراو و یاداشت و واژوو کۆکردنەوە و ناڕەزایی بچووك بچووکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەنگی خۆی ئاشکرا دەکرد و دەیگەیاندە بەرپرسان، بەڵام وەڵامێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە بە داواکارییەکانی خەڵکی ئەو شارە نەدرایەوە. بۆیە دانیشتوانی ئەو قەزایە شەقامیان هەڵبژارد، جیاواز لە ڕابردوو دەرکەوتنیان کاریگەر و هەژێنەر بوو بۆ تەواوی سیستمی فەرمانڕەوایی و کاراکتەرە ڕامیارییەکانی".



ئەو پەڕلەمانتارە لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو خۆپیشاندانە و ڕۆڵی سەرجەم چین و توێژەکان دەڵێت "بەدڵنیاییی چین و توێژەکانی ئەو شارە هەریەکە و بەپێی توانا و سەنگی کۆمەڵایەتی خۆی، بەشدار و جۆشدەری ڕووداوەکە بوون. خوێندکاران بە گشتی لە بنەڕەتی و ئامادەیی و خوێندکارانی زانکۆ کاراکتەری سەرەکی و بونیادنەر بوون. گەنجان کە گەلێك چین و توێژیان لە خۆیان کۆکردووەتەوە، ڕەنگی خۆپیشاندانەکەیان بە ڕەنگی خۆیان ڕەنگ کردبوو. کرێکاران و جووتیاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و چین و توێژەکانی تر، هەریەکەو بە بیرێك و ڕۆڵ و پێگەیەکی جیاوازەوە بەشدار و تێکەڵاو بە شەپۆك و جووڵەی خۆپیشاندەرەکان بووبوون".

# پەرلەمان بەبێ سەرۆك سەیدسادقی ئارام کردەوە

✍️ ئا: نەوزاد مەحموود

**پەرلەمانتارێك: خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق لە ١٧ی شوبات کاریگەرتر بوو**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان پێی وایە لە خۆپیشاندانی سەیدسادقدا، پەرلەمان "ڕۆڵی مێژوویی" گێڕاوە و هێمای بۆ "یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەکی سەختگیرانە" دەکات کە ساڵانێکی زۆرە ئەو دیمەنە لەنێو پەرلەماندا نەماوە. ئەمە لە کاتێکدا، ماوەی سێ مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دراوە و تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە لەنێوان خۆیاندا ڕێك بەکەون بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دەستپێکردنی دانیشتنەکان.

بە درێژایی ڕۆژی دووەم و سێیەمی خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکەی سەیدسادق، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ٤٠٠ مەتری شەقامێکی شارەکەدا کە ببووە دوو بەش لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا، بەردەوام دەهاتن و دەچوون، هەندێك جاریش دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی چیدی نە خەڵك بەرد بە هێزە ئەمنییەکانەوە بنێت، نە هێزە ئەمنییەکانیش تفەنگەکان لە شانیان دابگرن.




## "لەوێ نەبایەن خوێن دەڕژا"

ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکە، کاژێر ٤ی ئێوارە، گەنجێك لە خۆپیشاندەران بە گوللە گیانی لەدەست دا و ٣٣ کەسی دیکەش بە بەرد و گازی فرمێسکڕێژ بریندار بوون، بەوهۆیەوە تووڕەیی خۆپیشاندەران زیاتر کڵپەی سەند و ئەمە هێزە ئەمنییەکانی ترساند لەوەی نارەزایەتییەکە بپەڕێتەوە بۆ شوێنەکانی دیکە، بۆیە شەوی دوای خۆپیشاندانەکە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی گەنجانی سەرپەرشتیکەر و هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندانەکە دەستی پێ کرد.

یوسف محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "ڕاستە ئێمە نەمانتوانی لەو دوو ڕۆژەدا خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێ بهێنین، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر باش توانیمان توندووتیژییەکان ئارام بکەینەوە و خوێنڕشتن بوەستێنین".

هەرچەندە بەشێك لە بریندارەکان لە هێزە ئەمنییەکان بوون و خەڵکێکی زۆریش خرابوونە زیندانەکانەوە، بەڵام پەرلەمانتاران کۆکن لەسەر ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنییان لە هێوەرکردنەوەی دۆخەکە بینیوە.

ئاری هەرسین، پەرلەمانتاری پارتی، کە هەندێك جار لەنێو خۆپیشاندەران و هەندێك جاریش لەنێو هێزە ئەمنییەکان دەبینرا، دەڵێت "هەموو پەرلەمانتاران بە یەکەوە بوون و یەك تیم بوون، کاری پێکەوەییمان ئەنجام دا و بە ئەنجامێکی باش گەیشتین". بە بڕوای سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی "هێزە ئەمنییەکان سڵیان لە بینینی پەرلەمانتار دەکردەوە، بۆیە تەقەیان وەستاند و خوێنی کەسی دیکە نەڕژا".

## گفتوگۆی ناو مزگەوتەکە

پەرلەمانتاران نەیانتوانی لەسەر شەقامەکە درێژە بەو دانوستاندنە بدەن کە هیچ سوودێکی نەبوو، بەو پێیەی وەك تەواوی پەرلەمانتاران باسیان کرد، "گرووپ گرووپ بوون و کۆنترۆڵیش نەدەکران"، بەڵام دواتر و لە ڕۆژی دووەمدا، هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی و گەنجان، چوونە ژێر باری ئەوەی وەك نوێنەری خۆپیشاندەران لەگەڵ پەرلەمانتاران بچنە نێو مزگەوتی شێخ تاهیر لە شارۆچکەکە و دەست بە وتوێژ بکەن.

ئەبووبەکر هەڵەدنی، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێت "تاوەکو ئەوکاتە، هیچ وتووێژێك لە نێوان خۆپیشاندەران و حکومەت و پەرلەمان و هێزە ئەمنییەکان نەبوو".

یوسف محەمەد، باسی گەریگەریی کۆششی بەردەوامی پەرلەمانتاران دەکات و پێی وایە توانییان تاوەکو ئەو کاتەی کەشوهەوای گفتوگۆکە ساز دەبێ، دەستگیرکراوەکان

ئازاد بکرێن و هێزە ئەمنییەکان قەناعەت پێ بکەن کە هێزە هاوردەکراوەکانی دەرەوەی سەیدسادق پاشەکشە پێ بکرێن و بەرپرسانی حکومەت ڕابکێشنە نێو شارەکە و تەقە بوەستێنن. سۆران عومەر ئەوەی زیاتر ڕوونکردەوە و گوتی "سێ وەجبە خەڵك کە نزیکەی ٣٠ کەس دەبوون، دەستگیر کرابوون، وەجبەیەکیان لە سلێمانی بوون و ئەوانی دیکە لە سەیدسادق بوون، فشارمان کرد بۆ ئازادکردنیان".

## "لە ١٧ای شوبات کاریگەرتر بوو"



لەو دانیشتنەی مزگەوتەکەدا، پەرلەمانتاران بۆ نوێنەی خەڵکی سەیدسادقیان ڕوون کردوەتەوە، ئەگەر قەزاکەیان بخرێتە سەر پارێزگای هەڵەبجە، بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی خۆیانەوە، "زیاتر لەو پۆست و دەسکەوتە ئیدارییانەی ئێستایان دەست دەکەوێت". وەك پەرلەمانتاران لە سەیدسادقەوە قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد، ئەوکات سەیدسادق دەکرێ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و جێگری پارێزگاری هەڵەبجەی دەست بکەوێ، لە کاتێکدا ئێستا تەنیا یەك ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەیە لە سلێمانی.

سەلام عەبدولکەریم، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ، کە لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ پەرلەمانتاران و نێردراوانی سەرۆکی حکومەت بەشداریی کردووە، دەڵێت "ڕاستە لەو ڕووەوە سەیدسادق زیاتر لە ئێستای دەست دەکەوێ"، بەڵام پێی وایە هێشتا ئەوە نیگەرانیی خەڵك ناڕەوێنێتەوە "چونکە هێشتا گرەنتی نییە ئەو پۆستانە بدرێنە خەڵکی سەیدسادق". گوتیشی "دەبێ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەڵەبجە و بەرپرسانی حکومەت بکرێت، بۆ ئەوەی گرەنتی بدەن".

بەڵام سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵ، پێی وایە "خۆپیشاندانە سێ ڕۆژییەکەی سەیدسادق، لە خۆپیشاندانە سێ مانگییەکەی ١٧ی شوباتی سلێمانی کاریگەرتر بوو، چونکە بۆ یەکەم جار لەژێر فشاری خۆپیشاندەراند، دوو بەرپرسی باڵای حکومی لە قەزای سەیدسادق دەستیان لەکار کێشایەوە، حکومەتیش بەپەلە گەیشتە ئەوێ و بەڵێنی جێبەجێکردنی هەموو داواکارییەکانی ئەوانی دا".

**ڕۆژنامەی ڕووداو - ژمارە (٢٩٢) لە ٢٠١٤/١/٦**

# پەیامنێرەکان چۆن دیمەنەکانی خۆپیشاندانەکە دەگێڕنەوە

✍️ ئا: ئەنوەر حەمەغەریب

هەروەك چۆن ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران لە ڕوومالٚ و گواستنەوەی ڕووداوەکاندا ڕۆلٚی سەرەکییان هەیە، بە هەمان شێوەش ئەوان دەتوانن باشتر ڕووداوەکان بگێڕنەوەو گوزارشت لەو دۆخەکە بکەن کە بە چاوی خۆیان و لە زوومی کامێراکانیانەوە وێنەیان گرتووە.

ڕۆژنامەنووس مەریوان حەسەن لە کەنالٚی ئێن ئارتی، پێیوایە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی پارسالٚی سەیدسادق، ئەو پەیامەی ئاشکرا کردووە کە هێشتا لە دۆخی بەر لە ١٧ی شووباتداین. مەریوان دەلٚێت " لە دوای خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و دامرکاندنەوەی، دۆخێك لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، زۆرێك پێیانوابوو کە سازکردنی خۆپیشاندان و نارەزایی ئاستەمە، بەلٚام خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق جارێکی تر ئەوەی سەلماند کە ناتوانرێت دەنگی نارەزایی و خۆپیشاندان کپ بکرێت، بەتایبەت لە سنووری پاریزگای سلێمانی، چونکە هەمان دۆخی سیاسی و کۆمەلٚایەتیی پێش ١٧ی شوبات بەردەوام بوو، کە تا ئێستاش بەردەوامە".

مەریوان حەسەن باس لە تایبەتمەندییەکانی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق دەکات "تایبەتمەندیی خۆپیشاندانەکانی سەیدسادق لە چەند خالٚێکدا بوو، کە گرنگترینیان تەقینەوەی نارەزایی و تورەیی چەندین سالٚەی گەنجانی قەزاکە بوو لە ئاست فەرامۆشکردن و بێخزمەتگوزاری، سەرئەنجام سەیدسادق بە هێندەی پەراوێزخراویی




و فەرامۆشکردنی دەنگی ناڕەزایی بەرزکردەوە، بەڵام بەداخەوە وەك هەموو خۆپیشاندانەکانی تر، دەبێت خەڵکی تێدا ببنە قوربانی. خاڵێکی تر بریتی بوو لە ناچارکردنی بەرپرسانی ئیداریی قەزاکە بە دەستلەکارکیشانەوە، کە پێم وابێت لە خۆپیشاندانەکانی تری کوردستاندا کەموێنە بوو، سێ بەرپرسی ئیداریی قەزاکە ناچار بن واز لە پۆستەکانیان بهێنن".

ئیبراهیم حەمەساڵح، پەیامنێری کەناڵی سپێدە، ئاماژە بە توڕەیی گەنجانی شار دەکات و وێنەی خرۆشانی ئەوان دەگێڕێتەوە "یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق، وەك ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسی و بۆ ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە لەناو بازاڕ ئامادە بووین. گەنج و لاوە تورەکانی شار لە چەند چرکەیەکی کەمدا و بە لێشاو ڕژانە سەر شەقام لە نزیك فولکەی مرووەرەکان و پەیکەرەکەی وەلیدێوانە کە دەکاتە چەقی بازاڕی شار. یەکەم دروشمی خۆپیشاندەران کە وەك ئەرشیف بە تۆمارکراوی لامانە، بریتی بوو لە (چیتانەوێت

گەنجەکان، لابردنی قائیمقام). بە دەنگێکی بڵند کەسێکیان دەیگوت و ئەوانی تر بە یەکجار دەیان گوتەوە. لە دەنگ و ڕەنگیاندا تووڕەیی و بێزارییەکی زۆر دەبینرا. پاش کەمێك لە وەستان لەو جێگایە، چەند گەنجێك هەستان بە دابەشکردنی دروشم و لافیتەکان، ئەو لافیتەی کە دروشمی" کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان"ی لێ نووسرابوو. دەشەکایەوە. خۆپیشاندەران بە لیشاو بەرەو شەقامی سەرەکیی سلێمانی بەڕێکەوتن، پاش ئەوەی گەیشتنە شەقامەکانی دەروازەی شار، شەقامەکەیان داخست و هیچ ئۆتۆمبێلێك نەیدەوانی بە شەقامەکەدا تێپەڕ ببێت".

بە وتەی ئیبراهیم، دەنگۆی هێنانی هێز لە دەرەوە، زۆرتر گەنجانی خۆپیشاندەری تووڕە کردووە "تا کاتژمێر ١٢ هێزی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەو ناوە دەبینران، بەبێ دروستبوونی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران، خۆپیشاندان بەردەوام بوو. دەنگۆی هێنانی هێز لە دەرەوە، خۆپیشاندەرانی نیگەران کرد، بۆیە پاش نیوەڕۆ هەندێك گرژی دروستبوو، بەو هۆیەشەوە چەند کەسێکی خۆپیشاندەر بریندار بوون".



لەگەڵ هاتنی هێزێکی زۆری چەکدار، ئیدی گرتن و ڕاوەدوونان دەستی پێکرد. ئەو هێزە چەکدارە لەگەڵ دەستڕێژی گوللـەدا، کۆڵان بە کۆڵان بە شوێن خۆپیشاندەراندا دەگەڕان. پەیامنێرەکەی سپێدە ئەو دیمەنانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "چەکبەدەست و هێزە ئەمنییەکان، هەر بەردەوام بوون لەسەر کاری خۆیان و کۆڵان بە کۆڵان بەدوای ئەو کەسانەدادەگەڕان کە بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکەدا کردبوو، هەموو کوچە و کۆڵانەکان جمەی دەهات لە هێز و چەك و لوولەی تفەنگ. ئەم هەڵوێست و کارانەی هێزە ئەمنەییە چەکبەدەستەکان، ئەوەندەی تر هاووڵاتیانی نیگەران کرد. لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکان بوو، ئەو هێزە دەستیان دایە گرتن و قۆڵبەستکردنی چالاکوانان و کەسە دیارەکانی بەشداربووی خۆپیشاندانەکە، ئەو شەوە دەیان کەسیان لە بەشداربووان دەستگیر کرد".

سەروەت مەولود، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانیی پەیام، باس لەوە دەکات کە ساڵانێك بوو خەڵکی قەزای سەیدسادق بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و نەبوونی زانکۆ و پەیمانگا و باخچە و شوێنە گشتییەکانەوە دەیاننالاند, بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار ڕێگای داواکاریی پێویست و هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ کردنەوەی زانکۆ و خۆپیشاندانی مەدەنییانەیان گرتە بەر, بەڵام بێ سوود بوو, هەر بۆیە تەواوی ئەم کەم و کووڕییانەیان بە خەمساردیی بەرپرسانی ئیداریی شارەکە دەزانی و هەوڵی گۆڕینی بەرپرسانیی شارەکەیان دا, ئەمەش لە ڕێگای خۆپیشاندانێکەوە کە لە (٢٠١٤/١/٢) دەستی پێ کرد و ماوەی سێ ڕۆژی خایاند.

سەروەت دەڵێت "خۆپیشاندانەکە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و خەڵکی پێیان وابوو ئەگەر سەیدسادق بخرێتە سەر هەڵەبجە، بە تەواوی

پشتگوێ دەخرێن. خۆپیشاندانەکە لە چەقی بازاڕەوە دەستی پێکرد و ڕێگای سلێمانی-سەیدسادقیان داخست, بەمەش ڕێگای چەند شارێکی تریش داخرا و جووڵەی ئۆتۆمبێل ڕاگیرا".

خۆپیشاندان بەو جۆرە بەردەوام بوو تا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ، بەبێ توندووتیژی. دواتر لە ڕۆژئاوای شارەوە بە هێزی چالاکیە مەدەنییەکان و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە پۆلیسی محەلی، هێرش کرایە سەر خۆپیشاندەران و هەوڵی بڵاوە پێ کردنیان درا, بەمەش ڕق و تووڕەیی خەڵك پەرەی سەند و بە گژ هێزە ئەمنییەکاندا چوونەوە و پێکدادانی توند لە نێوان هەردوو لادا ڕووی دا. چەندین ئۆتۆمبێل زیانیان لێکەوت, پاشان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هەوڵی هێورکدنەوەی بارودۆخەکە درا و بە دوورخستنەوەی پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان بارودۆخەکە بۆ ماوەیەك ئاسایی بووەوە و جادە و ڕێگا و بانەکانیش پاککرانەوە, بەڵام خۆپیشاندان هەر بەردەوام بوو. خۆپیشاندەران بەرەو قائیمقامیەتی سەیدسادق بەڕێکەوتن و هێرشیان کردە



سەر بینای قائیمقامیەت، پێیان وابوو قائیمقام لەوێیە و گوێیان لێ ناگرێت. پاشان لەلایەن پۆلیسەوە تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا کرا، پاشان هێزێکی بەرگری و فریاکەوتن هاتن و بە تەقەکردن هەوڵی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانیان دا، ئەنجامی ئەو تەقەکردنانەشدا شەهیدبوونی (بڕیار حەسەن)ی لێکەوتەوە و شەوەکەشی دەیان گەنجی شار دەستبەسەر کران و چەندینی تریش نەیان دەوێرا لە ماڵی خۆیان بنوون، بەم شێوەیە کۆتایی بە خۆپیشادانی ڕۆژی یەکەم هات".

سەروەتی پەیامنێری کەناڵی ئاسمانیی پەیام، ڕۆژی دووەمی خۆپیشاندانەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "پاش بەخاك سپاردنی شەهید (بڕیار) لە سەرقەبرانەوە خۆپیشاندانی ڕۆژی دووەم دەستی پێکرد و خۆپیشاندەران جگە لە سووربوون لەسەر داواکارییەکانیان، داوای ڕزگار کردنی گیراوانیان دەکرد. پاش دروستکردنی فشارێکی زۆر، ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران ئازاد کران، ئەمەش جێگەی قبووڵی خۆپیشاندەران نەبوو، هەر بۆیە دووبارە پێکدادان ڕوویدایەوە و خۆپیشاندەران بە بەرد و هێزە ئەمنییەکانیش بە گازی فرمێسکرێژ و گوللـەی پلاستیکی و ئاو و فیشەکەوە ڕووبەڕووی یەك بوونەوە. دەیان هاووڵاتی و پۆلیس بریندار بوون. ڕاگەیاندکارانیش لەم توندووتیژییە بێ زیان نەبوون و چەندین ڕۆژنامەنووس بریندار بوون. بەم جۆرە و لە ئێوارەدا، کۆتایی بە ڕۆژی دووەمیش هات".

سەروەت باس لە ڕۆژی سێیەمی خۆپیشاندان و خرۆشانی قوتابیانی شار دەکات "ڕۆژی سێهەمیش لەلایەن خوێندکارانەوە خۆپیشاندان دەستی پێکرد بە مەبەستی گۆڕینی بەڕێوەبەری پەروەردەی سەیدسادق. پاش وەرگرتنی داواکەیان لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەییەوە، خوێندکاران گەڕانەوە و لەبەردەم بینای قائیمقامیەتدا



سێبارە پێکدا هەڵپژان ڕووی دا و خۆپیشاندەران ڕژانەوە سەر شەقام و توندووتیژیی لێکەوتەوە، بە جۆرێك کە دوو هاووڵاتی بە گوللـە بریندار بوون و دەیان هاووڵاتی و پۆلیس و ڕۆژنامەنووس بریندار بوون".

یوسف عەبدوڵڵا، ئەوکات پەیامنێری کوردستان تی ڤی بوو لە شارەکە، دەڵێت: "بەیانی خۆپیشاندان دەکەین بۆ لابردنی بەرپرسە گەندەڵەکان"، ئەمە ئەو نامەیە بوو شەوێك پێش خۆپیشاندانەکە بۆم هات، ئەوکاتە پەیامنێری کوردستان تی ڤی بووم لە سەیدسادق و شارەزوور و پێنجوێن.

ئەو سەرسامیی خۆی بە خۆپیشاندانەکە نیشان دەدات "بە قەرەباڵغییەکەی سەرسام بووم. بەشدارانی خۆپیشاندانەکە زۆرینەیان گەنج بوون. بەهۆی بەرفراوانییەکەی و جۆری داواکارییەکان، هێندە پێشبینیی ئەوە دەکرا ئەنجامی باشی هەبێت و وەڵامی داواکارییەکانیان بدرێتەوە، ئەوەندە چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرا کە توندووتیژی و کوژرا و برینداریی لێبکەوێتەوە".

یوسف دیمەنی تووڕەبوونی گەنجانی سەیدسادق باس دەکات و دەڵێت "پاش ڕۆیشتن و دروشم وتنەوە و بەرزکردنەوەی لافیتە، بە دار و بەرد و بلۆك و ئەو شتانەی لەودەوروبەرەدابوون، ڕێگای سەرەکیی هاتنە ناوەوەیان بۆ شارەکە داخست و لەسەر جادەکە ئاگریان کردەوە".

دوای ماوەیەك هێزێکی ئەمنی دەرکەوتن و هەوڵی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانیان دەدا، لەئەنجامدا ڕووبەڕووبوونەوە (شەڕە بەرد) لەنێوان هێزەکە و خۆپیشاندەراندا ڕوویدا، هەر لەوکاتەدا و لەو شوێنەدا، دوو گەنجی خۆپیشاندەریان نیشاندام کە بە بەرد سەر و ناوچاوانیان شکابوو و لێدوانیانم وەرگرت".

یوسف ئاماژەی زیارت دەدات "توندووتیژییەکان پەرەیان سەند و ئاڵۆزی دروستبوو. ئەوەی من گوێم لێی بوو لەگفتوگۆی نێوان خۆپیشاندەران و ئاسایش و پۆلیس لەناو بازنەی خۆپیشاندانەکەدا، ئەوەبوو ئەو هێزەی هێنرابوون بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بکشێنەوە.

خۆپیشاندەران بەرەو بینای قایمقامیەت ڕۆیشتن و بیناکەیان بەردباران کرد، دوای نزیکەی نیو سەعات لە بەردباران کردنی بەردەوام، هێزە ئەمنییەکان بە تەقەکردن هاتنە دەرەوەی بیناکە و ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە.

دوای شەهیدبوونی بڕیار، بارودۆخی شار زۆر ئاڵۆز و شێواو بوو. لە ڕۆژی دووەم خۆپیشاندانەکە بە یەکجاری سیمای گشتیی پێوە دیاربوو، زۆرینەی خەڵك بەشدارییان کرد، قوتابیان و خوێندکاران لەگەڵ گەنجانی شار، زۆرینەی خۆپیشاندەرەکانیان پێکهێنابوو، زۆترین فشاریان دەکرد. بەهۆی بەرفراوانیی خۆپیشاندانەکە و کاریگەرییەکانی، دەنگدانەوەی گەورەی بەخۆیەوە بینی".

# لیژنەکەی حکومەت:
# بودجەیەکی تایبەت بۆ سەیدسادق تەرخان دەکرێت

لیژنەی حکومەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی سەیدسادق، ڕایگەیاند: سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە بودجەیەکی تایبەت جگە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ شارۆچکەکە، تەرخان بکات.

دوێنێ لیژنەیەك وەك نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە پێکهاتبوون لە کامەران ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و دڵشاد شەهاب، وەزیری شارەوانی و بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی، سەردانی شارۆچکەی سەیدسادقی کرد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ڕایگەیاند: سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە بودجەیەکی تایبەت جگە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ سەیدسادق، تەرخان بکات،



ئاماژەی بەوەش کرد کە سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە پاش گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، پێشوازی لە لیژنەیەك لە نوێنەرانی دانیشتووانی سەیدسادق بکات، تا لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاریی خەڵکی ناوچەکە بێت.

## دوو وەزیری دیکەش سەردانی سەیدسادق دەکەن

سەبارەت بە سنووری ئیدارەی ناوچەکەش، تەئکید کرایەوە خواستی خەڵکی ناوچەکە لەبەرچاو دەگیرێت لە کاتی بڕیاردان لە بەپارێزگابوونی هەڵەبجە. سەبارەت بە خانووە بێ تاپۆکانیش، وەزیری شارەوانی وتی: وەزارەتی شارەوانی پرۆژەیاسایەکی ئامادە کردووە و بڕیاری لەسەر داوە، تەنیا ماوە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکات. تایبەت بە بواری تەندروستی و پەروەردە، لیژنەکە تەئکیدی کردەوە لە ماوەی دە ڕۆژی داهاتوودا بڕیارە وەزیری تەندروستی و خوێندنی باڵا سەردانی ناوچەکە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بەو دوو سێکتەرە، لەوبارەیەوە وەزیری ئاوەدانکردنە وتی: لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا قسەیان کردووە سەبارەت بە کردنەوەی پەیمانگایەك لە سەیدسادق و وەزیری خوێندنی باڵا لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ شارۆچکەکە، باس لە میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکات.

## بە هەموو شێوەیەك تەقەکردن قەدەغەیە

هەر لە کۆنگرکەدا، پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند: هەر وەکو چۆن بڕیاری ٢٤١ لە ناوچەکانی دیکە جێبەجێ کراون، بەهەمان شێوە لە سەیدسادق جێبەجێ دەکرێت. وتیشی: بڕیارە لیژنەیەکی پارێزگا سەردانی ناوچەکە بکەن بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کەموکووڕیی ئیداری و کەموکووڕیی پرۆژەکان. سەبارەت بە دانانی قائمقام و



بەڕێوەبەری پەروەردە، پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند: کەسێك بەشێوەی کاتی دادەمەزرێنین بۆ ڕایکردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان، تا ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم پێك دەهێنرێت. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ڕێنمایی دراوەتە هێزە ئەمنییەکان کە بە هەموو شێوەیەك تەقەکردن قەدەغەیە و پێویستە بەشێوەیەکی مەدەنییانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت. ڕاشیگەیاند: تەنها هێزی چالاکیە مەدەنییەکان و هێزەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا دەمێننەوە، تا بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.

ڕاپۆرتە هەواڵێك لەسەر سەردانی بەرپرسانی حکومەت بۆ سەیدسادق لە سێیەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٦٢٧٢) لە (٢٠١٤/١/٥) لاپەڕە (٤)

# داواکارییەکانی سەیدسادق هێشتا مەرەکەبی سەرکاغەزن

✍️ عومەر فەتاح

خەڵکی سەیدسادق بەرهەمی ئەو خۆپیشاندانانەی نەچنیەوە، کە نزیکەی هەفتەیەک بۆ باشترکردنی گوزەرانیان ڕژانە سەر شەقامەکان و خوێنیان بۆ ڕشت، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک بەسەر خۆپیشاندانەکاندا، هیچ داواکارییەکیان جێبەجێ نەکراون.

سەرەتای ساڵی ڕابردوو تووڕەیی خەڵکی سەیدسادق دژی پەراوێزخستنی قەزاکەیان و نەبوونی خزمەتگوزاریی تەقییەوە، بۆ ماوەی هەفتەیەک خۆپیشاندانیان کرد و شەقامە سەرەکییەکانی شارەکەیان داخست.



گرنگترین داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی سەیدسادق: تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ ناوچەکە، چارەسەری کێشەی تاپۆ، کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگا و پێدانی مافی بڕیاردان بەخەڵک تا خۆیان بڕیار بدەن لەسەر پارێزگای سلێمانی بمێننەوە، یان بخرێنە سەر پاریزگای هەڵەبجە، کە بڕیاربوو لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بەو پارێزگا نوێیە بێت.

خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق بێ قوربانیی نەبوو، بڕیار حەسەن، گەنجێکی دانیشتووی قەزاکە کوژرا، زیاتر لە ١٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون.

بەرهەم حەسەن، برای بڕیار، نیگەرانە لەوەی هێشتا ئەو داواکارییانەی کە براکەی ئەو و گەنجانی تری شارەکە لە پێناویدا خوێنیان ڕژێنرا، ((هێشتا مەرەکەبی سەر کاغەزە و جێبەجێ نەکراون)). بەرهەم وتی: ((خۆپیشاندەران زیاتر لە ٢٠ داواکاریی جۆراوجۆریان هەبووە لە بوارەکانی: تەندروستی، خزمەتگوزاری، ئیداری، ئابووری، پەروەوەردەیی، گەنجان و ڕۆشنبیری، بەڵام تەنیا کردنەوەی کۆلێجێک بە کردار جێبەجێ کراوە)).

دوای نزیکەی هەفتەیەک لە خۆپیشاندان وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە قەزاکە و بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیانی دا، دوای چەند ڕۆژێکیش لە کۆتاییهاتنی خۆپیشاندانەکان، لیژنەیەک کە پێکهاتبوو لە نوێنەری هاووڵاتیان و گەنجان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران و بەرپرسانی یەکەی ئیداریی سەیدسادق، سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانیان کرد و چەند داواکارییەکیان خستە بەردەم سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان.

داواکارییەکانی لیژنەکە زیاتر بوون لەو داواکارییانەی خۆپیشاندەران لەسەر شەقامەکان داوایان دەکرد، لەوانە: دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ بووژاندنەوەی بوارە جیاجیاکانی قەزاکە، کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی فەرمانگەکان، کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگە، هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەکی گونجاو لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی قەزاکە، چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتیی و تاپۆ و زەویوزار و کردنەوەی کۆمەڵگەی وەرزشیی و یاریگای نوێ، دروستکردنی شەقامێکی سەد مەتری بازنەیی بەدەوروبەری قەزاکەدا بۆ بەستنەوەی ناحیە و گوندەکان بە قەزاکە، بەشێکی تربوون لەو داواکارییانەی خرانە بەردەم بەرپرسانی حکومەت.

ئومێد حەمەعەلی پەرلەمانتاری گۆڕان، کە وەکو نوێنەری خەڵکی سەیدسادق بەشداریی دانوستانی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا کردبوو، بۆ هاوڵاتی ڕوونکردەوە، دوای خۆپیشاندانەکە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوە و ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگە و دابینکردنی ٤٠ ملیار دینار بۆ قەزاکە و دابینکردنی چەندین پڕۆژەی دیکە.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: ((دوای نزیکەی شەشە مانگ لە خۆپیشاندانەکە من بە نووسراو پرسیارم لە سەرۆکی حکومەت کرد بۆ جێبەجێکردنیان، ئەویش وەڵامی داومەتەوە کە ئەوان سوورن لەسەر بەڵێنەکانی خۆیان، بەڵام بەهۆی بوونی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانیوە پڕۆژەکان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە)). یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی خەڵکی سەیدسادق ئەوە بوو، کە کاتێک هەڵەبجە کرا بە پارێزگا، پرس و ڕاوێژ بە هاووڵاتیانی قەزاکە بکرێت لە ڕوویی ئیدارییەوە بخرێنە سەر ئەو پارێزگایە یاخود نا. ئومێد حەمەعەلی وتیشی: (( ئەم داواکارییە جێبەجێ کراوە و

سنووری ئیداریی ئێستای پارێزگای هەڵەبجە سەیدسادقی لەسەر نییە)).

دیارترین بەرهەمی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سەیدسادق، دەستلەکارکیشانەوەی قائیمقام و سەرۆکی شارەوانیی قەزاکە بوو، لە پشکی یەکێتیی و یەکگرتوو، هەروەها چەند ڕۆژێک دواتر بەڕێوەبەری پەروەردەش دەستی لەکار کێشاوە.

دیاری ڕەفیق، کە دوای خۆپیشاندانەکە لەسەر پشکی یەکێتیی وەک قائیمقامی سەیدسادق دانراوە، جەختی کردەوە حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پابەندی ئەو بەڵێنانەن کاتی خۆی داویانە بە خۆپیشاندەران و سوورن لەسەر جێبەجێکردنی.

ناوبراو وتی: ((یەکێک لەو داواکارییانەی هاووڵاتییان داوایان دەکرد تاپۆکردنی خانووە تەجاوزەکانیان بوو، ئەوەش ئێستا کاری لەسەر دەکرێت لە فەرمانگەی شارەوانیی و تاپۆ، کە بەشێکی زۆری کارەکانیان کۆتایی هاتووە، بەم نزیکانە ئەو



داواکارییە بەتەواوی جێبەجێ دەکرێت)). دیاری ڕەفیق ئاماژەی بەوەش کرد، وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێک لە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێکردووە ئەویش کردنەوەی کۆلێژە، ((بۆ ئەمساڵ ئەو کۆلێژە نزیکەی هەشتا خوێندکار بە هەردوو بەشی مێژوو و جوگرافیاوە وەردەگرێت و تەنیا هەندێک کاری تەکنیکی ماوە، وەک تەواوکردنی ستافی ئیدارە و هەندێک وردەکاری)).

دەربارەی کردنەوەی پەیمانگەش، قائیمقامی سەیدسادق دەڵێت: ئەمساڵ بەهۆی نەبوونی بینا و ستافی تەواوی ئیداریی و مامۆستاوە ئەوە نەکراوە، بەڵام ((لە چەند مانگی داهاتوودا ئەوەش بەدواداچوونی بۆ دەکەن و کاری لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو وەزارەتی خوێندنی باڵا پەیمانگەش بکاتەوە)).

نزیکەی مانگێک دوای خۆپیشاندانەکەی خەڵکی سەیدسادق، لەلایەن قائیمقامیەت و شارەوانیی و پۆلیسی شارەکەوە، سکاڵا لەسەر زیاتر لە پەنجا گەنجی قەزاکە تۆمار کرا بەتۆمەتی ئەوەی کەلوپەل و ئامێر و ئۆتۆمبێلی حکومییان شکاندووە و سووتاندووە. دەربارەی ئەو سکاڵایانە، دیاری ڕەفیق وتی: ((شارەوانیی و پۆلیس سکاڵاکانیان کشاندووەتەوە، ئێمەش وەک قائیمقامیەت ویستمان سکاڵامانمان بکێشینەوە، بەڵام داواکاری گشتیی ڕازیی نەبوو، وتیان: ئێوە وەک بەرپرسی یەکەمی ئیداری دەسەڵاتی ئەوەتان نییە ئەو سکاڵایانە بکێشنەوە و لەو تۆمەتبارانە خۆش ببن)). وتیشی ((بۆیە نووسراومان کردووە بۆ پارێزگای سلێمانی و داوامان کردووە ئەوان کێشەکە چارەسەر بکەن و سکاڵاکان لەسەر ئەو گەجانە هەڵبگیرێت و دۆسیێکەیان دابخرێت)).

سکاڵای بەرپرسانی قەزای سەیدسادق لەکاتێکدایە هێشتا قەرەبووی بریندارانی

خۆپیشاندانەکان و کەسوکاری بڕیار حەسەن نەکراوەتەوە، کە لەلایەن لیژنەکەی حکومەتەوە بەڵێنیان پێدرابوو.

بەرهەم حەسەن وتی: ((بڕیاربوو قەرەبووی مادیی و مەعنەویی سەرجەم بریندااران بکرێتەوە، بڕیاریش وەک شەهیدی خۆپیشاندانەکە دەستنیشان بکرێت لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام ئەوەش جێبەجێ نەکراوە)). براکەی بڕیار، وتیشی ((من گەشبین نیم بە جێبەجێکردنی داواکارییەکان و لەو شتانەی کە تا ئێستا کراوە ڕازیی نیم)).

ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە

# بەشی وتارەکان
# سەبارەت بە شەهید
# بڕیارو خۆپیشاندانە
# جەماوەرییەکە

## هەست و شووناس
## لەبارەی ڕووداوەکەی سەیسایەقەوە

✍️ ڕێبوار سیوەیلی

ئایا دەتوانین لەودیو ڕەهەندە تراژیدییەکەی ڕووداوی سەیسایەقەوە، پەیوەندییەکی دیکەی نێوان مرۆڤ و شوێن ببینین؟ ئایا ڕووداوی سەیسایەق شیاوی دووبارە بوونەوەیە لە شوێنەکانی تر؟ ئایا ئەم ڕووداوە شتیکی تازەمان لەسەر لەخۆتێگەیشتنی هاوولاتیانی کورد لە پەیوەندی بە شوێن و چێکردنی شوناسەوە پێدەڵێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنی زیاتری کۆڕەفتاری جەماوەری، کە من هیوادارم بەرپرسان و بڕیاردەران ئەم گۆشەنیگایە بگرنەبەربۆ وەڵامدانەوەی ئەو داخوازییانەی کە خەڵك لەکۆمەڵگەی لۆکاڵیدا بەرزی دەکەنەوە . ئەمەش نەك لەپێناوی بەرپەرچدانەوە و پەردەپۆشکردنیان، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە نەگوتراوی پەیامی ئەم ڕووداوانە و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوە و بەدواداچونیان.

### لەجیاتی بڕیاری عەقڵانی پەرچەکردار

ڕووداوی سەی سایەق و کۆڕەفتاری جەماوەری لەو شارۆچکەیەدا، وێڕای هەر ڕەهەندێکی تری ئەو ڕووداوە لە پەیوەندی بە مەحرومییەت و نادادپەروەری و کەمیی خزمەتگوزارییەکان و بەرزیی ڕێژەی بێکارییەوە، پەیوەندییەکی پتەویشی بەشێوازی لەخۆتێگەیشتنی خەڵکی لۆکاڵ و شێوەی دروستکردنی شوناسەوە هەیە. بەبێ

لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕەهەندە و بەهەند وەرگرتنی، کەمتر لە ڕووداوەکە تێدەگەین و لە گرتنەبەری ڕێگەی شیاوی چارەسەرکردنیشدا لەجیاتی بڕیاری ئەقڵانی و تەندروست، پەرچەکردار دەنوێنین و ئەنجامی ئەمەش لەجیاتی ئەوەی بەچارەسەری کێشەکە و تێگەیشتن لێی تەواو ببێت، ناچار بەپەرچەکردارو نواندنی بۆچوونی ئایدولۆژی و حیزبی و دەروونیمان دەکات.

بێگومان ئەم پەرچەکردارانەش لەمامەڵەیەکی  تەندروست لەگەڵ ڕوداوەکان دوامان دەخات و ئەمەش دەبێتە هۆکاری دووبارەبوونەوەی ئەمجۆرە ڕووداوانە لە شوێنەکانی تری کۆمەڵگەی لۆکاڵیداو ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونیمان دەشێوێنن.

هەموو هاووڵاتیانی هۆشیاری هەرێمی کوردستان ئەوە دەزانن کە ئەم ڕووداوانە چەندە نامۆزایەتی دەربڕینن لە ئاست کەشوهەوای سیاسی و پەیوەندی و دابەشبوونە ئایدۆلۆژییەکانی هەرێمەکەدا، ئەوەندەش شێوازێکی خۆدەربڕینی خەڵك و تەعبیرکردنن لە شوناسێکی نوێ، کە هاووڵاتیانی لۆکاڵی لە ئەزموونی هەرێمەکەوە بەدەستیانهێناوە. بەم مانایەش ئەم ڕووداوانە بەرەنجامی ئەو لەخۆتێگەیشتنە نوێیەن کە هاووڵاتیان لەسایەی ئەم ئەزموونەدا بەدەستیان هێناوە و بگرە نیشانەیەکی تەندروستی پێگەیشتوویی خەڵکی هەرێم لە گەڕانیدا بەدوای شوناس، ئاشکرا دەکات .

## دروستکردنەوەی شوناس

ئەگەرچی مەرج نییە مرۆڤ لەئانوساتدا بتوانێت بەو شێوەیە تەعبیر لەخۆی بکات کە ڕەنگدانەوەی لە خۆتێگەیشتنێکی نوێ بێت، بۆیە زۆر جار لەم دۆخانەدا شێوازی دەربڕین لە مانا و ناوەڕۆکی مەبەست جیاواز و بگرە پێچەوانەشە. خەڵك بەشێوازێك

خۆیان دەردەبڕن کە پێچەوانەی داخوازییەکانیانە، یان لە ئاستیاندا نییە.

ڕووداوەکەی سەیسایەق لەو ڕۆژەدا تەقییەوە کە هەواڵی بوونی هەڵەبجە بەپارێزگا بڵاوکرایەوە . سەیسایەق یەکێکە لە نزیکترین شارۆچکەکان لە هەڵەبجەوە و لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە سلێمانی و لە هەڵەبجەش نزیکترە لە سلێمانییەوە، ئەم (نزیک) ی و (دوور)ییە بۆ خۆی زۆر شتمان لەسەر پەرچەکرداریی جەماوەری بۆ ڕوون دەکاتەوە، (نزیک) لەڕووی جوگرافییەوە، بەڵام (دوور) لە ڕووی شوناسەوە، سلێمانی کاتێک شوناس بە هەڵەبجە دەبەخشێت و لەخۆی نزیکدەخاتەوە، لەهەمانکاتدا ئەو هەستە لەلای سەیسایەق دەوروژێنێت کە لە خۆی دووردەخاتەوە. بۆیە لەگەڵ ئەم هەواڵەدا سەیسایەقییەکان ڕووبەڕووی ساتەوەختێك لە خۆتێگەیشتن



بەرامبەر بە هەڵەبجە بوونەوە، مەرج نییە هەمیشە ئەم لەخۆتێگەیشتن و پەرچەکردار و دروستکردنی شوناسی شوێنە، ڕەسەن و دانسقە بێت، مرۆڤ زۆر جار بەشێوەیەکی ڕەسەن پەیوەندی خۆی بەشوێنەوە دروست دەکات، زۆر جاریش نا ئاگاییانە شوێن بەدی دەهێنێت و لەگەڵ شوناسی خۆیدا پەیوەستی دەکاتەوە، جارانگەلێکیش ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەئەنجام دەگات. ئێمە دەزانین هەرشوێنە و لەبەرامبەرشوێنێکی تر و هەرکەسە و لەبەرامبەرکەسانی تر و هەر گرووپەی و لەبەرامبەر گروپەکانی تردا شوناسی خۆیان دروست دەکەن. ئەم ساتەوەختە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە پیمان دەڵێت کە مرۆڤ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ شوێن و شار و ناوچەی خۆیدا هەیە و هەستی شوێن، بەشێکە لە شوناس و لەخۆتێگەیشتن. بۆیە ناتوانین باس لە شوناس پیکەوە بکەین، ئەگەر لەپەیوەندییەکی نەپچڕاودان: شوێن دروستکەری شوناس و شوناس بەرهەمی شوێنە،مرۆڤ لەڕێگەی ژیان و چالاکییەکانییەوە ، مانا بەشوێن دەبەخشێت و شوێن بەشێوەی جیاواز کاریگەری دەکاتە سەر هەستەکان و وێنەی زەینیی مرۆڤ بۆ شوێن لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. شوێن بەهۆی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ لەگەڵیدا هەیەتی و لەڕێگەی ئەزموون و بیرەوەری و ئولفەت پێوەگرتنییەوە، لەڕووی زەینیی و دەروونیشەوە تیایدا نیشتەجێ دەبێت و بەدەروونیی دەکات .لێرەوە، پەیوەندیی مرۆڤ بەشوێنەوە، بەشێکی ئەو پەیوەندییە پێکدەهێنێت کە لەڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا لەگەڵ شوێن هەیەتی . مرۆڤ لەڕێگەی ئەم میکانیزمانەوە، هەموو دەوروبەرێك دەکاتە شوێنێکی تایبەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی، یادەوەریی خۆی، خەیاڵ و ئومێدەکانی خۆی لە پەیوەندیی بەو شوێنەوە ئەزموون دەکات و خەونیان پێوە دەبینێت. کەپرێك لەهاویندا لەسەر کێڵگەیەك، پەرژینێك بەدەوری ماڵ و ژورێکی تایبەت لە خانوودا، شەقامێکی شارو

چاپخانەیەك لە بازاڕوگۆڕستانێك لە گونددا، هەموویان دەچنە ناو ئەم پەیوەندییە شاراوەیەی نێوان مرۆڤ و شوێنەوە .

## گەڕان بەشوێن پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکان

لەم ڕوانگەیەوە، شوێن دروستکەری بەشێکی گرنگە لەکەسایەتی مرۆڤ کە بەهۆیەوە خۆی دەناسێت و لەڕێگەیەوە خۆی دەناسێنێت. لەبەرئەوە، کاتێك یەکەم پەرچەکرداری خەڵکی سەیسایەق لەدوای هەواڵی بەپارێزگابوونی هەڵەبجەوە،گەڕانە بەدوای پێناسەکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی ئەوان دەبەستێت بەسەیسایەقەوە، وەك شوێنێك کەمێژوو، یادەوەری و کەسایەتی خۆیان لەسەر بیناکردووە.ئەم ڕوداوە هیچمان پێنالێت لەوە زیاتر کە شوێن بەشێکە لە شوناس و دەوروبەرکاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و شوێنیش بەشێکی بەدەروونیبووی تاکەکەسەکانە. ئەم قسەیش نەك هەربۆ سەیسایەقیەکان ، بەڵکو بۆ زاخۆیی،ڕانیەیی، قەڵادزەیی،شارباژێڕی، بەردەڕەشی، دوکانی، تەقتەقی، گەرمیانی و گشت شارۆچکەو شوێنە لۆکاڵیەکانی تریش ڕاستە. لەناوەرۆکدا ئەمە پێماندەڵێت کەشوناسی لۆکاڵیی گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئاستی هۆشیاریی خەڵك و یەکگرتوویشیان لەسەر ئەوەی ئەم شوێنە شوناسی ئەوانە، پێ دەڵێت پێمان دەڵێت کەبکەر وەك بەشێك لەخۆی، تەماشای دەوروبەری خۆی و شوێنی نیشتەجێبوونی دەکات.لەوەش گرنگترت ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئازادیی تەعبیرکردن لەشوناس، بەشێکە لەتەعبیرکردن لە ئازادی بەمانا فراوانەکەی، هەرچەندە تەعبیرکردن لەم هەستکردنە بەئازادی و شوناسەوەهەمیشە مەرج نییەلەشێوازێکی شیاووشایاندا دەرکەوێت.لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە، کاتێك منداڵ دەیەوێت تەعبیر لە خۆشەویستی خۆی بۆ دەوروبەر، یان دایك و باوك بکات،

هەمیشە ئەو ڕێگایە ناگرێتەبەر کە ئێمە چاوەڕوانیی دەکەین و ڕەفتاری مانگرتووانە، ڕقاوی و تووڕەیی دەگرێتەبەر.

ئەوەی گرنگە لەم جۆرە کۆڕەفتارە جەماوەرییانە فێریی بین، ئەوەیە کە شوێن ئاراستەکەرو مرۆڤ تاسنوری گیانفیدایی و قوربانیدان دەبات، چونکەبەلایەوە ماناداره‌و لەڕووی زەینییەوە دەیبەستێت بەخۆیەوە، لەبەر ئەوە یادەوەری لەبەرئەوەی یادەوەری لەو شوێنە هەیە،بەشێکە لەمێژووەکەی، ڕابردووەکەی و...هتد.

## هاوسەنگیی و ئاسایشی ڕۆحی

بەمجۆرەش، ئەوەی لە سەیسایەق ڕوویدا، بەشێکی پەرچەکرداری خەڵکەکەیەتی لەئاست کەمتەرخەمییەکان و جولانی حیرس و پەیوەندیی ئەوانە بەشوێنی ژیانیانەوەو بەشێکیشی بریتییە لە هەوڵدان بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی شوناسی شارەکەیان لەبەرامبەر شوێن و شوناسێکی تردا.

ئەم شێوە جووڵەیە، چ لە ئاستی پراکتیکیدا دیاردەیەکە زۆرشتمان لەسەر خەلکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووندەکاتەوە. پیش هەمووشتێك ئەوەی لە سەیسایەق ڕوویدا، ئەوە هەستکردنە بەشوێن، یان گۆڕانێك لەهەستەوەریی شوێن لای خەڵك ئاشکرا دەکات.خەڵك لە پەیوەندییەکی هەستەوەری و دەروونیدان بەرامبەر بەشوێنی ژیانیان و ڕادەی پێوە پابەندبوونیان بەوشوینەوە دەردەخات.

هەستکردن بەشوێن، پرۆسەیەکی هۆشیارانەی مرۆڤەو ئەوەمان پێدەڵێت کەتاکەکان لەڕووی دەروونییەوە هاوسەنگیی و ئاسایشی ڕۆحیان لەگەڵ شوێنێکی تایبەتدا هەیە وەك بڵێی بوونەتەیەك و ئاوێزان بوون. بەمجۆرەش، شوێن لە یەکخستن و

وەکیەکییکردنی خەڵك و ئەو شوناسەدا کەبەدوایدا دەگەڕێن، کاریگەری هەیەو دەتوانین بڵێین: شوێن دروستکەری شوناسە. ئەمجۆرە هەستە لەهەموو دەوروبەرو ژینگەیەکی مرۆییدا، بەتایبەتی شیاوی دووبارەبوونەوەیەو ئاستی جۆربەجۆری خۆدەربڕینیش بەخۆیەوە دەگرێت. هۆکارەکەیشی هەرتەنیا نەبوونی،یان کەمتەرخەمی لەخزمەتگوزاریدا نییە بۆ دەڤەرە لۆکاڵیەکان، بەڵکوهۆکارەکەی سەرهەڵدانی شێوازێکی دیکەی لەخۆتێگەیشتن، دروستکردنی شوناس و گۆڕانێکە لە پەیوەندیی نێوان خەڵك و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا .

هەڵبەت خزمەتگوزارییەکان، بەتەنگەوەچوون، وەڵامدانەوەی دەزگا حکومییەکان و تەنانەت وەپێشچاوخستن و بەسەرکردنەوەی میدیاکانیش، کاریگەری زۆریان هەیە لەسەرکەمکردنەوەی گرژیی و بەرچاوڕوونی و تەنانەت شێوازی دەربڕینی



نارِەزایەتیەکانیش لە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکاندا، بەلام پێویستە هەمیشە ئەو پەیوەندییە شاراوەی نێوان مرۆڤ و شوێن و ناسنامە و کەلتوور، شانازییەکان و ئەو سێمبوول ونیشانانەش لەبەرچاوبگیرێن کەخەڵکی لۆکاڵی دەبەستن بەدەوروبەری ژیانەکی و شوێنی تایبەتی خۆیانەوەو هۆکارێکی هەرە سەرەکیین لە ئاستی دەروونییدا بۆ ڕوودانی ئەم جۆرە ڕووداوانە. ئەوەی لەم ڕووداوانەداو لەپەیوەندیی بەشوێن و شوناسەوە دەوترێ، بەڵام نابینرێ، بریتییە لە هەستکردنی خەڵك بەچوونە پەراوێزەوە،بەبچووکبوونەوە، حساب بۆنەکردن و چاوشکێنی و بەبارمتەگرتنیان لەنێو پەیوەندییە ئیدارییی و بڕیارەکاندا . ئەم هەستکردنە دوای ڕۆڵ و جێبوونەوەو خۆپێناسەکردنەوە دەکات و ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆئەوەی تێبگەین چۆن مامەڵە لەکەڵ کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا بکرێت.

## بێدارکردنەوەی هەستی شوێنویستی

یەکەم: زۆر پێویستە ئەو تەرکیزە زۆرەی لەسەر شارەگەورەکان هەیە، بەتایبەتی هەولێر، سلێمانی و دهۆك، لەچوارچێوەی شانازیپێوەکردن و شارچێتی بخرێتە دەرێ و بخرێتە چوارچێوەی پلانی ساڵانەی حکومەتەوە بۆ پەرەپێدانی یەکسانانەی گشت شارو شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمەوە،چونکە ئەم هەموو جەختکردنەوەیە لەسەر شوێنێك دەبێتەهۆی بێدارکردنەوەی هەستی شوینویستی لەدەڤەرەکانی ترو کەناڵیزەبوونی لەشێوەی پەرچەکرداردا.

دووەم: پێویستە خەڵکی لۆکاڵ و دەڤەرە جیاوازەکان بکرێتە بەشێکی ڕاوێژکاریی سەبارەت بە ئەنجامدانی جۆری خزمەتگوزارییەکان و پیشینەیی و پاشینەییان لەڕووی جێبەجێکردنەوە، نەك بەخشینی هەموو پرۆژەکان بە مقاوەلات و تەندەرو پسپۆڕیی

و بڕیاردانی باڵاخوازانه بەسەر خەڵکەوە . پێویستە خەڵکی لۆکاڵ هەستبکەن ئەوەی جیبەجێدەکرێت، ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت.

سێیەم: پێویستە بڕی بودجەی بۆتەرخانکراوی شارو شارۆچکەکان لەپێشەوە زانراوو ڕاگەیەنراوبێت بۆ هاوڵاتیان و بەهۆی میکانیزمی ڕاپرسیەوە بەشدارییان پێبکرێت لە ڕیزبەندیی و پۆلێنکردنی پرۆژەکاندا.ئەم تەرخانکردنە پێشوەختە ئارامیی و دڵنیاییەکی زیاتر دەبەخشێت و خەڵك لەپێشەوە دەزانن ئەمساڵ چی لەدەورووبەریان دەکرێت و حکومەتیش لەکەناڵەکانی خۆیەوە چاودێری جێبەجێکردنیان دەکات .

چوارەم: بەهەند وەرگرتنی هۆکارەکەلتووری و هەستییەکانی مرۆڤ لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان و چۆنێتی گرنگیدان بەدەڤەرە جیاوازەکان، بەتایبەتی ئەو دەڤەرانەی کەنزیکن لە یەکترەوە. گرنگیدانی زیاتر بەناوچەیەك دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئەو هەستەی ناوچەکانی تر خۆیان لەسیبەردا ببینن و وابزانن پەراوێزخراون و حسابیان بۆ ناکرێت، کەئەمەش پەرچەکرداردەخاتەوە . بەکورتیی ئێمە لەبەردەم واقیعێکی نوێداین، کەبۆ بڕیاردانی سیاسی و ئیداریی پێویست و تەندروست، واچاکە ئەهلی کارو بڕیارئەو گۆڕانە کەلتووری و هەستەکییەش بەهەند وەربگرن کە لەژیان و پەیوەندیی خەڵکدا روویداوەو بۆ تێگەیشتن لەڕووە شاراوەکەی ڕووداوەکان، گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - سەکۆی ئازاد - ژمارە (٦٢٦٢) لە (٥-١-٢٠١٤)

# شەهیدی خەونە بچووکەکان

✍️ سەردار عەزیز

لە ساڵی نەوەدی سەدەی ڕابردوو دێتە دونیاوە، ئەوکاتە سەیدسادق، کە ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی سەد هەزار کەسە، بوونی سڕابووەوە، بۆیە ڕەنگە بڕیار لە لە ئۆردوگای نەسر یان باریکە هاتبێتە دونیاوە. ساڵی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو، بە هیچ پێوەرێك ساڵێکی ئاسایی نییە. گەرچی ئەو بەپێی وەڵامی بۆ ڕاپرسییەکانی ناوبڕوای وەهابوو کە کوردستان سەربەخۆ بێت، بەڵام ناچار لەناو وڵاتێکدا بژی کە ناوی عێراقە. ساڵی نەوەد ئەم وڵاتە سەرەتای کۆتایی دەست پێ دەکات.



بڕیار کە گەورە دەبێت، ڕۆژانی شەڕی کوێت و ئەمریکایە، بەڵام لە هەمووی کاریگەرتر، ساڵانی دوورودرێژی ئابڵوقەیە. ئەو هێشتا تەمەنی ساڵێکەکە، ڕاپەڕین ڕوو دەدات، ئینجا کۆڕەو، پاشان حکومی قەرەقوشی بەرەی کوردستانی، شەڕی نەبڕاوەی ناوخۆ، براکوژی، دابەشکردنی هەرێم، ئاودیو، گەندەڵی. لەگەڵ ئەم هەموو تراژیدیا و ناشیرینییانەدا، بڕیار دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی، پاشان ناوەندی، هەتا پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی - بەشی داتابەیس کۆمپیوتەر، سێ ساڵ لەمەوپێش خوێندن تەواو دەکات. وەك زۆر لاوی تری ئەم ڕۆژگارە، بڕیار نائومێد دیارە، وەك خۆی دەڵێت (جەوی سفرە)، حەزی لە ئۆتۆمبێلە و وەها دیارە کە شۆفێرێکی باش بووە. گەرچی هاوڕێ و دۆستی زۆر بووە و خۆشەویست بووە لەناویان،دا بەڵام وێنەکانی دڵتەنگ و تەنیان. خێزانی ئەو خەڵکی گوندێکی دەوروبەی سەیدسادقن، وەك زۆرێکی تری ئەوشارە، نیوە جووتیاری و نیوە فەرمانبەرین. سەیدسادق لەناو جەرگەی دەڤەری شارەزووردایە. شارێکە کە بە خێراییەکی زۆر گەشەی کردەوە . وەك زۆرێك لە جێگاکانی تری کوردستان، بەهۆی سیستەمی ئابووری و سیاسیی سەقەتەوە، لەکاتێکدا خەڵك لە جێگایەکدا گردبوونەتەوە، بەڵام هچ خزمەتگوزارییەکی شارییانەیان پیشکەش نەکراوە.

سەیسایەقییەکان ئەندازەی گوندیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. ئەو شارە پڕە لە کۆڵانی تەسك و لارولەوێر و داخراو، ئەمە کرۆکی ناڕەزاییەکانە. کاتێك خەڵك دێنە شار و شار، شار نییە، یان ناتوانن شارییانە بژین. شارەکان لە مێژوودا لە زۆر جێگاکانی تری دونیا لە ئەنجامی بازرگانی و پیشەسازی هاتوونەتە دونیاوە. کاتێك جێگایەیك بووەتە شار، ئەوە مانای ئەوە بووە لەسەر ڕێگای بازرگانیی جێگایەکی بایەخدار هەبووە. پاشان کە زانست پێش دەکەوێت، پیشەسازی دەبێتە کرۆکی شاربوون. دەکرێت

هۆکارێکی تر هەبێت بۆ شاربوون، کە ئەویش هۆکاری سیاسییە، وەك دروستبوونی پایتەختەکان، کە هەمیشە ئامانجیان بونیاتنانی دەوڵەت بووە. شارەکانی هەرێم دەرەنجامی هیچ کام لەم هۆکارانە نین، ئەمانە شاری سەردەمی ئابووریی کرێخۆری و نەوتن. ئەم شارانە خەسڵەتی تایبەتیان هەیە، لە سایەی حکومێکی نادیموکراسیدا گەورە دەبن، حوکمێك کە خەونی ئەوەیە هەموو کەسێك بێدەنگ و ڕازی و بێجووڵە بێت. ئەم شارانە بۆ ئەوە دروست نابن بەرهەمهێن بن. دەکرێت سەیدسادق بکرێتە جێگایەك بۆ پیشەسازیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزور، بەڵام شاری نەوتی پێش هەموو شتێك، کشتوکاڵ دەکوژێت، بایەخی کار دەکوژێت.

بەڵام لە هەرێم شاری ئابووریی نەوتی قەیرانی تری زۆریان هەیە. سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، یان ئەوەی لە سیستەمی حوکمڕانیدا پێی دەوترێت حوکومەتی ناوخۆیی، لە هەرێم هێشتا لەسەر مۆدێلی بەعسە. بەعس حوکمەتێکی ناوەندیی هەبوو، کە هەموو بڕیارێك لە ناوەندەوە دەردەچوو، بۆیە کەسەکان لە ناوەندەوە دیاری دەکران و دەنێران تا ببنە حاکم بەسەر شارەکاندا. ئێستاش وەك خەڵکی شارەکە دەڵێن، قائمقامی سەیدسادق خەڵکی شار نییە و بە تەزکیەی حیزب لێرە تەعین کراوە، زۆربەی بەرپرسەکانی تریش. مۆدێلی سەدام بۆ بەڕێوەبردن، بریتیبوو لە دوو توێژ، توێژێك کە چاودێریی شاری دەکرد و خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بوو، وەك ئەمن و ئیستیخبارات و کەمێکیش سوپا، توێژێك کاری بەڕێوەبردنی دەکرد وەك بەشی ئیدارەی شار. هەمان بونیاد و ستراکتۆردرێژەی هەیە، تەنها بە گۆڕانی ناوەکانەوە.

لەم مۆدێلەدا شار وەك جێگایەك دەبینرێت کە دەبێت بەردەوام لەژێر چاودێریدا بێت و کەسانی تایبەت بەم بوارە لە سەرووی یاساوەوەن، وەها باشە خەڵکی شارەکە نەبن،

بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك سڵ لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی حیزب نەکەنەوە. ئەم دۆخە وەهای کردووە کە هەموو جێگایەك دەزگایەکی زەبەلاحی ئەمنیی هەبێت و پێکهاتەیەکی لاوازی کەمتەرخەمی ئیداری. دوو جۆر لە ئەڵتەرناتیڤ هەیە، یان ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەری شار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت، کە من بە مۆدێلێکی گونجاوی نازانم، بەڵام باشترە ئەنجوومەنی شار هەڵبژێرێت و ئەو ئەنجوومەنە کەسی تەکنیکار و تەکنۆکرات بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان دیاری بکات. نەبوونی خزمەت، خراپیی خزمەت، دۆخێکی وەهای دروست کردووە کە شارەکانی هەرێم خەریکە بەردەبنە گیانی یەکتر. ئەم دۆخە زیاتر لەلایەن حیزبی حاکمەوە هان دەدرێت، وەك نەریتێکی ئیستیعماری، پەرتکە و زاڵ بە. ئایا خەڵکی سەیدسادق دژ بە بەپارێزگابوونی هەڵەبجەن؟ ئەوان دەڵێن: نەخێر. بەڵام ئەوان مافیان هەیە کە بڕیار بدەن ئایا بەشێك



بن لە پارێزگای هەڵبجە، یان نا، چونکە لەنێوان ئەو دوو شارەدا، مێژوویەك هەیە، کاتێك سەیدسادق ناحیە بووە، ئەو مێژووە دووبارە و دووبارەبوونەوەی بە دڵی زۆرێك لە خەڵکەکەی نییە. بۆیە لە پێناو پارێزگابووندا دەبێت هەماهەنگی ڕێککەوتن و شێوازی ئیداریی داهێنەرانە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی شارەکان هەریەك بە بارتاقەی خۆی خزمەتی بەربکەوێت. ئەمڕۆ لە کوردستان پرۆژەکان بەگشتی دوو جۆرن: یان هەر ناکرێن، یان کە دەکرێن، سەقەتن. ئاشکرایە کە هەردوو هۆکارەکە گەندەڵییە.

سەیدسادق وەك زۆرێك لە جێگاکانی تری شارەزوور، بەر ئەو نەفرەتەی دەسەڵات کەتووە کە خەڵکەکەی سەر بە حیزبی دەسەڵات نین، بۆیە دەبێت پەراوێز بخرێن. ئەمە وەهای کردووە کە خەڵکی ئەو شارە بڕوایان وەها بێت کە هیچ شارێکی تر هێندەی سەیدسادق پەراوێز نەخراوە. دیارە کۆمەڵێك هۆکار لە پشت زاڵبوونی ڕەوتی ئیسلامی هەتا ئەم دواییە لەو شارەدا هەیە، بەڵام دواهەڵبژاردن، زۆرینەی خەڵکی ئەو شارە دەنگی بە بزووتنەوەی گۆڕان داوە.

بڕیار لە دواپۆستیدا لەسەر فەیسبووك، کۆپلە شیعرێکی نەبەز گۆران دادەبەزێنێت کە لە سەرەتایدا دەڵێت: هیچم نییە، بەس دڵم تەنگە. لە پشت ئەم دڵتەنگییەوە، دونیایەك لە کێشەی کەڵەکەبوو هەیە، کە تەنها بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی ئابووری، ئیداری، کارگێڕی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و لە سەرووی هەموویەوە خوێندن دێتە ئاراوە.

بڕیار خەونەکانی بچکۆلە بوون. کارێك و داهاتێکی هەبێت بۆ ئەوەی بە سەربەرزییەوە ژیانێکی مەردانە بژی، بەڵام لە ئێستای کوردستاندا، هەتا بێت ئەم خەونە سادانە، ئەم خەونە بچکۆلانانە زیاتر و زیاتر مەحاڵ دەبن.

ڕۆژنامەی ئاوێنە - ژمارە (٤١٠) لە ٢٠١٤/١/٧

# دەسەڵاتی کوردی و خولْقاندنی نەهامەتییەکان لە پەراوێزی خۆپیشاندانی هاووڵاتیانی سەیدسادقدا

✍️ عەبدولقادر ساڵح

خۆپیشاندانی سێ ڕۆژەی هاووڵاتیانی قەزای سەیدسادق، خۆپیشاندانێك بوو لە جۆرێکی تایبەت، کە دەتوانم بڵێم تەواو خۆڕسك و هەڵقوڵاو لە ناخی خەڵکی بەشمەینەتی سەیدسادقەوە. ئەو خۆپیشاندانە پڕاو پڕ گوزارشتکردن بوو لە بێزاری



و نیگەرانیی سەیدسادقییەکان لە مومارەسەی حکومەتداری ٢٣ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردی. لەم خۆپیشاندانە ئەوە بەدیار کەوت کە دەسەڵاتی کوردی چەندە بێباکە بەرامبەر بە هاونیشتمانییەکانی، چ بە پشتگوێی خستنیان و چ بە کوشتن و بریندارکردن و گرتن و داپڵۆسینیان، لەم خۆپیشاندانەدا دەرکەوت کە تاکی کوردی لە ڕووی هۆشیاریی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەوە بە چەندین قۆناغ پێش دەسەڵاتە حوکمڕانەکەی کەوتووە کە ئامادەیە بە تفەنگ و گوللەی ڕاستەقینە جەرگی دایکی ڕۆڵەکانی بسوتێنی، لە پەراوێزی ئەو خۆپیشاندانەدا دەکرێت هەڵوێستە لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ بکەین:

یەکەم: بێباکیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حسابنەکردن بۆ خواست و داوای خەڵکی و هەروەها پەلکێشکردنی چەندین هێزی نیزامی چەك و دار بەدەست ئەوەندەی دیکەی خەڵکی توڕە دەکات و دواجار لەبری وەڵامدانەوەی خواست و داواکارییەکانیان، دەکەونە پەلاماردان و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی نادروست کە ئەوەش سەرەتایەکی خراپ دەبێت لە وەڵامدانەوەی دەسەڵات بەرامبەر بە داوا و خواستی خۆپیشاندەرانی نارازی و توڕە. لە ماوەی زیاتر لە بیست و دوو ساڵی ئەزموونی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردیدا ئەمە مامەڵەی ئەو دەسەڵاتە بووە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا ، سەرەتا ئامادە نین گوێ لە داوا و خواستەکانیان بگرن و وەڵامیان بدەنەوە و بچنە لای خۆپیشاندەران و دواجاریش لە ڕێگەی هێزەوە خۆپیشاندەران ناچار بە بڵاوەپێکردن دەکەن و وایان لێدەکەن کە خۆپیشاندەر پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، کە دواتر لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە هەم ئۆباڵی کەوتنەوەی توندوتیژی دەخەنە ئەستۆی خۆپیشاندەران و هەم پاساو بۆ پەلامار و کوشتن و بریندارکردن و قۆڵبەستکردنی خۆپیشاندەران دەهێننەوە.

دووەم: دەسەڵاتی کوردی خۆی باش دەزانێت لەبەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا چی پێشکەشکردووە و چی پێشکەش دەکات و لەم پێناوەشدا نەگوێ بە یاداشت و داوای مەدەنیانەی خەڵك دەدات و نەحسابیان بۆ دەکات، بەڵکو بارەکە بەم چەشنە درێژە پێدەدات و بە پێوەر و هەڵسەنگاندنی نادروست و ناواقیعی پلەبەندی خواست و داوای دانیشتوانی ناوچە جۆراوجۆرەکان دەکات و حساب بۆ زەرورەت و ئەولەوییەتی ناوچە جۆراوجۆرەکان ناکات، ئەمەش وادەکات خەڵکی ئەو ناوچانەی کە پێویستیان بە خزمەتگوزاری زیاترە تورە ببن و خۆیان بخۆنەوە و هەوڵی تۆڵە سەندنەوە بدەن، بێگومان ئەمەش نەریت و سیاسەتێکی دیکەی دەسەڵاتی کوردییە لە فەرامۆشکردنی داوا و خواستی هاووڵاتیان تاوایان لێدەکات کە خەڵکی خۆرسکانە پەنا بەرنە بەر خۆپیشاندان و دەربڕینی تورەیی و نارەزایەتی پەنگخواردووی ناخیان، دواتر کاتێك بارودۆخەکە دەتەقێتەوە و دەسەڵات دەکەوێتە بەردەم ئەمری واقیع و دەستەوسان دەبێت و چارەسەری بارەکەی پێناکرێت، ئەوا پەنا دەبات بۆ ناردنی وەفدی حکومی و دانی بەڵێنی گەورە و تەرخانکردنی بوجەی قەبە و زەبەلاح بۆ خەفەکردن و خامۆشکردنی تورەیی خەڵکی خۆپیشاندەر و تورە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە کە خاوەنی بوجەیە و دەسەڵاتی تەرخانکردنی بوجەی هەیە تا خەڵکی نەڕژێتە سەر شەقامەکان و شەهید و بریندار نەکەوێتەوە و دەیان کەس قۆڵبەست نەکرێت، ئامادە نییە ئەو بوجە نوستووە بخاتە خزمەتی خەڵکەوە!! خۆ گەر دەڵێت بوجە نییە، ئەی چما خێربوو لە کون فەیەکونێکدا بوجە پەیدا دەبێت و بەڵێنی سەرفکردنی دەدرێت؟؟ ئەی بۆچی کاتێك کە بوجە هەیە و خۆشیان باش دەزانن خواست و داوای هاووڵاتییان چییە، ئامادە نین بەدەم خواست و داواکاری هاووڵاتیانەوە بچن، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت

و خەڵکی تێدا بدرێت بە کوشت؟؟

سێیەم: کۆمەڵێك لە سەرۆك و بەرپرسی یەکەی ئیداری ئەوەندە لەسەر کورسییەکانیان ماوەنەتەوە کە ژەنگیان هێناوە و کردوویانە بە موڵکی باو باپیریان و وانازانن دەبێت ڕۆژێك ئەو کورسی و پۆستانە چۆڵ بکەن، ئەمەش عەیبە و هەڵەیەکی زەقی دیکەی دەسەڵاتی کوردییە، کاتێ دەسەڵاتی کوردی لەسەر بنەمای حیزبی و ئیستیحقاق بەرپرس دادەنێت و ئامادە نییە لەسەر کەموکورتیی و گەندەڵی و کەمتەرخەمییەکانیان لێپرسینەوە لەو بەرپرس و سەرۆکی یەکەی ئیدارییانە بکات کە سەر بە حیزبەکەی خۆیەتی و هەروەها لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن ناکات بۆ کارەکانیان و گرنگ ئەوەیە بەلایەوە کە کەسێکی سەر بە حیزبەکەی خۆیەتی، ئیتر بارەکە وای لێدێت کە ئەو جۆرە بەرپرسانە بەدەگمەن لە پۆستەکانیان لاببرێن و دەبن بە دێوەزمە و کابوس بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکەوە و لە نێو گۆماوی گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەتدا نقوم دەبن، چونکە نە کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و نەترسی ئەوەشیان هەیە لە پۆستەکانیان دوور بخرێنەوە ، هەر بۆیە لادان و دوورخستنەوەی ئەم جۆرە کەسانە دەبێتە خەونی هاووڵاتیان و دەبێتە دروشم و خواستەکانیان و کار لەسەر دوورخستنەوەیان دەکەن، خۆ گەر دەسەڵاتی کوردی جارو بار پێداچوونەوە بەمجۆرە بەرپرسانەدا بکات و ماوە ماوە گۆڕانکارییان تیا بکات و جاروبار هەڵسەنگاندن بۆ ئەدایان بکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، ئەوا بێگومان کار ناگاتە ئەو ئاستەی بە کورسیەکانیانەوە ژەنگ بهێن و دورخستنەوەیان ببێت بە مەحاڵ.

بەم چەشنە دەبینین کە دەسەڵاتی کوردی خۆی سەرچاوەی کەوتنەوەی قەیران و خۆپیشاندانەکانە و هەروەك خۆیشی زیاتر پەرەی پێدەدات و دواجاریش تا کار لە

کار نەترازێت ئامادە نییە بێتە ناو ڕەوشەکە و چارەسەری بکات. بێگومان بەم چەشنە مومارەسە و ئەزموونەش دەبێت ڕۆژانە چاوەڕیی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی دەیان شاروشارۆچکەی دیکەی هەرێم بکەین و هەروەك دەبێت چاوەڕیی  شەهیدبوون و بریندار بوون و قۆڵبەستکردنی دەیان هاونیشتمانی ئەم هەرێمەش بکەین.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی - ژمارە ١٢١٨ لە ٨-١-٢٠١٤

## سەیدسادق قسەی خۆی کرد

✍️ کاوە ئەمین

وابزانم ساڵی ١٩٨٥ بوو، گەرمەی شەڕی عێراق و ئێران بوو، شەوێکی هاوین لەگەڵ هاوڕێیەکدا سەردانی ماڵەخزمانمان لە سەیدسادق کرد، ئەو شەو هێزەکانی ئێران بە چڕی بۆردوومانی شارەکەیان کرد و لێرە و لەوێ بوو بەتەقە. ئیدی ئەو شارە بووە گۆڕپانی ڕمبازێنی دوو وڵاتی داگیرکەر و بووە وێرانە و خەڵکەکەی ئاوارە بوون. لەدوای ڕاپەڕینەوە جارێکی دیکە خەڵکەکەی گەڕانەوە و دەستیان بە ئاوەدانکردنەوەی



شارەکە کرد، بەڵام شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی وەکو زۆرشوێنی دیکەی کوردستان، ڕێگربوون لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ئەم شارە و تا ئێستاش کاریگەریی هەرماوە.

ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی پێشووە. دیارە ئەو هەڵچوونە تا ئەو ڕادەیەی کە گەیشتبووە دەربڕین و هەڵڕشتنی ڕق و کینە، هی ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو، بەڵکو وەکو کورد دەڵێت: جام کە پڕ بوو، لێی دەڕژێت. بەڵام دیاربوو کە چاوەڕێی هەلێك بوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان. ڕەنگە ڕەخنەیەك کە لەو خۆپیشاندانە دەگیرێت و بە ڕەوا بزانرێت، ئەوە بێت کە بۆچی لەو ڕۆژەی بڕیاری بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە دەدرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەو خۆپیشاندانە دەستپێکرد و لە هەندێك لاوە نەشاردرایەوە کە بەشێك لە خۆپیشاندانەکە دژی بەپارێزگابوونی هەڵەبجەیە.

من ڕۆژی دووەمی خۆپیشاندانەکە لەگەڵ تیمی ڕووداو لە سەیدستدق بووم و کۆمەڵێك شتم بینی کە لێرەدا بە کورتی تیشکیان دەخەمە سەر. هەتا ئێستاش لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، سەیدسادق لە شارێکی وێرانە دەچێت، ئەوە لەکاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە نزیکەی ٨٥ هەزار کەسە، کاتێك بەراوردی دەکەین لەگەڵ شارۆچکەیەکی وڵاتیکی پێشکەوتوو، بێ دوودڵی هەق بە خۆپیشاندەران دەدەی. دەبووایە حکومەت خۆی دەستپێشخەری بکات لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەی زۆرترین زیانیان پێگەبشتووە، نەك لەژێر گوشاری خەڵك و خۆپیشاندانەدا زیاتر لە خۆپێشاندانەکانی فەلەستین دەچوو کە ناویان نابوو "شۆڕشی بەرد"، شەقامە سەرەکییەکەی کە شارەکە دەکات بە دووبەشەوە و هەڵەبجە بەو شارەوە دەبەستێتەوە، بە بەرد داپۆشرابوو کە خۆپیشاندەران گرتبوویانە هێزە ئەمنییەکان. دووکەڵی بۆمبی غازی

فرمێسکرێژ وەکو تەمێك لەسەر چەقامەکان و بەناو کۆڵانەکانیشدا بڵاودەبووەوە. یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا بۆنی ئەو دووکەڵە وەکو جگەرخوێنی شاعیر دەڵێت "کەتە پۆزێ من" بۆنێکی ناخۆش کە مرۆڤ هەست دەکات چاوەکانی دەردەتۆقێن و بۆرییەکانی هەناسە وا لێدەکەن نەتوانیت بە ئاسانی هەناسە بدەی. ئەوەی بەلامەوە سەیر و جێگای پێکەنین بوو، مێردمنداڵێك دەیگوت "مامۆستا ئاو و لیمۆ باشە" لە دژی ئەو غازە. خەڵکێکی زۆر بریندار بوون لە هەردوولا کە زۆربەیان خۆپیشاندەر بوون. خۆپیشاندەران گرووپیکی تایبەت نین، بەڵکو دەستە و تاقمی جۆراوجۆرن کە مۆرکی لایەنە سیاسییەکانیان پێوەیە، تەنانەت شێوەی جل و دەموچاویشیان جیاواز بوو، ئەوەی کە جێگای سەرنجە تەنیا ژنێك لە نێو خۆپێشاندەراندا نەدەبینرا و خۆپێشاندانێکی تەواو پیاوانە بوو، سەیرە ئێمە لە خۆپێشاندانکانیشماندا جیاوازین. ئەوانەی کە خۆپێشاندانیان دەکرد و زۆربەی دەستگا ئەمنییەکانیش، خەڵکی یەك شار بوون، بەڵام هەندێك جار بە چاوی غەزەبەوە و دوژمنانە تەماشای یەکدییان دەکرد.

ئێمە سەردانی ماڵێکمان کرد کە کوڕەکەیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دەستگیرکرابوو،شەو چوینە سەر ماڵەکەیان، ئەمەش فەرهەنگێکە کە لای ئێمەی کورد نامۆ نییە، ئەگەرچی گلەیی ئەوەی هەبوو کە لەکاتی دەستبەسەرکردنیدا ئازاریان پێگەیاندبوو، بەڵام ئەوەشی نەدەشاردەوە کە لەکاتی گواستنەوەیان بۆ سلێمانی و شەوێك مانەوەیان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە . گفتوگۆی نێوان ئەو گەنجەو دایکی بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو، گفتوگۆ لەسەربوون و نەبوونی هەڵەبجە بە پارێزگا. کوڕەکەی دەیگوت کەس پرسی بە ئێمە نەکردووە و دەبێت خەڵکی شارەکە بڕیار بدەن لەسەر هەڵەبجە بین یان نا؟ بەلام دایکی بەشێوەیەکی دیکە بیری دەکردەوە و دەیگوت دەبێت پشتیوانی لە هەڵەبجە بکەین و پیرۆزباییان لێبکەین، بۆ شارەکەی

خۆشمان واباشترە سەربە هەڵەبجەبین، ئاخر ئەگەر ئێمە پرۆژەیەك بۆ شارەکەمان دەربچێت و جیبەجێ نەکرێت ئاسانترە بچین یەخەی پارێزگاری هەڵەبجە بگرین، هەرهیچ نەبێت خەڵکێکیان لێدەناسین، بەڵام کوا لە سلێمانی گوێمان لێدەگیرێت، پەنا بۆ کێ بەرین!

تۆری میدیایی رووداو بەشێوەیەکی زۆر بێلایەنانە بە درێژایی ئەو ڕۆژە و دواتریش ڕووداوەکانی وەکو خۆی بڵاوکردەوە، خەڵکەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکردین،هەموو کەس دەیانویست لەسەر شاشەی رووداو خۆیان ببیننەوە و کەسێك نەبوو بڵێت لێدوان بۆ ڕوودو نادەم، لەگەڵ ئەوەشدا هێزە ئەمنییەکان نەیانهێشت تیمی ڕوداو کاری خۆی بکات.

گومان لەوەدا نییە کە خەڵکانێك دەیانەوێت ماسی لە ئاوی لێڵدا بگرن و تەسفیەی حساباتی خۆیان لە ڕەوشێکی وەهادا بکەن، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێك لەو گەنجانە بۆی گێڕامەوە کە تەلەفزیۆنی سەحەر زۆر بەگەرمی بەدوای گیراوەکاندا دەگەڕان، کاتێك لەکاتی ئازادکردنیاندا لێیان پرسیوە. ئایا دەزگا ئەمنییەکان ئەشکەنجەیان داون؟ گەنجە گیراوەکە لە وەڵامدا پێیان دەڵیت بڕۆن لەسەر گەنجە لەسێدارەدراوەکانی کورد لە ئێران ڕاپۆرتێك بکەن، ئەوکاتە وەرنەوە قسەتان بۆ دەکەم.

گرنگە حکومەت کارێك بکات کە بە خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ خەڵك ئاشتبێتەوە، نەك بە قسە و بەڵێنی بێ بنەما، بان دروستکردنی لیژنە، ئاخر دروستکردنی جادە و پرد لیژنەی بۆ چییە؟

خۆپیشاندەرانیش هەرچەندە تووڕەش بن، ڕێگای دوور لە توندوتیژی هەن بۆ

گەیاندنی داخوازییەکانییان بە دەسەڵات، کورد گوتەنی ئەگەر گۆشتی یەکتریش بخۆین نابێت ئێسقان بشکێنین و خوێن بڕێژین.

سەیدسادق قسەی خۆی کرد، ئێستا نۆرەی حکومەتە وەڵام بداتەوە، بەڵام بە کردەوە نەك بە قسە.

لە ڕۆژنامەی ڕووداو - ژمارە (٢٩٢) لە (٢٠١٤/١/٧) لاپەڕە ٢١ بڵاوبووەتەوە

# سەیدسادق وەك غەزەب

✍️ عەزیز ڕەئووف

ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات، چاوەڕوانکراو بوو. هەموو دەمانزانی بۆشاییەك هەیە، ئەگەر پڕ نەکرێتەوە، دەبێت چاوەڕێی غەزەبی گەورەتر بکەین. ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات، مۆدێلی فەرامۆشکردنی نەوەیەکە، پەراوزێخستنی نەوەیەکە کە دواجار چاوەڕێی تەقینەوەی گەورەتری لێ دەکرێت.

سەیدسادق نموونەیەکە لە غەزەبی نەوەیەك کە چاوەڕێ دەکرێت زۆر شت لەگەڵ خۆیدا بسوتێنێت. گەنجێکی خێرنەدیوی سەیدسادق چیی هەیە بیدۆڕێنێت؟ چی



هەیە لەدەستی بدات؟ من دەزانم ئەوەی لەم شارە ڕوو دەدات، یەکەم سەرهەڵدان نییە و دوا سەرهەڵدانیش نابێت، بەڵکو ئێمە لەبەردەم بەرپرسگەلێکی بێباکداین کە بێئاگایە لەوەی لەشەقامدا چی ڕوو دەدات، بێئاگا لەوەی شۆڕشەکان و ناڕەزاییەکان لە خەڵکەوە دەکرێن و لە شێوە و فۆرم و دەرکەوتەی نوێدا خۆی مانڤێست دەکاتەوە.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە، بریتییە لە مانڤێستکرنی توڕەییەکان و گواستنەوەی بۆ شەقام لەلایەن گەنجانەوە. یەکەم کەس کە شەهید دەبێت گەنجە و زۆرێك لە خۆپیشاندەرانیش لە گەنجانن. ئەمەش پێمان دەڵێت کە دروست نییە ئەم جۆرە لە ناڕەزایی تەنها لە خزمەتگوزاری و لابردنی دەموچاوی چەند بەرپرسێکی ناوچەکەدا کورت بکەینەوە، ئەم نەوەیە هەڵگری خەونی گەورەیە. تەماشا زۆرێك لە خوێندکاران دێنە سەر شەقام و بە بەڕێوەبەری پەروەردە دەڵێن: ئیرحەل. ئەم جۆرە لە ناڕەزایی زیاد لە دەرکەوتەیەکی هەیە و گرنگترینیان ناڕەزایی نەوەیەکە خەونی گەورەی هەیە و خەونەکانیشی لەبار دەبرێن. نەوەیەك لە سیستەمی حوکمڕانییەوە بۆ سیستەمی پەرەوەردە، لە بەرپرسی بەڕێوەبردنی شارەوە بۆ یەکە ئیدارییەکانی تر جگە لە کاتکوشتنێکی گەورە زیاتر، چیدی نییە.

بۆ ئەم نەوەیە دەموچاوی هەڵبەستووە و ڕووخساری کارەکتەری خۆپیشاندەر دیار نییە؟ ئەمە دەرکەوتەیەکی نوێیە کە نەوەیەك هەیە هیچ متمانەی بە دەسەڵاتەکەی نەماوە و ئەم جۆرە لە ناڕەزایی کە دەبینین کەس گوێی لێ ناگرێت و لە ڕابردووشدا کەس نەبووە گوێی لێ بگرێت، بەرەو ئاقارێکی تر دەچێت. خەباتی نهێنی و هەوڵدان بۆ بریندارکردنی دەسەڵات لە تاریکیدا، ئەمەش تەواو دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی ترسناکتر دەبات. هۆکارێکی تری ئەم ڕووخسارداپۆشینە بۆ ئەوەیە هێزەکانی ئێمە

بێئاگا لەوەی دەستگیرکردنی ئەم گەنجانە سوودی نییە، دەیانناسنەوە و لە ماڵەکانەوە بۆ زیندانەکان دەیانگوازنەوە. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕووخساری خۆپیشاندەر دیارە، کاتێك خۆپیشاندەر متمانەی نەما و ڕووخساری داپۆشی، دەبێت چاوەڕێی هاتنی فۆرمێکی تری دەربڕینی ناڕەزایی بکەین، کە بێگومان بە ئەم جۆرە لە خۆنمایشکردن بە هێمنی ئەنجام نادرێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێباکییەی بەرپرسانی ئێمە ئولفەتیان پێوە گرت و لەبەرخۆیان ئاگایان لە کۆمەڵگە نەما و نەوەکانیش ئومێدیان بە دەسەڵات نەما.

ڕقێکی گەورە لە ڕووخساری ئەم نەوەیەدا دەبینم. ناخۆشترین دەرکەوتە بۆ هەر تاکێك ئەوەیە کە ئومێد لەدەست بدەی. ئێمە ئێستا لەسەردەمی بێئومێدییەکی کوشندەداین. نە سندووقی دەنگدان ئومێدی گەڕاندەوە، نە مانگرتن و خۆپیشاندان. ئەم نەوە تووڕەیە، هەڵگری ڕقێکی گەورەیە لە ژیان و دەسەڵات و پێدراوەکانی کۆمەڵگە.

سەیدسادق پێمان دەڵێت کۆمەڵگەی ئێمە لەبەردەم پارچەپارچەبوون و تێکشکانێکی گەورەدایە و کەس ئەوی تر ناخوێنێتەوە. ئەگەر هەر هەوڵێك هەبێت بۆ بچووککردنەوەی کێشەکانی ئەم شارە بە ناوچەگەرێتی، ئەوا بەر لە هەر شت دەسەڵاتی کوردی دەستی هەبوو لە زیندووکردنەوەی ڕۆحی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی و فێستیڤاڵی عەشیرەتەکاندا. هەمیشە شەهرلعەسەلێك هەبووە لەنێوان حزبەکان و خێڵەکاندا. ڕۆحی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و جیاکاریی سلێمانی لە هەولێر و زاخۆ لە کفری، بەرهەمی ئەو عەقڵیەتە بچووك و خێڵەکییەی هێزەکانی ئێمە بووە کە بەردەوام شارەکان و تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لە یەکتر جیاکردووەتەوە تا خەمی یەکتر نەبینن.

ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات،  دۆخێك نییە وا بەئاسانی لێی دەرباز بین. ئەوە ڕق و بێئومێدیی نەوەیەکە لە سەری ساڵدا دێتە سەر شەقامەکان، لەکاتێکدا زۆرێك لە بەرپرسانی ئەم نەوەیە بۆ کریسمس لە دەرەوە ئاهەنگی سەری ساڵ دەگێڕن. ئەگەر ئاهەنگی کریسمس لەگەڵ ئەم نەوەیەدا نەکەیت و کێکیان لەگەڵدا قاژ نەکەیت، دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئاهەنگەکەت لێ تێك بدەن.

ڕۆژنامەی ئاوێنە - ژمارە (٤١٠) لە ٢٠١٤/١/٧

## خەڵکی سەیدسادق بۆچی خۆپیشاندانیان کرد؟

✍️ مەحموود عەبدولکەریم

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابوردوودا  شاهێدی بینینی زنجیرەیەك خۆپیشاندان بووین لە قەزای سەیدسادق  و میدیاکانی هەرێمی کوردستانی سەرقاڵ کردبوو بەخۆیەوە، ئەوەی جێگەی ئەسەف بوو  گیانلەدەستدان و شەهیدبوونی  گەنجێك بوو  بە ناوی (بڕیار حەسەن) لە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکاندا. سەرەتا خۆپیشاندانەکە خۆڕسك بوو، بە مانای ئەوەی ڕێکخەرێکی دیارکراوی نەبوو، بەڵکو ڕێکخەرەکەی هاوقەناعەتیی بەشداربوان بوو لەسەر کەمیی خومەتگوزاری لە شارەکەدا. دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە بە ژمارە کەمبوون، بەڵام بەشداربوان لە ناخیاندا



دنیایەك لە گرفت و کەموکوورِیی شارەکەیان هەڵگرتبوو. هەر بۆیە تورەیی و نارەزایی بە ئاشکرا لە رووخسارياندا دياربوو.

ئەو خۆپیشاندانە دەربرینێکی قەتیسماوی گەنجانی ئەو شارە بوو کە لە رێگەی خۆپێشاندانەوەوە دەريانبری. خۆپیشاندانایان کرد بۆ کەموکوورِییەکانی شارێك کە لە پەراوێزی ژیانی سەردەمدا دەژی، ئەو شارەی میراتگری شارەزوورە، شارێك لە رابوردوودا خاوەنی قوربانیدان و فیداکاری بوو، شوێنی بەرخودان و شۆرِش بوو، لە زەمەنی بەعسدا لەژێر رەحمەتی تۆپ و فیشەك و بارووتدا بوو، ئەو شارەی لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن رژێمی بەعسەوە خاپوور کرا و تا ئێستاش هیچ حسابێکی ئەو خاپوورکردنەی بۆ نەکراوە. ئەو شارەی کە لە رووی ستراتیژ و پێگەی جوگرافی دەخوازێت ببێتە جوانترین شاری کوردستان و هێزی راکێشانی تایبەتی هەیە بۆ زیادبوون و فراوانبوون، بەڵام بەداخەوە کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەت هیچ ئەو گرنگی و تایبەتمەندییەیان بە هەند وەرنەگرت و وەك شارێکی ئاسایی و پەراوێزخراو مامەڵەیەیان لەگەڵ کرد، هەر بۆیە دەبینین ئەو شارە خاوەنی دەیان کێشەی کەڵەکەبووە.

ئەوەی خۆپیشاندەران کردیان، پەیامێکی توندبوو لە ئاست ئەو بێباکییەی کە چەندین ساڵە بەرامبەر ئەو شارە هەیە. ساڵانی رابوردوو لە رێگەی دەستە و کەمپین و گرووپی جۆراوجۆرەوە زۆرمان هەوڵدا، بۆ دەستخستنی مافەکانی خەڵکی ئەو شارە بەشێوەیەکی تەواو مەدەنییانە، بەڵام بەداخەوە کەس گوێی نەدەگرت و یاداشتەکانمان دەبوونە پەرەیەك لە مێژووی رابوردوو، تەنها ئەوە بوو دەمانویست بە رێگەی دیالۆك گرفتەکان بخەینە روو، بۆ ئەوەی خوێن نەرژێت و بریارەکان شەهید نەبن، بۆ ئەوەی

کەس بریندار نەبێت، بۆ ئەوەی ماڵی دەوڵەت زیانی بەر نەکەوێت، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك تێك نەچێت، بۆ ئەوەی نەبینە بارگرانی بەسەر دۆستان و دڵسۆزانی سەیدسادقەوە.

بەداخەوە هەوڵی زیاد لە دە ساڵی خەمخۆران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی و پارێزەران و خوێندکارانی ئەو شارە، هێندە گوێی پێ نەدرا کە نەگاتە ئەو ئاستە. ئەوەی ئێستا دەوترێت، دەیان جار لە ڕێگەی کەمپینەکانەوە ئاراستەی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات کراوە، لە یەکەی ئیداریی شارەکەوە تا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لەو پێناوەدا چەندین هەوڵ دراوە، ئەم قسە تەنها بۆ تاوانبارکردنی دەسەڵات و لایەنی پەیوەندیدار نییە، بەڵکو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی توندووتیژی ڕووی نەدا، لە ڕابوردوودا ئەو داخوازییانە بە هەند وەرنەگیران، هەر بۆیە دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کە دەبێت بە خۆپیشاندان و خوێن پەیامی پێ بگەیەنیت، ئەمەش نەریتێکی خراپی حوکمڕانییە لە کوردستاندا.

دەخوازین حکومەتی هەرێم وانەیەك لەو ڕووداوانە وەربگرێت، پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکات، پلانی بۆ خەرجکردنی بودجە هەبێت، زیاتر گرنگی بەو شوێنانە بدات کە لە ڕابوردوودا خاپوور کراون، وەکو مافێکی ئاسایی خۆیان.

ڕۆژنامەی هاووڵاتی - ژمارە (١٢١٧) لە (٧-١-٢٠١٤)

# شەهید بڕیار دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا

✍ د. سەلام عەبدولکەریم

هێشتا دروشم و وشەکانی سەر لافیتەکەی دەستی شەهید بڕیار لە زیهنی مندا دەزرنگێتەوە (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان؟!) لەڕاستیدا هەرکەس ئەو وشانەی سەر ئەو لافیتەیەی نووسیبێت، زۆر ورد و بابەتی بووە، تێیدا زۆر جوان گوزارشت لە ناخی گەنجان و قوتابیان و خوێندکارانی شار کراوە.

بێگومان ناسۆری نەبوونی کۆلێژ یان پەیمانگەیەك لە ناخی هەموو تاکێکی ئەم شارەدا بوو، لەلایەك نادادپەروەری لە کردنەوەی ئەو دامەزراوانە لە شارێك و فەرامۆشکردنی لە شارێکی دی، هەروەها درەنگ پێگەیشتنی کادیرانی ئەکادیمیی خاوەن بڕوانامەی



ماستەر و دکتۆرا لە لایەکی ترەوە، هۆکار بوون بۆ ئەو نادادپەروەرییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شار بەردەوام ژانی لەدایکبوونی کۆلێژ و پەیمانگەیەکی لەخۆدا هەڵگرتبوو.

پێش خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی (٢٠١٤/١/٢) زۆر هەوڵ درا، هەوڵی کەسی، هەوڵی ڕێکخراوەکان، هەوڵی حیزب، ئیمزا کۆکردنەوە، بەدواداچوون و ... تاد، بەڵام هیچیان هێندەی خۆپیشاندانی گەنجانی بەشمەینەتی ئەم شارە و خوێنی بەناڕەوا ڕژاوی شەهید بڕیار، کاریگەری و قورسایی لەسەر حکومەت و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دانەنا بۆ کردنەوەی ئەو دامەزراوانە لە شارەکەدا، بە جۆرێك تا شەهید بڕیار شەهید نەکرا و لافیتەکەی دەستی لە میدیاکاندا نەخرایە ڕوو، نەزانرا کە ئەو شارە چەند نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت، دەیەوێت وەك هەر نیشتمانێکی تر لە ڕەوتی شارستانیەت دوانەکەوێت و لە هەموو شار و ناوچەیەکیدا کۆلێژ و پەیمانگە و دامەزراوە زانستییەکان هەبن.

کاتێك بڕیار شەهید کرا و لافیتەکەی دەستی بوو بە هێمای خۆپیشاندانەکان، هەر ئەوەش هۆکارێك بوو کە ناخی بەرپرسانی حکومەت بهەژێنێت، بەتایبەت لە سەردانی لیژنەی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی سەیدسادق و لەلایەن خودی کاك بەرهەم برای شەهید بڕیار، کە وێنەکەی شەهید بڕیار بە لافیتەکەوە درایە دەستیان، ڕەوایەتیی داواکارییەکەی بەرجەستە بوو، خۆشبەختانە حکومەت وەڵامی داواکارییەکەی شەهید بڕیار و خواستەکانی دایەوە.

شەهید بڕیار دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا. پاش کردنەوەی فاکەڵتیی پەروەردە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە، ئێستا دوو ساڵە پرۆسەی خوێندن لە فاکەڵتییەکەمان بەردەوامە. قۆناغی یەکەم زیاتر لە (١٢٠) خوێندکار و

قۆناغی یەکەمی ئەمساڵی خوێندنیش زیاتر لە (١٢٠) خوێندکاری تر وەرگیراون، بڕیاریشە دوای ساڵی نوێ، دەست بە دەوام بکەن. بیرمە کاتێك بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلێمانی کە ڕەزامەندیی لەسەر کردنەوەی کۆلێژێك دەربڕی، پێی وتم :"هەوڵ بدەن ئەم کۆلێژە بکەن بە بناغەی زانکۆیەکی سەربەخۆ لە داهاتوودا، وەك هەموو ئەو شارانەی تر، کە لە کردنەوەی کۆلێژێکەوە بوون بە زانکۆیەکی سەربەخۆ".

بۆیە ئێستا دوای شەهید بڕیار، لە شارەکەدا بناغەی زانکۆیەك بەدی دەکرێت، پێویستمان بە هاوکاریی هەموو لایەك هەیە بۆ سەرخستنی. سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییانە دەکەین کە هاوکارمان بوون، بەتایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و قایمامییەت و سەرجەم دامەزراوە ئیدارییەکانی شارەکەمان.

بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین، ڕاستە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆلێژەکە و بەشە ناوخۆییەکان بە خۆبەشخانە لە ئەستۆی ئێمە بووە، وەك چەند مامۆستایەکی ئەم شارە و هەروەها ئەو ستافە زانستی و ئیدارییەش کە لە ڕاگرەوە تا سەرۆکایەتیی هەردوو بەشەکانی جوگرافیا و مێژوو، فەرمانبەرە دڵسۆزەکانمان، بەڵام هەمیشە لەبەردەم خوێنی شەهید بڕیاردا خۆمان بە بەرپرسیار زانیوە کە هەست بە ماندوێتی نەکەین.

ئێستا ئەم کۆلێژە هێمای شەهید بڕیار و بەرهەمی خوێن و برینداربوون و خۆپیشاندانە خۆڕسك و ڕەواکەی ئەوانە. لێرەوە بەڵێنی بەردەوامی بە شەهد بڕیار و هاوڕێکانی و ئەو شارەش دەدەین، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن لە کۆلێژەکە و شارەکەماندا.

خۆشبەختانە چیمان پێ کرا بێت بۆ بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهد بڕیار، درێغیمان نەکردووە. هۆڵی یەکەمی وانە خوێندنی خوێندکاران، بە (هۆڵی شەهید بڕیار) ناو نراوە، هەروەها بەشەناوخۆیی کوڕان بە ناوی بەشی ناخۆیی شەهید بڕیاری کوڕان ناو نراو، کە ئەوەش وەك دەستکەوت و سەروەرییەکی لەیادنەچووی شەهید بڕیار دەمێنێتەوە.

دواجار سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهید بڕیار، کە دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا.

# له پەراوێزی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادقدا
# قسەیەك دەربارەی حوکمداری و بەڕێوەبردن

✍️ فازیل ئەحمەد

پرسێك کە هەمیشە مایەی تێڕامانە، حوکمکردن و بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کۆمەڵگایە لە دونیای ئێمەدا. حوکمکردن و بەڕێوەبردنە کە زیاتر گرێدراوی سەپاندن و توندووتیژییە، گرێدراوی ترسە نەك قبووڵکردنێکی ئارەزوومەندانە. بەڕێوەبردن و حوکمکردنێك کە نەیتوانیوە ئەم کایە وەك پەرپرسیارێتی ببینێت و نەیتوانیوە لەگەڵ داواکاری و خواستی ئەوانی تردا هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت و وەڵام و پەرچەکردارەکان بەپێی واقیعەکە بگونجێنێت و بخوێنێتەوە.



ئەم مامەڵەیە لەگەڵ خواست و داواکاری و پێداویستیی مرۆڤ لە دونیای ئێمەدا، بە ئەنجامێکمان دەگەیەنێت  کە هەر مامەڵەیەکی ڕووکەشی کە تەنیا ڕووکار و بەشێك لە کێشەکان دەبینیت، نایەوێت یان ناتوانێت ڕیشەیان بخوێنێتەوە و بۆ خواستەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە وەڵامێکی ساتەوەختی نییە، ئەوا قەیرانەکان زیاتر و کەڵەکەبوو و گەورەتر دەبن، ئەوکات بیرکردنەوە لە میکانیزمی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەرەسەرکردنی  قورستر و سەختتر دەبێت، وەك ئێستای کۆمەڵگای ئێمە.

ئەم شێوازە لە پیادەکردنی دەستەڵات، دەرهاویشتەی ئەو عەقڵیەتە کلاسیکییەیە کە دەسەڵات و حوکمکردن تەنیا لە چوارچێوەی توندوتیژی و خۆسەپاندندا دەبینێتەوە و باوەڕی وایە ناکرێت بەبێ زەبروزەنگ ئیدارەی کۆمەڵگە بدەین. ئەمەش دەکرێت کورتی بکەینەوە لەو ئەزموونە حوکمدارییە خراپانەی لە ناوچەکەدا لە ئێمەوە نزیکترن، نەگواستنەوە بۆ کولتووری مەدەنی و تێنەگەیشتن و قبووڵنەکرن و مامەڵەی بەرژەوەندیخوازانە لەگەڵ دیموکراسیدا و لاوازیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و نەبوونی گرووپی فشار و نائامادەیی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵەگەی مەدەنی و نەبوونی فەزایەکی گشتیی چالاك.

لەم سەرەتا تیۆرییەوە دەتوانین حوکمداری و بەڕێوەبردن و ئیدارەدان لە بەش و پنتەکانی کۆمەڵگەدا بخوێنینەوە. تێبگەین حوکمداری لە ئاستە گشتییەکەیدا دەتوانێت پێمان بڵێت: کە بەش و پانتاییەکانی تر چۆن ئیدارە دەکرێن و بەڕێوەدەبرێن، دەکرێت ئەمەش پێچەوانە بکرێتەوە و یەك وەڵامی و یێکچوو ئامادە هەبێت. (سەیدسادق) نموونەی ئەو بەڕێوەبردن و ئیداردانە بووە کە دەتوانین کارکردنی سیستەمی سیاسی و ئیداری لەم هەرێمدا پێبخوێنینەوە و ئەوە تێبگەین ڕوئیا و دوونیابینی بۆ بەڕێوەبردن

چۆنە و چۆن کار دەکات.

خۆپیشاندانی ئەم شارە بەرهەمی ئەو ئیدارەدان و بەڕێوەبردنە خراپەیە کە لە ساڵانی ڕابردووەوە دێت. بەرهەمی ئەو پەراوێزخستن و گوێنەگرتنەیە لە داواکاری و خواستی ڕەوا و شەرعیی خەڵکی ئەم شارە. نەبوونی هەست و ڕۆحیەتی لیپرسراوێتی و بەرپرسیارێتییە بەرانبەر وەزیفەی بەڕێوەبردن و تێنەگەیشتنە لە گلەیی و ڕەخنە و نەخوێندنەوەیان و بەکەمگرتنیان.

بوونی مەودایەکی زۆر لەنێوان خەڵك و بەرپرسەکاندا و ئەو دابەشکردنە حیزبییە بۆ بەڕێوەبردن کە نەیتوانیوە وەك پێویست کادیری لێهاتوو و نزیك لە ڕۆح و ئازاری خەڵکەوە لە شوێن و پۆستەکاندا دابنێت، نەیتوانیوە دڵسۆزی و توانا و شیاوی بە بنەما بگرێت.

لە ئاستێکی تردا، حکومەتی هەرێم لە بەرانبەر ئەم شارەدا بە سیاسەتی پەراوێز و نەبوو مامەڵەی کردووە و دەتوانم بەراورد بە شارەکانی تر، وەك سیاسەتی جیاکاری ناوی بنێم. ئەوەی ڕوویدا زەمینە و پاشخان و مێژوویەکی هەبوو کە نەتوانرا لە قۆناغ و ساتەوەختی خۆیدا بخوێنرێتەوە و مامەڵەی دروست و گونجاوی لەگەڵ بکرێت.

نەتوانرا لە ئەزموونی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی شارەکانی ترەوە وانەیەك و تێگەیشتنێکی نوێ بۆ پەرپرسیارێتی و حوکمداری و بەڕێوەبردن بەرهەم بێت و نەگاتە ئاستی قوربانی و ڕووبەڕووبوونەوە لە و ئاستە توند و قورسەدا. ڕووداو و ئەزموون و مێژوو مەحکوم نین بە دووبارەبوونەوە، ئەگەر هۆشیاریی و ڕوئیامان بۆ حوکمداری و پەرپرسیارێتی و بەڕێوەبردن بگۆڕین.

هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم دەكرا بەم ئەزموونە تاڵ و سەختانەدا نەڕۆیشتینایە. ئەو ئەزموون و مێژووانەی پێشتر دووبارە و چەند بارە نەكەینەوە. ئێستاش دەكرێت بەرپرسیارێتی و حومكداری و بەڕێوەبردن وەك هونەرێك ببینرێن، كە بەبێ دلسۆزی و هۆشیاریی و ئینتما بۆ خزمەتكردن و شیاوی و بە بنەما گرتنی مرۆڤ، ناكرێت و شكست دێنێت. دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی كە دەسەڵات و ترس و توندووتیژی بە بنەما دەگرێت و لێرەوە قسەی كۆتایی دەكەم:

مێژوو پڕە لەو نموونانەی كە بەبێ توندووتیژی و ترس، توانیویانە بەرپرسیارانە حوكم بكەن و ناوێكی زیندووی ناو ڕۆژگار و سەدەكان بن و بۆ هەمیشە ستایشیان بكرێت.

بە پێچەوانەوە، مێژوو بێ ژمارە نموونەی حوكم كردن و بەڕێوەبردنی پڕ لە ترس و توندووتیژیی تێدایە، كە سەرەنجام جگە لە نەفرەت و وانەیەكی گرنگ بۆ ستەمكارەكانی دوای خۆیان و بەجێهێشتنی مێژوویەكی ناشیرین، نەیاتوانی شتێكی دیكە بەجێبهێڵن.

# شرۆڤەی فەلسەفەی لافیتەکەی دەستی شەهید بڕیار

سەرۆکی بەشی مێژوو/ فاکەڵتیی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان - سەیدسادق

✍ ماجد خەلیل

فەلسەفەی لافیتەکەی دەستی شەهید بڕیار، دەمانباتەوە بۆ سەربوردێکی دوور و درێژی ڕابردووی نێوچەکە. ئەوە چییە لێرە جوانی دەبارێ، لێرە لافیتەکان لاوانەوەی زانست و زانکۆ و پەیمانگان و خەیاڵەکان ئاڵاونەتە ڕووناکی. ئەوە چییە لێرە کوڕە هەژارەکانی شار داوای نانو ئاو و ماشێنی مۆدە و یانەکانی شەوانە ناکەن، تەژیین لە پرسیاری فەلسەفی و پەیجوری زانست و زانکۆن و پڕن لە ئەلفی ئازادی؟ بەڵێ لافیتەکەی شەهید بڕیار پێی وتین:



شارەزوور شانازییەکانی نەبوونەتە ئەرشیف و فەرهەنگەکەی سەری نەناوەتەوە، لە سەیدسادقی پێتەختەوە مەچەکە بەهێزەکانی ئەدەب و ئەخلاق و ڕۆشنگەری تەوقە لەگەڵ سەردەمی نوێدا دەکەن. ئەویش تەنها کوانوی هزری ئەدیبانو کایەی ڕێباز و ڕەوگە ئایینییەکان نییە، ئەویش تەنها سەنگەری سیما ماندووەکانی پێشمەرگە و پێناوی شووناسی نەتەوەیەك نییە، ئەویش تەنها سیحری جوانی و سەنگی غەزەل و ئەویندارییی وەلییەکان نییە. لەم سەردەمەدا، سەیدسادق، وەك پایتەختی شارەزوورو وەك بەرامەیەکی زیندووی ئەتوارەکانی نەتەوەی کورد، دەستبەرداری تایبەتمەندییەکانی مەردایەتیی تاکی کورد نەبووە. نەوەکانی ئێرە پڕن لە بۆنی زانست و تەزیین لە ئازارەکانی نەتەوەی کورد. ئەوان خاوەنی ئەزموون و ئەجێندا و ئەدگاری شانازییەکانی ئەوڕۆی کوردن، خواستەکانیان نەبەستراوە بە خواستێکی ناوچەیی و نارەزاییەکی لۆکاڵی و نەزمێکی بەرژەوەندخوازەوە.

فەلسەفەی لافیتەکەی دەستی شەهید بڕیار، مەغزای مەدێکی هەمیشەیی سروشتی ناوچەی سەیدسادقە. لەو سروشتەدا بزووتنەوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی فرە نۆرماڵ و واتادار دەبینرێت، لەوێدا شانازییەك ڕۆحی تاك بە تاکی ئێرە تێر دەکات و شارێك پڕ دەکات لە بزەی ئومێد و ئەوین. شەهید بڕیار داوای چیی دەکرد؟ لاوەکان بۆ هاتبوونە سەر شەقام؟ دیکیۆمێنتەکانی ڕۆژانی خرۆشانی خەڵك چییان لێ دەخوێنرێتەوە؟ کێ هەیە خۆی نەکاتە خاوەنی ئەو ئەوینە؟ کێ هەیە خۆی نەباتە ڕیزی خۆپیشاندانێکەوە کە گەرەکیەتی وڵات ڕۆشن بێت، کە گەرەکیەتی سەهەندە شەڕەنگێزەکانی گەندەڵی و گەمە بێ نرخەکانی سیاسەت کۆتاییان بێت. بڕیار دەنگی هەموو تاکێکی ناوچەکە بوو، بەرامەی ئازارەکانی هەڵەبجە و هەورامان و گەرمیان و تێکڕای هەرێم بوو، لافیتەکەی دەستی ئەو، نەوای منداڵە هەژار و نەوە بێ نەواکانی

شارەکەی بوو. ئەو دەیویست دەستی ئایندە بگرێت و ماڵەکانی شار پڕ بکاتەوە لە دیوانی نالی و ناری و بێسارانی. ئەو پێی وتین نەوەکانی ئێرە نابنە ئامڕاز و ئەجێندای دەستی تێرۆرستان و داوای زانکۆ دەکەن، ئەو پێی وتین نە کۆنەپەرستی کۆڵی خۆی لەم دەڤەرەدا دەکات و نە غەزووی غەیانەکانی ئەوڕۆ گەنجەکان فریوی مادییات و مەودای تەرفیهیاتی مۆدێرنە دەدەن، ئەو لۆژیکیانە دووا و لۆژیکیانە ژیا، هەر بۆیە خواستەکانی ئەو هەمیشەیین و خەمەکانی ئەو هێزێکی دانەبڕاون لە مێژووی ئەم خاکەدا. لەم رۆژگارەدا کە بەرژەوەندخوازی و کاسەلێسی و خۆفرۆشی بووەتە خووی خەیانەتکار و خۆخۆرەکان، ئێرە پەروەردەی نەوەیەکی کردووە کە خواستەکانی لە دەرەوەی بەرژەوەندیی خۆیاندایە، کوڕە هەژارێکی بارهێناوە کە تامی ژیانی نەکردووە و شیرینیی دونیای نەچەشتووە، بەڵام داوای تام و شیرینی بۆ خوێندکارەکانی دوای خۆی دەکات.

بڕیار لە کەلتوورێکدا نەبوو کە پاش ئەوەی لە نێوەندەکانی زانکۆ و پەیمانگاوە بڕوانامەی بەدەست هێنا، ئیدی شەق لە پەرتووك و مەلزەمە و پێنووسەکانی هەڵبدات، بەڵکو کەلتووری ئەو فێری کرد داوای ناوەند و نەریتی زیاتر و زانکۆ و پەیمانگای باڵاتر و بەهێزتر بکات.

# خود-پیشاندانی سەیدسادق

✍️ ئومێد حەمەعەلی

سەیدسادق، وەك كۆمەڵێكی بچووكی سەر بە كۆمەڵگەی كوردەواری، توانیی لە خۆپیشاندانەكاندا ڕاستەقینەی خۆی بەرجەستە بكات. ئەو لەسەر شەقامەكانیدا بوونی بریندار و فەرامۆشكراوی خۆی هێنایە گۆ. ئەوەی لەسەر شەقامەكانیدا خۆی دەرخست، تەنها كۆمەڵێك مرۆڤی پەراوێزخراو و ژمارەیەكی زۆری دانیشتووان نەبوون، بەڵكو خودی ئازار و غەمە قووڵەكان بوون، ئەو غەم و ئازارە دژوارانەی بەعس بەرپای كردبوون و دەسەڵاتی كوردییش لە پاش ڕاپەڕینەوە نەیتوانی كەمیان



بکاتەوە و کاریگەرییان بسڕێتەوە.

خۆپیشاندانی سەیدسادق، ئەگەر لە ڕووانگەیەکی فەلسەفییەوە تێی بنواڕین، کتومت (خود-پیشاندان)بوو. ئەم شارە خودی خۆی بەشێوەیەکی تەواو ڕۆشن پیشانی کۆمەڵی کوردەواری و جیهانیش دا. هەرچەندە سەیدسادق هیچ کاتێك بە ڕەهایی بێدەنگ نەبووە، بەڵام ئەم جارە بە چەشنێکی ڕادیکاڵیانە و بێ پێچ و پەنا دەنگی ڕاستەقینەی بوونی خۆی بەشێوەیەك بڵند کرد، کە نەبیستترین و کەڕترین گوێ، واتە گوێی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، بیبیستێ.

ئەوەی لە ڕوانینی سیاسیی هەردوو پارتی فەرمانڕەوای باشووری کوردستاندا بە درێژایی مێژووی پاش ڕاپەڕین ئامادەیی هەبووە و هەیە تا هەنووکە، ڕوانینێکی نێگەتیڤە سەبارەت بە جووڵانەوە و نارەزاییەکانی خەڵك لە هەمبەر کێشە ڕۆژانەیی و کێشە بنچینەییەکانیاندا. بەردەوام لەپێناو خۆدزینەوە و هەڵاتن لە ڕاستینەبوونی کێشەکان و نیگەرانییەکانی هاونیشتمانیان، تەقەلای بێبەها کردن و تۆمەتبارکردنیان ئاوا کردووە، بە چەشنێك گشت جووڵانەوە و بەرهەڵستکارییە جەماوەرییەکانیان بە نارەسەن و دروستکراو لە قەڵەم داوە، لەمەدا هەڵەی مەزنیان ئەنجام داوە.

سەیدسادق لە خۆپیشاندانی خۆیدا بە چەشنێ هاتە گۆ، دەرفەتی لەبەردەم وەها بیرکردنەوەیەکدا تەواو بەرتەسك کردەوە. هەموو ئەمە پەیوەندیدار بوو بە ڕاستینەی بوونی خۆپیشاندانەکانەوە، کە توانییان بە قووڵی و فراوانی نوێنەرایەتیی جەوهەری شارەکە بکەن. ڕەنگاڵەبوون و فرەدەنگی، شووناسی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و هەموو شارێکە، سەیدسادقیش نموونەیەکە. خۆپیشاندانەکان ئەو شووناسە یونیڤێرساڵییەیان بەرجەستە کردەوە تا ئاستێکی وەها کە خۆپیشاندەران کەسێك یان

گرووپێك نەیتوانی ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتییان بکات؛ دەکرێ هەر ئەمە سەلمێنەری ئەوە بێ سەیدسادق بە ڕاستی و قووڵی خۆی پیشان دا.

ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە تەماشا بکەین، خۆپیشاندانی ئەم شارە لەسەر ئاستی گشتیی وڵات دەتوانێ غەمی نادادی، پێشێلکاری، گەندەڵی و بە فەرامۆشی سپاردن مانیفێست بکاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی بونیادی کێشەکان و جەوهەری یاخیبوون و ناڕەزاییەکان، لەسەر ئاستی گشتیی هەرێمەکەمان ئامادەییان هەیە. تەنها جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان دەرکەوتەی ئەو ڕەوشە لە سەیدسادق و دۆخە گشتییەکەدا هەبێ، سەرباری هەر بارگرانییەکی زیاتری سەیدسادق، بریتییە لەوەی ئەو دۆخە بنچینەییە لەم شارەیا بە تەواوی هاتووەتە قسە و ڕادیکاڵانە خۆی بەرجەستە کردووە، بە چەشنێك دەشێ لەتەك ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتدا پەیوەندیداری بکەین. حەڤدەی شوبات گەیشتە ئاستی داواکردنی وازهێنانی هەموو سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان، ئەم ئامانجە نەهاتەدی و خامۆش و سەرکوت کرا، بەڵام لە سەیدسادق داواکردن بۆ وازهێنانی سەرۆکایەتییەکان، واتە داواکاریی وازهێنانی بەرپرسە یەکەمەکانی شار، جێگەی گرت و نەتوانرا وەها داوایەك ڕەتبکرێتەوە و قبووڵ نەکرێ. ئەمە پرسیارێکی جدییە، هەم لەبارەی ڕاستینەی بوونی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات و خۆپیشاندانەکانی سەیدسادقەوە.

# خەبەربوونەوەی شارێك

✍️ گەشتیار کەوڵۆسی

کاتێك شار بە هۆشیارییەوە بە ئاگا دێتەوە، دانە دانە برینەکانی خۆی ڕۆ دەکاتە بەردەمی واقیعێکی تاڵ، برینەکانی دێنێتە دەنگ، بێدەنگییەکانی دەبنە هاوار، هیچ هێز و لەمپەرێك ناتوانی بیگێڕێتەوە بۆ دواوە. ئەو کاتەی شارێك بە حەسرەتەوە خۆی ڕادەوەشێنی و سکوت و متبوون تێدەپەڕێنیَ، داوای ماف و پێداویستییە گرنگەکانی ژیانی خۆی دەکات، شکۆی دەسەڵات بە گەندەڵ و ناداد بەدناو دەکات. بەرپرسە نەشیاوەکان دەنێرێتەوە بۆ ماڵەوە. ڕوو بە هەر بەرپسێکی فاشیل و کەمتەرخەم، کارتی سووری خۆی دەردەکات.



به لەبەرچاوگرتنی گەورەیی ئەو خۆپیشاندانە خۆڕسك و جەوهەرییەی ساڵی ڕابووردوو لەم شارەدا ڕووی دا، تەنها لە چوارچێوەی شارێکدا نەبوو، بەڵکو دژی ئەو زەبر و زەنگ و ستەم و ناڕەواییە بوو کە لەم هەرێمەدا دەگوزەرا. بە تێبینی کردنمان کە بەرهەم و داواکارییەکان کە تاکوێ هاتوون و چی بووە و چی کراوە، بەڵام هەڵوێست و ئەرکە مێژووییەکە لە شوێنی خۆیدا تا سنووری پێویستی خۆی هەنگاوی ناوە و چوونەتە پێشەوە، دیارە قوناغەکانی دواتریش هەمیشە دونیای دی بۆ خۆیان دروست دەکەن، ڕووخسار و بۆچوونی نوێ لەسەر ڕایگشتی بونیات دەنێن، تێڕوانینی نوێ دەبەخشێتە جەماوەر و نەوەکانی دوای خۆی. شار کە هەستایە سەر پێ، دەچێتە پێش هەموو ئەگەرێکی خەیاڵی و دیاری کراوەوە، بینیی ئینسانی ئێمە دەکاتە بوونەوەرێکی هۆشیار و بەرپرسیارە، سەرەتایەکی تازە وەك ئاگایی و فام دەخزێنێتە بەشە نەزانراوەکانی ناوەوەی ئینسانی ئێمە. دەکرێت پاشی (دووی کانوون) سەیدسادق ببێتە ئەو شارەی کە بە چاوێکی دیکە سەیری دونیا دەکات، سەیدسادق دوای بێدەنگییەکی درێژ و قووڵ، یەك دەست و یەك دەنگ وەزیفەی خۆی وەك هەر شارێکی بە ئاگا جێبەجێ بکات. دەکرێ بەو پێیە لە دیدی ساراماگۆوە (ڕۆمانووسی پرتوگالی)، ئەم قوناغە ناو لێ بنێین (سەردەمی دوای کوێری). لەم قۆناغەدا خەڵکی شار ناتوانێت نەبینێت و نەبیستێت. بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێك، خەڵکی ئەم شارە بیر دەکاتەوە و دەتوانێ بڕیار بدات، دەتوانێ خەون ببینێت. لە دۆخە بێدەنگەکەی هەڵدێ و لە دۆخی گونجاودا دەنگ هەڵدەبڕێ و دژی هەر سیستەمێکی چەوت دەوەستێتەوە. دوای ئەوەی هۆشیارییەکی توند خەڵکی ئەم شارە بە دەستەجەمعی لە ماڵەکانیان دەهێنێتە دەرەوە، ئازادی و پێکەوەژیان دەبێتە یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی ناوی، کاتێك دەسەڵات زەبر و زەنگی خۆی خستەکار و کۆڵان بە کۆڵانی شاری تەنیەوە، هاونیشتمانیانیش

هەندێ جار بە بێدەنگی و هەندێ جار بە هاوار، دەڕژێنە نێو جادەکانەوە. ئیدی هاووڵاتی خۆی لە بەرگێکی پڕ دروشم و داواکاریی ڕەوادا نمایش دەکات.

دەسەڵات کە دادپەروەر نەبوو، ترس کەوتە گیانیەوە، ناچارە بە ستەم و تۆقاندن وەڵام بداتەوە. دەرکەوتەی ئەم خۆپیشاندانە جەماوەرییە، دەکرێ بەهای دوو وێنەی زۆر سەرنجڕاکێش و مێژوویی لە خەیاڵدان و ڕۆحی ئینسانەکانیا بهێنێتە کایەوە، وێنەی یەکەمیان وێنەی (خوێن) و وێنەی دووەمیان (فرمێسك)ـە. ئەم دوو وێنەیە دەبێتە زیندوویەتیی هەر جموجووڵێکی مەدەنی و یاسایی لە هەر ساتێکدا ڕوو بدەن. قوربانیدان و گریان بۆ قوربانی، ڕیشەی خۆی لەناو هەر تاکێکی ئەم شارەدا دادەنێ..! دیارە بەهای خوێن لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینە مێژووییەکاندا، هەمیشە یەکەمین دێڕ و ناوازەترین قسە بووە، ڕوو بەو ستەم و ئازارەی لە پێناویدا دراوە. ئەو خوێنەی کە لە دۆخێکی بەکۆمەڵدا لە ناحەقیدا دەرژێ، دڵۆپ دڵۆپ دەچێتەوە نێو جەستەی هاوڕا و هاوبەشەکانی و وەکوو تۆوێك ڕەگ لەنێو یەکە بە یەکەی هاونیشتمانیانی خۆی، لە ئێستا و داهاتوو دادەکوتێ. کاتێك هاوڕێکەت لە تەنیشتتدا هاوار دەکا و لە ناکاو بە دەنگێکی خەمیگین لە بەر پێیەکانتا دەکەوێت و جەستەی نوقمی خوێن دەبێ، ئەم وێنەیە وەك ئەدگارێکی نەمر و ئەبەدی دەچێتە زەینمانەوە. هەمیشە ئەو کەسانەی دەبنە یەکەمین کاراکتەری قوربانیدان، لە هزرمانا دەبنە جوانترین و بوێرترین ڕەمزی هەتایی، بۆیە شار ناتوانێ شەهیدەکانی ناو ناخی خۆی لە یاد بکات. شەهید دەبێتە ئەو پاڵەوانەی کە داستانی ئەم جوامێرییە هەر لە سنگی خۆی دەدات.

ئەم شارە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی بێدەنگی و قۆناغی هاوار. بە دەسەڵاتی ڕاگەیاند دەنگ و بێدەنگیم، بێمانا نییە، یان دەنگم خوێنە لە هاواردا، یاخود بێدەنگیم

ڕشتنی فرمێسکە بۆ قوربانییەکانم. ئەوەی وێنەی دووەم پێمان دەڵێت: ئەگەر خوێن ڕوویەکی پێشوەختی ئەوە بێت کە دەبێت سەرەتا بە فکر و عیشق و ئەگەری مردنەوە بێیتە ناو مەیدانەوە، ئەوەی فرمێسك کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ عەقڵدا، دەزانێ ئەم ڕێیە خوێن و دواتر فرمێسکی دەوێ، فرمێسکیش بە بیرکردنەوە لەوانی تر و خەمگینی، دێتە بوونەوە، چوون فرمێسك لە هەناوی هەر یەکەماندا سۆزی ئینتیما بۆ شار دەپیتێنێت، شارێك کە تەواوی ئینسان و دار و دیوارەکانی بێنازن لە هەست و تامی ژیانکردن. ئیدی ئەو دەلاقەیە بە ڕووماندا دەکاتەوە، کە سبەینێ ئەوانەشی گریاون بۆ قوربانی، دەبێت قوربانی بن بۆ ئاوەدانی و گەشەپێدانی فکر و پەرەپێدانی نەوەیەکی چاوکراوە و تەندروست، چونکە شارێکی جوان و ڕازاوە، پێویستی بە ئینسانی بە هیممەت و بە هەیبەتە، بۆ خزمەتی خۆی و هاونیشتمانییەکانی.

## خۆپیشاندانی قبووڵنەکردنی غەدر

✍️ ئاراسی لالەحەمە

یەکترناسینەکەمان بە ڕێکەوت بوو، من بۆ بانگکردنی خاوەنی کتێبخانەکە هەر بە زاراوەی خۆیان وشەی (پس مام)م بەکارهێنا، ئەو خانەخوێیانەی کە لەوێ بوون، پرسیاریان کرد: ئەمانە خەڵکی کوێن؟

هاوڕێیەکەم وەڵامی دانەوە: خەڵکی سەیدسادقین، سەیدسادق و شارەزوور.

کاك سەیدسادقییەکان ئەو هەموو خۆپیشاندانە چییە دەیکەن؟ یەکێکیان ئەم پرسیارەی کرد.



خراپ دەکەین یان باش؟ ئەگەر غەدرلێکردن قبووڵ نەکەین، خراپ دەکەین یان باش؟ من لەبریی وەڵامدانەوە پرسیارم لێ کردن.

ئەو پیاوەی کە لە هەموویان بەتەمەنتر بوو، ڕووی لە ئێمە کرد، بە سۆرانییەکی پاك قسەی کرد "یاخوا بەخێربێن سەر سەر و سەر چاو. ئیشێکی زۆر باش دەکەن، زۆر باش، شاری زیندوو دەبێت وابێت. من تێکەڵاوی خەڵی شارەزوورم کردووە، بەڕاستی خەڵکێکی ئازا و گەرمن، ئەمانە هەر وابوون، بڕۆن مێژوو بخوێننەوە، ئەوان زوڵم و زۆریان قبووڵ نەکردووە، وەڵا ئافەرین، دەستان خۆش بێت کە ناهێڵن شارەکەتان پەراوێز بخرێت...).

پیاوە بە تەمەنەکە قسەی زیاتری کرد، بە جۆرێك ئاگاداری سەیدساق و شارەزوور بوو، وەك ئەوەی خۆی تێیدابژی... دەمەتەقێ دروست بوو، وەك ئەوەی دەمێکە یەکتر بناسین. لە باسی سەیدساق و خۆپیشاندانەوە بۆ باسی سیاسەتە بێتامەکە، دواتریش قسەکردن دەربارەی ئەدەب و شیعر. من باسی خانیم کرد، باسی مەزنیی ئەو بیرمەندە زووڵم لێکراوە، پیاوە بەتەمەنەکە وتی " ئەی بۆ باسی مەلا خدر ناکەیت؟ کاکە ئێوە لە ئەدەبشدا خاوەنی ڕاپەڕینن، نالی گەورەترین ڕاپەڕینی بەرپا کرد لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دەزانن لە ڕووە نەتەوەییەکەیەوە خانی و نالی زۆر گەورەن؟! بە زمانی کوردی شاکاریان خوڵقاند، بەڕاستی وەڵامدەرەوە بوون.

پیاوە بادینییەکان قسەکانیان تازە نەبوون، دەربارەی سەیدساق و شارەزوور، بەڵام ئەوانیش وەك خەڵکی ناوچەکانی تر هەر لە سەرەتاوە  کە ناوی سەیدسادق هات، پرسیاری خۆپیشاندانیان کرد، خۆپیشاندان ئەو چالاکیە مەدەنییەیەی کە ئێستا لەگەڵ ناوی سەیدسادقدا بە بیری خەڵکدا دێت.

له (٢/ ١/ ٢٠١٤) خەڵکی سەیدساق خرۆشان و خۆپیشاندانیان کرد، خۆپیشاندانێك جیاواز لەوانی تر. خۆپیشاندانی سەیدسادق بۆ داواکردنی پێداویستی نەبوو، بەڵکوو بۆ قبووڵنەکردنی غەدر لێکردن بوو. ئەو گەنجانەی کە بە دڵێکی گەرم و خەمی شارەکەیانەوە هاتنە سەرجادە و هاواریان دەکرد، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو غەدرە بوو کە بەردەوام لەم شارە دەکرێت. لافیتەکەی دەستی بڕیار و هاوڕێکانی، پرسیارکردن بوو لەو غەدرە (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان......؟!!!!) داواکاری بەشێوەی پرسیار، گوزارشتکردنە لە غەدرکردن. لافیتەکەی بڕیار و هاوڕێکانی، نمایشی ئەوەی نەدەکرد کە پێویستە زانکۆ و پەیمانگامان بۆ بکرێتەوە، نمایشی ئەوەی دەکرد بۆ غەدرمان لێدەکەن، بۆ زانکۆ و پەیمانگامان بۆ ناکەنەوە؟ بۆ شارەکەمان پەراوێز دەخەن؟ بۆ خەونەکانمان دەکوژن؟ بۆ ناهێڵن لانیکەم وەك شارە بەدبەختەکانی تریش بین؟

خۆپیشاندانی سەیدسادق قبووڵنەکردنی غەدرلێکردن بوو، سروشتی ئینسان وایە لە غەدر لێکردندا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، خەڵکی سەیدسادق گەڕانەوە بۆ ناو خۆیان، غەدر لێکردن کۆیکردنەوە و هەستی خۆشویستنی شاری گەشە پێ کرد.

خەمی هاوبەش، خەڵکی سەیدسادقی کۆکردەوە، نەك خۆشیی هاوبەش. ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە خەمی هاوبەشدا هەیە، لە شتەکانی تردا نییە. خەمخواردنی ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی تێدا دەژین، ناوچەگەرێتی نییە، ناوچەگەریی جیاوازە لە خەمخواردنی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژین. مرۆڤ ئەگەر خەمی شار و وڵاتەکەی نەخوات، یان دەبێتە خۆپەرست، یان دەبێتە بێگانەپەرست. ئەوانەی لەسەر شەقامەکان هاواریان دەکرد، هیچی خەمی شەخسیی خۆیان نەبوو، دژایەتیی هیچ شارێکی دیکەیان نەدەکرد، تەنها خەمی شارەکەیان بوو، خەمی شارێکی غەدر لێ کراوە.

# سەیدسادق لەنێوان فشاری دەسەڵات و فشار لەسەر دەسەڵاتدا

✍️ دیاری خالید

لەو شێوە حکومڕانی و بەڕێوەبردنانەی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، بەردەوام فشار دروست دەبێت. فشار لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ خەڵکەکەی و دواتر ڕەوانەوەی فشاری پەنگخواردووی خەڵکی و فشار بۆ سەر دەسەڵات.

زۆرێك لە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، چەندین ڕێگایان بەکار هێناوە، هەر لە فێڵ و بەلاڕێدابردنی خەڵکی، تاکو بەتاڵانبردنی سەروەتی گشتی و چەندین شێوازی تر. بۆ ئەمانە، ترس و تۆقاندن



و ئەشکەنجەدان و کوشتنیان بەکار هێناوە. لە ئەنجامی ئەمەش فشاری دەسەڵات خەڵکی بەرەو تووڕەبوون و کپکردنەوەی زیاتر بردووە. وەك ئەوەی چارەکە سەدەیەکە لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیتر لە سەدیسادق بوونی هەیە.

کە دەوترێت سەیدسادق، زیادەڕۆیی تێدا نییە، بەم پێیەی دەسەڵاتی کوردی زۆرترین زوڵم و ناهەقیی بەرامبەر ئەم قەزایە کردووە، ئەگەرچی لە ڕابوردوودا قوربانییەکی زۆری داوە. لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی گرنگ و پێگەیەکی بەهێزی هەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە لەبەرچاو نەگیراون و بەردەوام چەپێنراوە. ئەوانەشی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو شارەن و سەردانیان کردووە، تێگەیشتوون چەند زوڵمی لێ کراوە و چەندە کراوەتە قوربانی ململانێی ناشەریفانەی حیزبەکان و لەپاڵیشیدا هەستی ناوچەگەری.

ئەو جۆرە ڕەفتار و مامەڵەکردنەی دەسەڵات و فشاری بەردەوامی، هەستی غەدرلێکراوی لای خەڵکەکەی دروست کرد، ئەگەر چی بەشێکی کەم لە حیزبییەکانی ئەو شارە ئەمەیان دەشاردەوە و گوێیان لە خەڵکی نەدەگرت و ڕەچاوی نیگەرانی و نارەزایەتییەکانیان نەدەکرد و فشاریان بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکانیان دروست دەکرد، ئەمەش خەڵکەکەی زیاتر نیگەران دەکرد، تا ئەو کاتەی کە بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجە درا و دەرفەتێك بۆ خەڵکی ئەو شارە هاتە ئاراوە تاکو ڕاپەڕن و چیتر بیدەنگ نەبن. نەك لەبەر بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و پێیان ناخۆش بێت، بەڵکو لەبەر گوێ پێ نەدانیان، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو دەسەڵات گوێی لێ نەدەگرتن و باکی پێیان نەبوو. لەمەوە ساڵێك پێش ئێستا خەڵکەکە ئەو بێدەنگییەیان کردە زەنگێك وەك دەنگدانەوەیەکی گەورە لە گوێی بەرپرسە نووستووەکانی شارەکە. دوای خۆپیشاندانەکە، نەك تەنها بەرپرسانی ئەو شارە و پارێزگاکە، بەڵکو بەرپرسانی

هەرێمیشی هێنایە سەر خەت و بەدەمەوە هاتن دروستبوو، بەڵام خەم و ناخۆشیی خۆپیشاندانەکان لەوێدابوو کە شەهیدکردنی گەنجیکی بە ناوی (بڕیار حەسەن) لێ کەوتەوە و لەگەڵ برینداربوونی چەندین کەسی تر. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ بەئاگاهێنانەوەی بەرپرسان و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بوو.

خۆپیشاندانەکە جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی تری هەرێم، زۆرینەی خەڵکی شارەکە بەبێ جیاوازیی حیزبایەتی، لەگەڵی بوون، چونکە داواکانیان پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە هەبوو. لە هەمان کاتدا فشارەکانی سەر دەسەڵات، بەرهەمی خێرای هەبوو، وەك دەرکردن و دوورخستنەوەی هەندێك لەو بەرپرسانەی کە بەوە تۆمەتبار دەکران دەزگا گشتییەکانی شارەکەیان بەرەو داڕزان بردووە. لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆ یەکەم جار بەرەی دەسەڵات و بەرەی خەڵکی دروست بوو، بە جۆرێك سەرجەم حیزبە گەورەکان لەبەرەی حکومەت بوون و هیچ هێزیك ڕاستەوخۆ پشتیوانیی لێ نەدەکردن.

دروستە بوترێت تاکە خۆپیشاندانی خۆڕسك و جەماوەرییە لە کوردستاندا، کە مەرام و مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە نەبوو، تەنها مەبەستیان داواکارییە سەرەتاییەکانی ژیان بوو و پێویستە هەموو هاووڵاتییەك ئەو مافانەی بۆ دابین بکرێت.

ئەنجامی ئەو فشارانەی سەر دەسەڵات، وەك باس کرا، بەهۆی فشاری دەسەڵات خۆیەوە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە دروستی دەکات و لە سایەی خوێنی شەهیدەکەی شار و ماندوبوونی چەند کەسێك، کۆلێژێکی بەرهەمهێنا، جگە لە چەندین داواکاریی تر. لەئێستادا لەبەر بارودۆخی کوردستان، خەڵکەکە وەك هەڵوێستێك بێدەنگ بوون.

لەمەوە دروست نییە دەسەڵات بە هەمان دۆخی پێش خۆپیشاندانەکە فشار دروست بکاتەوە، بەتایبەت دوای گۆڕین، یاخود دابەشکردنی پۆستەکانی شارەکە لەنێوان حیزبەکاندا، کە دەرفەتێکی باشە تاکو سەیدسادق لەو پەراوێزییە ڕزگار بکەن، بۆئەوەی هەمان فشار لەسەر دەسەڵات بە شێوەی حەماسییانە دروست نەبێت و خوێنی گەنجانی شارەکە نەڕژێت و مەترسی بۆ سەر بەرپرسانیش دروست نەبێت لەلایەن خەڵکییەوە، بەو پێیەی لە ململانێی نێوان (فشاری دەسەڵات و فشار لە دەسەڵات)دا، ئیرادەی خەڵکی براوە دەبێت.

# سەرمایەی مرۆیی لە دید و تێڕوانینی دەسەڵاتێکی مرۆڤکوژەوە

✍️ بەختیار محەمەد

یاسایەکی دیار و باو، سەبارەت بە دەسەڵات و کۆمەڵگە بوونی هەیە. دەسەڵات کاتێك خاوەن شەرعییەتە، کە گوزارشت لە خواستی کۆمەڵگە و تاکەکانی بکات، یاخود هیچ نەبێت تواناکانی خودی کۆمەڵگە لەو پێناوەدا وەگەڕ بخات، تا بتوانێت ئەرکی سەر شانی بەجێبهێنێت. یەکێك لەو سەرمایە گرنگانەی کە دەسەڵات لە تەواوی سەردەمەکاندا توانیویەتی سوودی لێوەربگرێـت، توانای مرۆییە، کە خۆی



بۆخۆی یەکێکە لە پێکهاتە و توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگە، ئەو توێژەی کە هەوێنی تەواوی بوارە جیاوازەکانی خزمەتە لە بواری سەربازی و بەرهەمهێنان و کار و پشە و زانست و... هتد.

ئەو توێژە پێویستە دەسەڵاتێکی بە سیستەم و پرنسیپ، هەروەها ورد لە پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، ماندوو بێت لە ڕێکخستنیدا، ئەوکاتە خۆیان سەرچاوەی هەموو داهات و ئاسایشێکن لە کۆمەڵگەدا. بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی دەستی کار و هێزی گەنجیان تێدا کەمە، هەوڵ دەدەن بە هەر ڕێگەیەك بێت، ژمارەی دانیشتووانیان بە خەڵکی لاو و خاوەن توانا زیاد بکەن. بۆ نموونە: کۆمەڵگەی کوردی لانکەی پێگەیاندنی ڕۆڵەی بەجەرگ و پاڵەوان ئاسایە لە فیداکاری و گیانبازیدا، بەڵام نەبوونی میکانیزمێك بۆ پەروەردەکردنی، شانبەشانی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکان، ئەم خوێنە پڕ لە نەبەردییە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، چونکە بە سیستەم نەکراوە.

تەنانەت بۆ تەواوی کایە جیاوەزان، هەمان ڕێسا تا ڕادەیەکی باش، گونجاوە. بۆیە ئەگەر هاتوو وڵاتێك دەسەڵاتێکی خەمخۆر بەڕێوەی ببات، هێزی لاوەکانی لە خێر و داهاتی نیشتمانەکەیدا بەکار بخات، واتە کارلێکی هێز و توانا لەگەڵ ماددەدا، ئەوا بێگومان بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیان بەبێ گرفت بەڕێوە دەچن. هەموان خۆشگوزەران دەبن و ووڵات دامەزراوەترو ئارامتر ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی و ئینتیمای هاوڵاتیان بۆ خاکەکەیان باشتر گەشە دەکات، بەڵام لە کاتێدا مرۆڤ لە وڵاتێکدا بیگوزەرێنێت کە هیچ شتێك لە شوێنی خۆیدا نەبێت، ڕێزی توانا و بەهرەکانی مرۆڤ نەگیرێت، هیچ گەرەنتییەك بۆ ژیان و داهاتووی نەبێت، دەسەڵاتێك هەبێت مرۆڤکوژ، خۆسەپێن، نەبیستێ و چاو لە ڕاستییەکان بنوقێنێ، ئەوەی بەهای مرۆڤ

بێت نەزانێت، ئەوکاتە جگە لە جەنگەڵێك، هیچی تر نابێت.

وڵاتێك نەخوێندەوار و ماستاوچییەکانی خاوەن مووچە و سەرقاڵی مشەخۆری بن، گەنجە خاوەن بڕوانامە و خاوەن بەهرە و تواناکانی بێ کار و بێ دەسەڵات بن، ئەگەر دەنگیش لە ئاستی هەر نادادییەکدا هەڵبڕن، بە دەستڕێژی گوللـە وەڵام بدرێنەوە، دەسەڵاتێك بەهرەمەند نەبێت لە توانای توێژێك کە سەرچاوەی هێز و بیر و بیرکرنەوە بن، ئەوا نەوە بە نەوە دارِمان و پاشکەوتەیی دەگوازرێتەوە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، چرکە بە چرکەی پێگەیاندنی تاك ئەژمار دەکرێت، تا ئەو کاتەی ئەو تاکە دەگاتە تەمەنێك بەرهەمی بۆ وڵات هەبێت، ئەوجا دەستەبەری ئەرك و مافی بۆ دەکات و دەیکاتە کائینێکی خاوەن توانا و متمانە، بۆ ئەوەی هەموان بەشدار بن لە بنیاتنانی وڵاتدا، بەڵام لە وڵاتی بێ سیستەم و یاسا و دەستووردا، ئەو تاکانەی چاوەڕوانی بەخشینیان لێبکرێت، یان بێبەش دەکرێن لە کایە جیاوازەکاندا، یاخود هەر بە لاوی خانەنشینی دەکەن، چونکە ئەو تاکە خاوەن توانا و بەهرانە، بە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانە بیرناکەنەوە و ناگونجێن لەگەڵ دەسەڵاتدا، سەرئەنجام چارەنووسیان هەر بێدەنگکردن و لەکارخستنە، بە هەر ڕێگایەك بێت، ئینجا بە دەستڕێژی گوللـە بێت، یاخود کوشتنی سیستماتیکی بێت و بە مەراقەوە سەربنێنەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵە و چینە چەورخۆر و کۆنزێرڤاتیڤەکەیە. بۆیە وڵات و دەروونی تاکەکانی، هەر لە بۆنە و یادی کارەساتە خولقێنراوەکانی دەسەڵاتدا دەیگوزەرێنن.

✍️ نەوزاد ئەسعەد گامێشتەپەیی

ڕەنگە باسکردن لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و گردبوونەوە، دەیان هۆکار و شێواز و ڕەهەندی جیاوازی هەبێت، تەنانەت خوێندنەوەش بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە، جیاواز و جۆراوجۆرن. بۆ نموونە: هەندێ جار گردبوونەوە و خۆپیشاندان و تەنانەت ڕاپەڕینیش، ئامانجی خۆیان ناپێکن و دەبنە مایەی دەردەسەری و داڕووخان و



ئازاردانی ڕێکخەران و هەڵسوڕاوانی ئەو جۆرە کارانە. بە پێچەوانەشەوە، هەندێك جاری دیکە دەبنە هۆکارێك بۆ خزمەتکردن و بەدەنگەوەهاتن و جێبەجێکردنی هەندێك داواکاری، کە مەگر هەر لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە، بۆ خەڵکی ناوچەکە جێبەجێ بکرێت و ئەو دەسەڵاتە بە ئاگا بهێنرێتەوە، کە شارێك، یاخود ناوچەیەك پەراوێز خراوە.

لێرەدا دەمەوێت گەر بە کوتیش بێت، تیشکێك بخەمە سەرخۆپیشاندانەکەی ساڵی پاری شاری سەیدسادق و هۆکارەکانی ئەو خۆپیشاندانە و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی حکومەتی خۆبەخۆی کوردستان لەگەڵ هاووڵاتیان و شەهیدبوونی کاکە بڕیار و ئەنجام و دەسکەوتەکانی ڕاپەرین، یاخود خۆپیشاندانەکە.

لای هەموان ئاشکرایە، بە دۆست و نەیارانی شاری سەیدسادقیشەوە، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستانەوە و بە تایبەتی لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابوردوو بەدواوە، سەیدسادق ئاوەدانبووەتەوە و بۆ یەك چرکەیش لە شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان دانەبڕاوە، لەو پێناوەشدا بە هەزاران قوربانیی پێشکەش کردووە و ڕۆڵەکانی ئەم شارە هەمیشە پێشەنگی خەبات و قوربانی بوون و ئەمەشیان بە منەت بەسەر کەسەوە حیساب نەکردووە، بەڵکو بە ئەرکی خۆیانیان زانیوە. لەو پێناوەشدا جگە لە بەخشینی قوربانیی زۆر، چەندین جار دانیشتووانەکەی تووشی ڕووخان و ڕاگوێزران هاتوون، بەڵام هەر بەردەوام بوون.

ئەم شارە خۆڕاگرە لە سەردەمی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، هەمیشە ئامانجی داگیرکەران بووە، بۆیە چەندین ڕاپەرین و خۆپیشاندانی گەورە و قورسی بە خۆیەوە بینیوە، بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٩٨٢-١٩٨٧، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨یش بە تەواوی

لەگەڵ زەوی یەکسان کراوە و دانیشتووانەکەی ڕاگوێزراون. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەیدسادقییەکان ڕۆڵی جوامێرانەیان گێڕاوە. پاشان لەسەر توانا و ئیماکانیاتی خۆیان شارەکەیان ئاوەدانکردووەتەوە و لەگەڵ پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، سەیدسادقییەکان هەمیشە هاوکار و هەماهەنگ بوون بۆ سەربەخۆیی و بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان. بەڵام بەداخەوە، ئەم شارە هەمیشە لەلایەن کەسانێك کە توانای گۆڕانکاری و خزمەتکردنیان هەبووە، پەراوێزخراوە. هەمیشەکەمترین خزمەت کراوە، لەگەڵ ئەوەش کە ماوەیەکی زۆر چەقی شەڕی براکان بووە و دەیان شەهید و کاولکاری و نەهامەتیی بەسەر هاتووە.

پاش ئەو پشتگوێخستنەی دەسەڵاتی کوردی و پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و حیساب نەکردنی ئەم شارە وەك شارەکانی دیکە، خەڵکی گەیشتە تینیان و ڕاپەڕین بۆ داواکردنی مافەکانیان. ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەم شارە هێشتا دەیان کەموکورتیی چارەسەرنەکراوی هەیە، هەندێك لەو کەموکورتییانە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە بەرپرسەکانی ئەم شارە دڵسۆز و خەڵکی ئێرە نەبوون، یان لێرە دانەدەنیشتن و ئاگایان لە حاڵی خەڵکی شار نەبوو، لە ڕووی نەبوونی خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا و شەقام و نەبوونی زانکۆ و پەیمانگا و پارك و یاریگا و خزمەتگوزاری و دەیان کێشەی دیکە، کە هۆکاری ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بوون و دواجاریش بە کۆمەڵێك بریندار و شەهیدێکی خوێنگەرم و لابردنی چەند بەرپرسێك کۆتایی هات، تا ئێستاش ئاکامەکان و دەرەنجام و برینەکانی، ئاسەواریان ماوە.

لێرەدا پێویستە بپرسین: ئەم شارە بۆچی ڕاپەڕی؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە گەلێك ڕەهەند هەیە، لە ئەنجامی نادادپەروەریی لە دامەزراندن و دابینکردنی بەشەبودجە و

جیاوازی کردنی سەیدسادق لەگەڵ شارەکانی دیکە، هێنان و دامەزراندنی بەرپرس لە دەرەوەی شار، هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاری، بەتایبەتی ڕێگاوبان و شەقام و شۆستە، لەگەڵ ئەمانەشدا دەیان خوێندکاری ئەم شارە لە شارەکانی دیکەی کوردستان دەیانخوێند، کەچی حکومەت لەبریی کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگا و پارك و یاریگا، زیندانی گەورەی لەم شارەدا کردەوە و باکیشی بە داواکاریی خوێندکاران و لاوانی ئەم شارە نەبوو. کەواتە ئەمانە هۆکارگەلێك بوون بۆ ئەوەی خەڵکی شار دژی ئەو حکومەتە ڕاپەڕن کە قوربانیی زۆریان لەپێناودا دا و بۆ داواکاریی مافەکانیان هاتنە سەر شەقام. بەڵام بەداخەوە، ئەمجارەشیان هێزە حکومییەکان و دەسەڵاتداران، نەك وەڵامی ئەرێنیی خۆپیشاندەرنیان نەدایەوە، بەڵکوو بە نادیموکراسیترین شێوە کەوتنە وێزەی جەماوەری ڕاپەڕیوی سەیدسادق، وێرای شەهیدکردنی کاکە بڕیار، ئەو لاوە خوێنگەرمەی کە لە لافیتەکەی دەستی نووسربوو (کوا زانکۆ و پەیمانگاکانمان) کەچی بە فیشەك وەڵام درایەوە، چەندین بریندار دیکەیش کە هەندێکیان تا ئێستاش گیرۆدەی ئازارن. بەداخەوە ئەو ڕووداوانە جارێکی دیکە متمانەی دەسەڵاتی کوردیی خستە ژێر پرسیارەوە، وەك هەموو کەیسەکانی دیکەی ئەم نیشتمانە.

لە یادی ئەو ڕاپەرینە گەورەیەدا، سڵاو بۆ جەماوەری شارەکەم دەنێرم، سەری ڕێز بۆ شەهیدی شارەکەم (شەهید بڕیار) نەوی دەکەم، ڕێزم بۆ بریندارەکان هەیە. بە بەرپرسانی شاریش دەڵێم: دەستان خۆش بۆ ئەوەی دوای ئەو خرۆشانە جەماوەرییە کردووتانە، بەڵام ئەوە دڵۆپێکە لەو دەریا خزمەتگوزارییەی کە سەیدسادق پێویستیەتی.

✍️ نەوزاد عەلی فەتاح

بێ هۆ نەبووە، کە وەلی فەرموویە، ئەو مەنزڵە ڕێی خێڵان و هەوارگەی جاف و گۆرانە، ئاخر ئێستەش ئەوێ پڕ پڕە لە جاف و گۆران. لەوەش زیاتر، ئەو مەملەکەتەی لای ئێمە پایتەختی هەر ئەو شارەزوورەیە، کە بووە بەناسنامەی نالی، ئەو شوێن هەوارەیە، کە قانع گەوهەری وشەی تیادا بەخشیوەتەوە.



بۆ سەیدسادق هەر ئەوە بەسە، کە بە شاهانەیی دروستبووە، چوون لە سەرەتای دیرۆکیەوە شارێی کاروانچییان و مەنزڵگەی کۆچەرییان و هەوارگەی ڕۆشنفکران و جێنزرگەی پیاوچاکان بووە.

زێدی ئێمە لەو شارانەیە کە جوگرافیایان جیاوازە. کەم شار هەیە بە وێنەی ئەو لە هیچی کەم نەبێت، چەم و شاخ، گرد و دەشت، هەر هەموویانی لەخۆ گرتووە، لەولاشەوە دەشتی بەپیتی شارەزوور، بناری چیای سەرکەشی سورێن، دەوریان گرتووە.

کەمن ئەوانەی لە هەرێمدا دەژین، کە بە هەر هۆیەك بووبێت، تەنها جارێك بەنێو ئەو شارەدا گوزەریان نەکردبێت. زۆرێکیان پێی سەرسام بوون و هەندێکیش ڕەنگە دژ بەو جەنجاڵییەی شەقامەکانی، کە سیمایەکی ڕۆژانەی بە ڕووخساری شار بەخشیووە، لەبەرخۆیانەوە بێزارییان دەربڕی بێت. ئەو قەرەباڵغییەش، گەر ڕێبوارانی نیگەران کردبێت، ئەوا هاوشارییانی پێیٛ ڕاهاتوون و ئاسوودەن، ئاخر هەنگیش تا زۆرتر لە دەوری کوورەیان جەم بن، زیاتر یەکتریان خۆشدەوێت، بەرهەمیشییان زێدەترە، مرۆڤەکانی شارەکەی ئێمەش، بۆ خزمەتی شارەکەیان، چوون هەنگەکان وەدووی شیلەی گوڵان کەوتوون.

لە هەرخاکێکی ئەم زەمینە، کە کوردان تێیدا نیشتەجێن، خەڵکی شارمان، دۆست و ئاشنای زۆریان هەیە، ئەوە نییە گەرمیانییەکان، کەرکووکییەکان، تەواوی خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، یان نیشتەجیٛ، یان نزیکن لە سەیدصادقییەکان. لە هەکوێدا وڵات ئاتاجی بەوان بێت، دەستبارن، لە هەر جیٛ خاك بریندار بێت، هەتوانن. لەوەتەی شۆڕش ڕاگەیەندراوە، ئەو شارە خەبات دەکات، لەوەتەی قوربانی

بۆ نیشتمان پێویستە، ئەو مەملەکەتە شکۆی شەهیدانی پێدەبڕێت، لەوەتەی وڵات گەنجی وریا و ڕۆشنفکر و پێشمەرگەی قارەمانی لا گرنگە، لاوانی ئەو شارە لە ڕیزی پێشەوەدا ڕاوەستاون.

سەیدسادقییەکان وێڕای خۆڕاگریی و قارەمانێتییان، بە شانازییەوە لەگەڵ خەم ڕاهاتوون. حەیف بۆ دەسەڵاتداران، کە لەپای کەموکورتی و داخوازییەکانیان، بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتییان پێ ڕەوا نەبینین، ئەوەنەبوو پارساڵ، نەیانهێشت شیرینیی ئاهەنگەکانی کریسمس کۆتایی بێت، کۆستێکیان کردە دیاری بۆ شار؟!

ئاخر سەیدسادق کام نەهامەتی هەیە نەیدیبێت؟! کەم شار هەیە لە کوردستان هێندەی ئەوێ، قوربانیی دەستی ڕژێم بووبێت! لە سەروەختی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران - عێراقدا، کوچە و شەقامی نەما، تۆپ و خومپارەی ئێران نەیبێژێت، فڕۆکەیەکی جەنگیی ئێران نەبوو، بۆمبایەکی لەنێو دڵی ئەو شارەدا تاقی نەکردبێتەوە. لەگەڵ کیمیاییبارانی هەڵەبجەدا، ماڵ بە ماڵمان خاپوور کرا، دانیشتووانی ئاوارە و پەرتەوازەی شاران، ماڵیان بوو بە سەربەشی ماڵان. لە شەڕی نەگریسی ناوخۆشدا، هەر مەپرسە چیی بەسەر هات؟ سەراپای شار هەر ڕۆژەو ڕەنگێکی لایەنە بەشەڕهاتووەکانی دەنواند.

گەر نازانن... سەیدسادق کاروانسەرای قافڵەی لەشکرەکانی کورد بووە، بۆ پێشەنگی بەرخودان و ڕاپەڕینیش، بە ئایاری هەشتاوحەوتدا بیناسنەوە، بە گیانبەختکردووانی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکاندا، بەشەهیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دژی تیرۆردا بیناسنەوە، بە زانا و ناودار و سەرکردە و مامۆستایانی زانکۆ و بە ڕووناکبیران و ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی دیار و کەسە هەڵکەوتووەکاندا بیناسنەوە،

بە گەنجە بێناز و دانەمەزراو و کرێکار و دەستڕەنگینەکانی شاردا بیناسنەوە، بە وەلی و شەم و چنار و هێمن دا.

دواجار بە (بڕیار حەسەن)ی جوانەمەرگ و سیمبوولی ئاشتیدا بیناسنەوە و بە ویژدانەوە مێژووی بخوێننەوە، ئەوسا تێدەگەیت چەندە مەزنە شکۆی ئەو شارە؟ لە ڕووی نازەوە چەند غەدرلێکراوە؟ لە دیووی ناوەوە چەند بێ خزمەت و لە تووڕەبوونیشدا چەند بەهەڵمەتە ئەو شارە!

# سەیدسادق بۆچی ڕاپەڕی؟

✍️ هادی کوڵکنیی

لێرەدا نامەوێ باس لە قوربانیدان و سەروەرییەکان و ڕابوردووی پڕ لە مەردایەتیی سەیدسادقییەکان بکەم، بەڵکوو دەمەوێت باس لەو دەرگا داخراوانەی سەر ئەم شارە بکەم، کە هەر لە سەردەمی ڕژێمی خوێنڕێژی بەعسەوە تاکوو ڕۆژی بەرخودانی دانیشتووان و گەنجانی شار، کە لە (٢٠١٤/١/٢)دا هاتنە سەر شەقام و داخوازییە ڕەواکانیان بە گوێی تەواوی بەرپرسان گەیاند.



هەڵبەت سەیدسادقییەکان هەر لە ساڵی (١٩٨٧)وە هەستیان بە مەزووڵومیەتی خۆیان کرد، کە ڕاپەڕین و دواتر خاپوورکردنی شاری لە ساڵی (١٩٨٨)دا بەدوادا هات. تا ئێرە کەمتر ئازاربەخش بوو بۆ سەیدسادقییەکان، چونکە ئەو ڕژێمە دووژمن بوو و هەر ئەوەیشی لێ چاوەڕوان دەکرا.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و پاش ئاوەدانکردنەوەی لەسەر دەستی خەڵکە هەژارەکەی و دوور لە دەستی هاوکاریی حکومەت، ئەم شارەیش وەك هەر شار و شارۆچکەیەکی تری ئەم هەرێمە، لە چاوەڕوانیی بەرنامەی ئاوەدانیی حکومەتدا بوو، تا وەك پاداشتێکی ئاوارەیی و ماڵوێرانی، بە جوانترین دیزاین شار ئاوەدان بکاتەوە و بۆ دونیای نیشان بدات و بڵێت: ئەوان وێرانیان کرد و ئێمە پاداشتمان کردن. بەڵام بەداخەوە جارێکی تر سەیدسادق کرایە (ئەمامی) بەرەی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، کوشتن و خاپوور کردن بە جۆرێکی تر و دەربەدەریی خەڵکەکەی، کرایەوە بە دیاری بۆ دانیشتووانەکەی. تا دوای نەمانی بەرژەوەندیی حیزبە بەشەڕهاتووەکان لە شەڕدا و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستان، کە بۆ زۆرێك لە شارەکان بووە خۆشبەختی، بەداخەوە بۆ سەیدسادق جۆرێکی تر لە درووشمی (نا بۆ خزمەتگوزاری و بەڵێ بۆ یەکتر ناشیرین کردن) لە نێوان حیزبی براوەی شارەوانی و حیزبی حکومڕاندا بەرزکرایەوە. تا ڕۆژی ڕاپەڕینە خۆڕسکەکەی سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)، پشتگوێ خستن و کەمیی خزمەتگوزاری بەردەوامیی هەبوو، ئەمەیش وای کرد کە سەیدسادقییەکان هەست بە کەم سەیرکردن و پەراوێزخستن و نەبوونی خزمەتگوزاری بکەن، لێرەدا بە دەنگێکی بڵند بڵێین (stop ) بوەستن لە م کارانەتان، ئێمەیش خزمەتگوزاری و بەرپرسی دڵسۆز و وەك هاونیشتمانی سەیرکردنمان و شارێکی جوانی پڕ خزمەتگوزاریمان دەوێت. شوێنی کار بۆ بێکارانی شار و زانکۆ و پەیمانگا بۆ قوتابیان و نەخۆشخانەی

سەردەمییانە و پارك و باخچەی ساوایان... هتد، لەم شارەدا بە سەرەتاییترین مافی خۆمان دەزانین. بەڵام ئەسەف بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە سەرەتاییانەی، هێزە ئەمنییەکان بە گوللـە و زیندانی کردن وەڵامی گەنجان و خەڵکی شاریان دایەوە و لە ئەنجامدا بریندارێکی زۆر و شەهیدبوونی گەنجێکی شاری لێکەوتەوە، هەموو تاوانەکەیشی هەڵگرتنی لافیتەیەکی سپی بوو کە لێی نووسرابوو (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان).

دوای ساڵێك لە ڕژانە سەر شەقامی خوێنی شەهید بڕیار و خەڵکی شار، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە، بۆ ئارامیی ڕۆحی شەهید و سوکنایی بەخشین بە دڵی سەیدسادقییەکان، تەقەکەران و بکەری شەهیدکردنی شەهید بڕیار، بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن و لە دادگاییەکی بێلایەنانەدا، دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەیەن، تەواوی داخوازییەکانی خۆپشاندەران جێبەجێ بکرێن، کە بە یاداشت و وەفد دراوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەندێك لایەنی پەیوەندیدار، دوای بە ڕەوا بینینی داخوازییەکان و بڕیاری جێبەجێ کردنیان، هێشتایش بەڵێنی سەر کاغەزن و هیچی تر. ئەگەرنا دوور نییە سەیدسادق جارێکی تر بڕژێتەوە سەر شەقام و ئەوکات هیچ جۆرە بەڵێنێك نایان وەستێنێت.

## برین لە دوای برین

✍️ گەشتیار کەوڵۆسی

سەبارەت بە ئاوەدانیی شار و ڕازاندنەوەی شەقام و هەر ویستێك بۆ ڕێزگرتنی هاوارەکانی خەڵك، هیچ ترووسکەی نییە، جگە لە بچووککردنەوەی مرۆڤ خۆی. هێزێك ئیش لەسەر وێرانکردنی ناوەوە و بونیادی مرۆڤ بکات، عیزەتی ئینسان بچووك دەکاتەوە بۆ سادەترین مافی خۆی، شتێك نامێنێتەوە بە ناوی شکۆ و ئومێدی گەورە.



گەر دەسەڵاتێك برین لە دوای برین بدۆزێتەوە، بۆ داپۆشینی ناشیرنی لە دوای ناشیرنی، دەبێت لەم حاڵەتەدا ڕێز لە (ژیان) بگیرێت، هەمیشە قسە و باس لەسەر بونیادی مرۆڤ بکرێت. دیارە بارودۆخەکە بابەتی هات و نەهات نییە، نادادی و ئیفلاسبوونی ئیداری نییە، بەڵکو جەنگی ڕاگرتنی هاوسەنگیی (مرۆڤ)بوونە، بەرقەرارکردنی هیممەت و هێمنیی جەوهەری مرۆڤبوونە. لە حاڵێکدا گەر گەڕانەوەش بێت بۆ چاخە دێرینەکان، بۆ نەبوونی ئاگری پێویست و شوێن و ڕێی شارستانییەت، شتێك کە زۆر گرنگ و زۆر جێی بایەخە، بەخشینی هێزە بە لاوازی، بەخشینی ئیرادەیە بە نائومێدی.

ئەو ویستەی کە هەیە بۆ برسی کردن، هەر ئەو ویستەیە بۆ تەسلیمبوون و بەکۆیلەکردن. دیارە بە کۆیلەکردن سەرەتایەکی ترسناکە بۆ بچووککردنەوەی مرۆڤ لە شار و هەرەێمەکەی خۆی. مرۆڤ یەکەمین و باشترین موخاتەبی خوایە، لە کاتێك ڕێگە دەدات مرۆڤ لە ئاسمانەکان و زەوی گەورەتر بێت، بۆیە کەمتر لەم ڕێزە بۆ مرۆڤ؛ لادانی تەواو بێ مانا و شەرەمەزارییە. دەبێت خۆشویستن و ڕێزگرتن لە مرۆڤ سەرەتا و کۆتایی هەموو لەدەرگادانێك بێت.

ئەوەی لە پشتی ڕووداو و شەپۆلەکانەوەیە، تەنها بۆ داپۆشینی ڕووە جوانەکانی مرۆڤە. لە مێژوودا هەمیشە کەمینەیەك بە ناوی سیاسەت و کۆکردنەوەی هێز لە دەوری خۆیان، هەر جارەو بە ڕووی جیاواز جیاواز جەنگیان هەڵگرساندووە، جا ئەم جەنگە سارد یان گەرم بێت، بۆ سەرقاڵکردن و بەقوربانیکردنی زۆرینە بووە، ئەمە لە ئاستە جیهانییەکەشدا هەر یەك یاسا و یەك دەستوورە.

هێزە گەورەکان هێزە بچووکەکان ڕام دەکەن و دەیانجووڵێنن، بە ویستی خۆیان ڕووداوێك لە شوێنێکی جیهان تۆخ دەکەنەوە و لە شوێنێکی تری جیهان سەدان

ڕووداوی دیکه فەرامۆش دەکەن. واتە بۆ ئازاردانی مرۆڤ ڕووداوێك نیشان دەدەن، بەڵام بۆ بەرژەوندیی خۆیان ڕووداوەکانی دی دادەپۆشن.

لێرەدا ئەوەی گرنگە؛ هۆشیارییە. ئەم هۆشیارییە لە دێیەکی بچووکدا بێت، یان شارێکی گەورە، یەك شتە، بەو مەرجەی کەسەکان و هێزەکان کۆمەکی یەکتر بکەن. بونیادنانی کەسایەتیی (مرۆڤ) بە کاکڵە و ناوەرۆکەوە، زۆر لە پێشی دروستکردنی هەر دامەزراوەیەکی ئیداری و سیاسییەوەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر مەبەستی سەرەکی خودی مرۆڤ خۆی بێت. بۆ هەر دۆخ و واقیعێ، بەها و شکۆی ئینسانی یەکەمین هەنگاوە بۆ بونیادنان و بەرجەستەکردنی هەر دروشمێك بە ناوی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە!

کاتێك لە بەردەمی تابلۆکەی بڕیاردا دەوەستی و پێی دەڵێی: هەر دوێنێ بوو لەسەر ئەم جادەیە لەگەڵ هاوڕێکانت هاوارت دەکرد بۆ زانست و ئاوەدانی. هیچ قسەیەکی تری نییە، جگە لەوەی دەڵێت: ئەم ڕێگەی من هەمان ڕێگەی درێژکراوەی هێمن و چنارە، ئەمە دووبارەبوونەوەی مێژوو نییە، بەڵکو بڕینی قۆناغ بە قۆناغی ئامانجە. قوربانیی یەکەم  هەنگاوی سەرەتایی خوێندن، قوربانیی دووەم قۆناغی کۆتایی، لێرەدا مەبەست لە جووڵە و ڕووە جوانەکانی شارە لەسەر ڕەوتی خوێندن و ڕەنجدان بۆ ئایندەیەکی باشتر. ئەمە لەکاتێکدا بەپێی مێژوو، هەم ڕووداو و هەم قوربانی، جیاوازییەکی گەورەی هەیە.

ئەم شارەش بەو هەموو فەرامۆشی و بێ خزمەتییە، ئەم ڕەوتەی خۆی بەرنادات، بەو هەموو ئاپۆڕەی هاوار و ئازارە، بەو جەوهەرە بریندارەی هەیەتی، بەو ئێشەی هەیەتی بۆ قوربانییەکانی، لە هەناویا جورمی شۆڕش هەر ئامادەیی هەیە.

ڕەنگە هێزێك بتوانێ دەنگەكان و ڕەنگەكان لە شوێنی خۆیاندا بگۆڕێ، ڕەنگە ماف بگۆڕێ بە ئەرك، داوا بگۆڕێ بە تكا، ئینتیمای هەرێمێك بگۆڕێ بە ئینیمای خود، ژیان بگۆڕێ بە تامی مردن، بتوانێ هێواش هێواش بە ویستی خۆی بە هێزی ماددی دەستكاریی ناوەوەی نەیارەكانی بكات و ساڵ دوای ساڵ ئیرادەی ژیانێكی باشتر لە وجوودیانا بمرێنیت. ئەم جۆرە هێزانە ڕۆژێك بە كۆمەڵێك وێنەی بریقەدار سەرقاڵت دەكەن، ڕۆژێك بە وێنەی ترس و بیم نائاگات دەكەن، دۆخەكان دەقۆزێتەوە و لە جەنگدا خوێنی شەهیدەكانی خۆت وەك شانازی پێ دەفرۆشنەوە، لە قووتی زیندووەكان پەیكەر بۆ مردووەكانت دروست دەكەن، وێنەی شەهیدەكان وەك ڕەمزی حیزبی پیشانی هاونیشتمانییانی خۆیان دەدەن، ساڵ بە ساڵ ئەم جۆرە لە بەڕێوەبردن گەر فەزا گشتییەكە نەگۆڕێت، دەتوانێ درێژە بە هەر ئەگەرێكی دڵخوازی خۆی بدات.

✍️خالید ڕەشید "هونەرمەند"

شەهیدکردنی بڕیارەکان جگە لەوەی کورد بوونمان دەخاتە ژێرپرسیارەوە پێشمان دەڵێت وڵاتی ئێمە پێویستی بە مرۆڤی خزمەتکارو خۆنەویستە،نەک.....ئەمڕۆ خاوەن موەلیدەیەکی نەخوێندەواری بەڕێز، سەد هێندەی سیاسیەک خزمەتی خەڵکی کردووە، باشە گەر موەلیدەیەکی ئەهلی بتوانێ دە کاتژمێرماڵەکەت ڕووناک بکاتەوە،



ئەی ئەوە خێرە حیکمەتێک بەم هەموو ملیاردە بودجەو ئەو هەموو ملیاردە قازانجی نەوت بۆچی تا ئێستا نەیتوانیووە ئەو کارە بکات؟

دە ساڵە حیکمەتەکانی ناو دەسەڵات دەڵێن گەر کارەبا چاک نەبوو دەبێت ئەم دەسەڵاتە بڕوات،کەچی نەکارەبا هاتەوەو نە حیکمەت و حوکمەتیش ڕۆشتن.

هاوبەشی خەمی خەڵکی سیدسادق و بنەماڵەی ئەوگەنجە خێر لەخۆ نەدیووە و هەموو شەهیدانی ڕێگەی عەدالەت و یەکسانیم،لەخوای گەورەش داواکارم کە ئەو ستەمەی دژ بەخەڵکی ئەو شارو وڵاتە دەکرێت،کۆتایی نزیک بێت،نزای ئەو منداڵە بچوکەی کە چاوەڕێی براکەیەتی لە شار بگەڕێتەوە بگاتە عەرشی پەروەردگار.

## سەیدسادق مێژوویەکی کورتی پڕسەرووەری

✍️ ئومێد عوسمان ڕەزڵەیی

هەرچەندە شاری سیدسادقی شەهیدپەروەر مێژوویەکی کورتی لە ڕووی دامەزراندن و ئاوەدانکرنەوەی هەیە و لە هەشتا ساڵ تێپەڕ ناکات، بەڵام خاوەنی مێژوویەکی چڕ و پڕ و پڕبایەخ و پڕپەندە، قوتابخانەیەکی مێژوویی ڕەسەنی کوردایەتییە، سەرەتای هاتووچۆ و ناوەناوەی کاروانیان و ئەوانە بووە کە گەرمیان و کوێستانیان کردووە،



پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگ بووە و لە کاتی پشووداندا ماونەتەوە و گوزەریان کردووە.

لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم و سەرەتای درووستبوونی حکومەتی پاشایەتیی عێراق، بەشوێنێکی پڕبایەخ ناوزەد کراوە، وەك گوزەرگایەکی گەورە کەڵکی لێوەرگیراوە، لە ساڵی ١٩١٧دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ یەکەم جار پردێکی لێ دروستکراوە کە لە دار و قیر و شێلمان پێکهاتووە، هەردوو کەرتی چەمی چەقانی پێکەوە گرێداوە. لە ساڵی ١٩٣٤دا لەم شوێنەی ئێستا یان خوارتر ئەم پردە لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە دروستکراوە، بەیارمەتی ئینگلیزەکان. لە ساڵی ١٩٣٤ تا ١٩٤٠ لەلایەن شۆڕەژنێکەوە بە ناوی (ئامینە کوردستانی) یەکەم چایخانەی لێ دروست کراوە، خەڵکی ناوچە دورەدەستەکان لێرەدا پشوویان داوە، ئەم خاتوونە خەڵکی کوردستانی ئێران بووە، پێم وایە براژنی مام عەلی سۆفی بووە. لە ساڵی ١٩٤٠ تا ١٩٤٩ ئاوەدانکراوەتەوە و لە سەرەتادا حەوت ماڵی تێدا بووە، لە ساڵی پەنجاکاندا حکومەتی پاشایەتی بڕیاری دا کۆمەڵێك دەزگای حکومی لێ دابنرێت.

لە ١٩٥٥/١٠/٢٢دا بەپێی بڕیارێکی شاهانە بڕیاری بوون بە ناحیەی بۆ دەرچووە، ناونراوە ناحیەی شارەزوور، لەکاتێکدا سەیدسادقی کۆن بە شوێنێکی بەرامبەر ئاوایی حاجی قادر، یان هەر بە ئاوایی حاجی قادر دەوترا، زۆرجار بە سەیدسادقی نوێ دەوترا سەرپردەکە، لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە سەردەمی حکومەتی خۆماڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بە قەزابوونی بۆ دەرکرا، ناحیەی بەرزنجەی خرایە سەر بە سەرجەم دێهاتەکانیەوە.

ئەم شارە لە کۆنەوە تائێستا هەر ڕوو لە زیادبوونە، ئەگەر هەلومەرجی نالەبار نەبوایە، ئێستا شانبەشانی پارێزگای سلێمانی لە گەشەدا بوو. شەڕە سەختەکانی زۆر کۆن و

نویێ کە بەرۆکی ئەم شارەی گرتبوو، یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی، بەوهۆیەوە کەمتر خەڵك لێی دەمایەوە. هۆکاری شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد یەکێك بوو لەو بیانوانەی کە حکومەتی عێراق کاولکارییەکی بە دیاری بۆ شارەزوور و سەیدسادق هێنا. شەڕەکانی ناوخۆ لێدانێکی بەهێز بوو بۆ ئەم شارە کە پشتگوێخرا. بوونی ململانێی توندی ڕامیاری لەلایەن لایەنە ڕامیارییەکانەوە، ئەوەندەی تر ئەم شارەی پشتگوێ خست، واتە هیچ لایەنێك وەك پێویست دڵسۆزیی بۆ ئەم شارەنیشان نەدا. نەبوونی خەڵکی خەمخۆرلەم شارەدا کە زۆر کەمن واتە گرنگی بە پێشکەوتنی شارەکە نادەن، کەمترخەمن لەئاست داواکارییەکانی جەماوەری شاری سەیدسادقدا ئەو بودجەی کە بۆ شاری سەیدسادق تەرخان دەکرێت، زۆر کەمتر بوو لەوەی کە بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە بۆی دابین بکرێت.

زۆر هۆکاری تر هەن کە کاری کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و کەسانی کارگێڕین، ئەوانەی لە بواری بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن و مەودای سەرپەرشتیارێتیدا کار دەکەن، دەتوانن باشتر ڕوونکردنەوە و ئاماژە بە هۆکارەکانی دواکەوتنی شارەکە بدەن.

ئەم شارە گەلێك قوربانیی داوە، خوێنی زۆر گەنج و پیر و منداڵ لە نێر و مێی بە ناهەق ڕژاوە، مافیشی خوراوە، کارەساتەکانی زیندەبەچاڵکردن و گرتن و شەهیدکردن و کاولکاری لەلایەن بەعسییەکانەوە لەم شارەدا پەیڕەو کراوە، شەهیدانی بۆردوومانی تۆپ و تەیارەی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

خاپوورکردن و ڕەوانەبینی چڵك و چەوێڵەکەی و دوورخستنەوە و فڕێدانی لە شوێنێکی تر، سیاسەتێکی تری ڕژێم بوو، ئەو هەموو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی لەم شارەدا کرا، گوزارشت لە مافی بەناهەق خوراوی ئەم شارە دەکات. ئەم شارە قەڵای سەختی

کوردایەتی و دەروازە زێڕینەکانی ڕاپەڕینەکان بووە، وەك ڕاپەڕینی خوێندکاران کە لە (١٩٨٢/٥/٣)دا ئەنجام درا و ڕاپەڕینی (١٩٨٧/٥/١٣) کە لە دژی ڕژێمی بەعسی ڕووخا و ئەنجام درا، دوا خۆپیشاندانیش لە بەرواری (٢٠١٤/١/٢) بەرپابوو، کە تێیدا بڕیار بووە سمبوولی شارێك. ئەم شارە، شاری نالی و وەلی دێوانە و شەم و مامۆستا خامۆش و مامۆستا قانع و دەیان مامۆستای ئایینی وەك مەلا ساڵحی شارەزووری و مەلا محەمەدی شارەزووری و ئیبن سەلاحی شارەزوورییە. شاری چنار و هێمن و ڕیشەی بێ سامان و شەهید حەمەشوانە، پشتگوێخستنی تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە خەڵکی ئەم شارە دەکرێت.

بڵاوکراوەی خرۆشان - لاپەڕە ١٤

# پاش بڕیار

✍️ فەرمان حەسەن

ئیدی هەموو نزیکبوونەوەیەکمان لە ساڵی نوێ، دەستپێکردنی هەموو ساڵێکی نوێمان، بە ژان و ئازاری لەدەستدانی بڕیارێك دەبێت. هەموو سەرەتای ساڵێك، بڕیارێکمان لێ دەسێنی و هەموو لەدەستدانێکیش برینی لەدەستدانەکانی دیکە نوێتر و بەسوێتر و بەئازارتر دەکات.



بڕیار، شەهیدی هەموان، شەهیدی مرۆڤایەتی، شەهیدی دەستی ڕەشی ستەم. خۆ ئیدی تەنها بۆ ئێمە سیمبوول نییە، لە هەرکوێیەکی زەمین دەسەڵاتی مافیا هەبێت، بڕیار لەوێیە، لە هەرکوێ داوای مرۆڤ بوون هەبێت، بڕیار لەوێیە، لە هەرکوێ ئازاری لاوێك بەدەست ستەمی دەسەڵاتێکی پووچەوە چەکەرە بکات، خوێنی بڕیار لەوێیە.

لە مەیدانی ستەم و کۆیلایەتیدا، لەژێر زەمینە تاریکەکانی تیرۆری نەوەی نوێدا، لە گۆڕستانی هیوا و خەونی هەر مرۆڤێك کە عەودالّی سەربڵندی و ژیان بێت، خوێنی بڕیار ئیدی لەوێدا هەمیشە ئاسۆی ئومێدە.

پێش بڕیار و دوای بڕیار بۆ ئێمەی هاوشاری و سەرجەم ئازادیخوازان، ئیدی دوو قۆناغی تەواو لێك دابڕاو و نامۆن بە یەکدی. خوێنی بڕیار ئیدی جارێ سەردەمێکی نوێی فکر دەدات کە لە هەموو ساتێکدا دەکرێت بە خوێنی خۆمان قوربانی بدەین بۆ گێڕانەوەی بەها و بایەخ و کەرامەتی زەوتکراوی مرۆڤی ستەمدیدە و خێرنەدیوی ئەم نیشتمانە نەگبەتە.

خەون و داواکانی بڕیار، ئومێد و ئایندەی بڕیار، ئیدی دەبێت هەمیشە دەستپێك بێت. هەموو جۆرە ساردبوونەوەیەك لە خەونەکانی بڕیار کە ئیدی خەونی هەموو کەسێکی ژیاندۆست و سەربڵندە، خزمەتێکی گەورە بە دەستە ڕەشەکانی تیرۆر و مافیاکانی دەسەڵاتێکی بەربەری دەکات کە لە هەموو کات و ساتێکدا دەکرێت تیرۆرمان بکاتەوە و شەقامەکانی نیشتمان بە خوێنی چەندان بڕیاری دیکە سوورتر بکات، خەونی چەندان بڕیار ئەهریمەنانە لە گۆڕ بنێت. ئەوەی قۆناغی دوای بڕیار وەك بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی لەسەر هەموومان و دادگا و لایەنە بەرپرسەکان دروستی دەکات، بەتایبەت ئەو لایەنانە کە پێش چوونە دەسەڵات دۆستی بڕیار و هاوشانەکانی

بوون، هەمیشە دەست لەناو دەستمان بوون بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەقامە نارازییەکانی شار، ئێستا لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوە گەورەی گەل و مێژوودان کە چەندێك عەودالّی سزادانی بڕیار کوژەکانن، چەندێك ویست و ئیرادەیان ماوە بۆ سزادانی هەموو ئەو مەرگدۆستانەی کە لەپێناو پارەو دەسەڵاتدا هەموو کاتێك ئامادەن یەك پارچە وڵاتمان لێ بکەنە گۆڕستان.

ئیدی تادێت زیاتر دۆستە ڕاستەقینەکان یاخود دەمامکدارەکان بۆ دۆستانی بڕیار ئاشکرا دەبێت، دەسەڵاتێك ئامادە بێت خوێنی نەوەکانی بڕژێتە سەرنیشتمان تەنها لەپێناوی ئەوەی داوای گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی نیشتمان بکەنەوە بۆ نیشتمان، هەرگیز ئەو دەسەڵاتە نەك شایەنی لێخۆشبوون نییە، بەڵکو بەردەوام دەبێت سەرکوت و سەرکۆنە بکرێت، تا ئیدی بە کردەوە سنوورێك بۆ بڕینی جەرگی دایکی بڕیارەکان دابنێین، تائیدی ئاهێکیش بەبەری دۆستانی بڕیار و ئازادیخوازاندا بێتەوە، بە چاوی خۆمان سزای ئەو مافیا دڵڕەشانە ببینین کە بۆ ڕشتنی خوێنی نەوەی ستەمدیدەی ئەم هەرێمە هەمیشە پەنجەکانیان لەسەر پەلەپیتکەیە.

پێویستە ئیدی بۆئەوەی دەکرێت بۆ سزادانی مافیاکان، تەنها چاومان لە دەستی دادگایەکی کوێر و دەست و پێ بەستراو نەبێت، بەڵکو دەکرێت پێش هەموو شت ئەو پەروەردە حزبییەی کە مافیا بڕیارکوژەکانی پێ گۆش کراوە، لە کۆمەڵگەکەمان دابماڵین، ئەو پەروەردەی حزب کە دەربارەکانی خۆی پێ گۆش دەکات، چەندان بڕیارکوژی ئامادەی لە بارەگاکانی خۆیدا حەشار داوە و هەرکات بیانەوێت کارەساتی جەرگبڕ دەئافرێنن و کام شوێنی نیشتمانیان بوێت لەوێدا ئاگری برینێکی نەبڕاوە خۆش دەکەن. دۆستی جەلادەکانی خوێنی بڕیار، ئێستاش بەسەر سەرمانەوەن و

ڕۆژانە لە شاشەکان هەمان وێنە و پەیامی درۆینە بە گوێماندا دەدەنەوە.

ئیدی سزادانی مافیاکان، خوێنی بڕیار و دۆستانی جەلادەکانی خوێنی بڕیار بۆ ئەم گەلە، کارێکی قورس نییە، ئەگەرچی سزادانیان درەنگی کردووە، ئیدی دەبێت ئەم گەلە خۆی لە جەلادەکان پاك بکاتەوە و چیتر ڕێگە نەدرێت جەلادی خوێنی بڕیارەکان کاربەدەست و حاکمی ڕەوای وڵات بن، دۆستانی بڕیار دەبێت لانی کەم پێش سزادانیان، کورسی لە جەلادەکان وەربگرنەوە.

# سەبارەت بەخۆپیشاندانە جەماوەریو خۆرسکەکەی سەیدسادق

✍️ مەحموود عەبدولکەریم

خۆپیشاندانەکەی ساڵی پاری سەیدسادق، یەکێك بوو لەو ڕووداوە گەورە و گرنگانەی کە چووەتە تۆماری مێژووی هەرێمی کوردستان و بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی سەیدسادق ئەژمار دەکرێت. ئەو خۆپیشاندانە لە کاتی خۆیدا هەندێك خوێندنەوەی بۆ کرا و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە سەرنجی خۆیان خستووەتە ڕوو، چونکە ئەو خۆپیشاندانە ڕووداوێکی سادە و سانا نەبوو، بەڵکوو جەرەیانی چەند ڕۆژی خۆپیشاندانەکە ئەوەی سەلماند کە



ڕووداوێکی مەزن بوو. لەگەڵ ئەوەدا پڕ بوو لە مانا و مەدلوولی شێلراو بە نادادگەری و پەراوێزخستن و سەقەتی لە سیستمی بەڕێوەبردن و کپکردنەوەی دەنگی خەڵك و پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵك.

بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕووداوە، لێرەدا بە کورتی سەرنجتان بۆ ئاماژەکانی گرنگی و گەورەیی ئەم ڕووداوە ڕادەکێشم، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

یەکەم: خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی خۆڕسك بوو. سەرەتای خۆپیشاندانەکە هیچ لایەنێکی سیاسی دەستی نەبوو لە هەڵگیرساندنی، بەڵکوو کۆمەڵێك گەنج و چالاکی مەدەنی و خوێندکار و قوتابیی دانەمەزراو، دەست پێشخەر بوون لە ئەنجامدانی، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. پاش شەهیدبوونی (بڕیار حەسەن) لە ڕۆژی یەکەم، ڕۆژانی دووەم و سێهەم بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خەڵکی شارەکە بەشدارییان کرد، لە هەموو چین و توێژەکان و لایەنگرانی زۆربەی حیزبەکان.

دووەم: حکومەتی هەرێمی ڕاچڵەکاند لە ئاست کەمتەرخەمی و پەراوێزخستنی قەزای سەیدسادق و حساب نەکردن بۆ دانیشتووانەکەی و کەمیی ئاستی خزمەتگوزاری و گرنگی نەدان بە بوارە جیاجیاکانی ژیانی خەڵك.

سێهەم: یەکەم خۆپیشاندان بوو پاش خۆپیشاندانەکانی ١٧ ی شوباتی ساڵی (٢٠١١) کە سەدایەکی گەورە دروست بکات، زۆر کەس بڕوای نەبوو خۆپیشاندانێك لەو جۆرە سەرهەڵبدات پاش خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات، بەلای هەندێك لە ڕووناکبیرانی کوردیشەوە خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق درێژەپێدەر و ژیلەمۆی ١٧ ی شوبات بوو.

چوارەم: خۆپیشاندانێکی هێمنانە و ئاسایی نەبوو، بەڵکوو توندوتیژی تێیدا ڕووی دا و بووە هۆی شەهیدبوونی (بڕیار حەسەن) و برینداربوونی دەیانی تر، هەر ئەوەش وای کرد خۆپێشاندانەکە درێژە بکێشێت و خەڵك زیاتر بەشداری بکەن و بە ئاسانی خامۆش نەبێت.

پێنجەم: خۆپیشاندەران بە حکومەت و ڕایگشتیی کوردستانیان ڕاگەیاند، ناکرێت بەبێ ویستی خەڵك خۆی نەخشەی جوگرافی و ئیدارەی شارەکەیان بگۆڕێت و ڕاشکاوانە وتیان دەبێت ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی سەیدسادق بگرێت و خۆیان خاوەنی بڕیاربن.

شەشەم: بەردەوامیی خۆپیشاندانەکە توانیی حکومەت بهێنێتە سەر هێڵ و لەسەر ئاستی باڵا سەردانی شارەکە بکەن، دواتریش نوێنەرانی شارەکە سەردانی سەرۆکی حکومەت بکەن و داواکاری و پێشنیارەکانیان بگەیەنن بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

حەوتەم: ئەم خۆپیشاندانە توانیی سێ بەرپرسی باڵای قەزاکە بگۆڕێت و لەسەر کار لایان ببات، کە قائمقام و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری پەروەردە بوون. بێ گومان ئەگەر فشاری خۆپیشاندەران نەبووایە، ئەستەم بوو ئەو بەرپرسانە دەستبەرداری پۆستەکانیان ببن.

هەشتەم: خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق یەکێك بوو لەو ڕووداوانەی بە درێژایی سێ ڕۆژ زیاتر میدیای کوردیی جەنجاڵ کردبوو، بەشێوەیەك زۆرترین پەخشی ئەو کەناڵانە لەسەر خۆپیشاندانەکە بوو وە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕوومالّی ڕووداوەکانیان


دەکرد، دەتوانین بڵێین کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە زیندووڕاگرتنی ئەو خۆپیشاندانە.

نۆیەم: خۆپیشاندانەکە توانیی چەندین ئەندام پەرلەمان لە سەرجەم لیستەکان بهێنێتە سەیدسادق و هەوڵی هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە بدەن و پشتیوانیی خۆیان بۆ داواکاریی خۆپیشاندەران دەرببڕن و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە.

ماوەتەوە بڵێین خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی سیاسی و ئیداریی قەزای سەیدسادق و زۆر مانا و چەمکی گۆڕی، بەڵام وێڕای ئەوە حکومەتی هەرێم بەشێوەی مەیدانی نەیتوانی گۆڕانکاری بکات لە بواری خزمەتگوزاری و ئاوەدانیی ئەو شارە، ئەویش بە بیانووی قەیرانی بودجە، لەکاتێکدا بەشێك لەو داواکارییانە کە حکومەت بەڵێنی جێبەجێکردنی دابوون، هێندە بودجەی نەدەویست و هەندێکی تەنها پێویستی بە بڕیارِ بوو.

# بڕیار لە زەمەنی دەسەڵاتێکی کوردیدا؟

✍ ئەحمەد حەمە عەزیز



بڕیار لە زەمەنی دەسەڵاتێکی کوردیدا دەبێتە شووناسی شارێك. شەهید بڕیار، بە دەستی خۆفرۆشێکی خۆماڵی و فیشەکێکی بێگانە شەهید دەکرێ. کاتێك کە شار و نیشتمان لەناو ئازار و بێدادیدا غەرق دەبێ و نغرۆ دەکرێ، لەو کاتەدا کە تەرازووی دادپەروەری لاسەنگ دەبێت، ئەو کاتانەی دەستی فاقە دەخرێتە گەردنی گەنج و بێبەش دەکرێ لە داهات و لە سامانی ئەم وڵاتە، وەلائـ و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت دەبنە پێوانە و پێوەر، ئیتر بڕیار دەبێتە شووناسی شار و شەهید دەکرێ.

شار بەجارێ ماتەم دەبێ و ڕەش دەپۆشێ. لاشەی ساردی شەهید بڕیار بەناو دەسەڵاتی غەدردا بەڕێ دەکرێ. لەو کاتەدا ئەفسەرێکی دەمامکدار، سەرشۆڕ سەرشۆڕ تفەنگەکەی ئەمن دەکا و بەرەو خەجاڵەتخانەکەی هەنگاو دەنێ، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا و لە پێشتریش، ئەم حوکمی قەرەقووشە حاکمی ئەم وڵاتەیە و بڕیار دەدا شەلم، کوێرم، هیچ نابوێرم، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، حوکمی یاسا لە خاچ دەدەن. ڕۆژێك کورت و ڕۆژێك درێژ، چۆنیان بوێت ماکیاژی دەکەن.

ئەمە هەرگیز بەم شێوەیە ناچێتە سەر، ڕۆژێك دادێ چۆڕاوگەی خوێنی بڕیار و خامەکەی دەستی سەردەشت و هەواڵنامەکەی سۆران و ڕۆژنامەکەی کاوە، لە یادی حەڤدەی شوباتدا لەبەردەم دادگای گەلدا ڕادەوەستێ، تا لاسەنگیی تەرازووەکە هاوسەنگ دەبێ و دەبنە عیبرەت.

## هیچمان ناوێ تەنها بڕیارمان بدەنەوە

✍️ دارا عبدوڵا

ئەمڕۆ زیاتر لە ١٣٠ڕۆژ تێپەڕدەبێت بەسەر ئەوڕۆژەی کەسیدسادق لەدژی کەمتەرخەمی و بێباکی بەرپرسان لەئاست قەزایەک کەدانیشتوانەکەی زیاتر لە٨٥هەزار هاوڵاتی دەبێت و هاتنە سەرشەقام و بێدەنگیان شکاند.



سەبری چەندین ساڵەیان لەئاست بەڵێنە بێکردەوەکانی بەرپرسان و بەڵێنە درۆینەکانیان کۆتایی هات و پڕ بەگەرویان هاواریان کرد ئێوەمان ناوێت، ئێوە ئەوەی نایزانن ڕاستیەو پڕبەدەستەکانیان بەردیان تێگرتن، وەڵامی ئەم دەسەڵاتەش لەبری بەدەمەوە هاتن شاریان شەهید کردو کوڕیان کوشتین و ڕەشپۆشیانکردین، ئیستا وردە وردە چرکەکانی زەمەن تێدەپەڕێیت ئەوەی نەگۆڕاوە شارەو ئەوەی ڕاست دەرنەچوە بەڵێنەکانی دەسەڵاتە.

ئەمڕۆ زیاتر لە ١٣٠ ڕۆژ تێدەپەڕێیت بەسەر قێزەونی ترین کاردا کەدەسەڵات بەرامبەر خەڵکی شارەکەم کردی و کاکە بڕیاریان شەهید کرد،حەقی خۆیەتی بپرسین ئەرێ بەڕاست بکوژانی چیان بەسەرهات ئەبێیت لەکوێبن ئەرێ نەدۆزرانەوە؟کوان ئەوتەقەکارانەی کەشاریان پڕکردلەخوێن و باروت؟کوان ئەو بەرپرسانەی فەرمانیان بەگولەبانکردنی شارکرد؟ بۆ دەستگیرنەکران؟ تاکەی ڕەوایەتی بەکوشتنی کوڕی خەڵک و بێ خزمەتی شاردەدەن؟ تاکەی دەتانەوێ گەل بێ نازو چەوساوەو شار وێران بێت؟ڕەنگە باشترین بیانوتان ئەوەبێت بڵێن پێویس بەکات دەکات، باشە ئەی بۆلەتاریکی شەودا تەقە لەبارەگایەک دەکرێت لەکەمتر لە سێ ڕۆژدا ئەنجامدەرانی دەدۆزریتەوە، خۆ کوژرانی بڕیار لەڕۆژدابوو بەبەرچاوی هەموو دونیاوەبوو ئیتر لەمەزیاتر دەتانەوێت چۆن یاری بەدۆسیەکەی بکەن؟ با لەبڕیار بگەڕێین پێئەچێت دۆسیەکە زۆر حەساسبێت! ئەی تاپۆکردنی خاوەکانی شار چیبەسەرهات؟ خۆئەویش لەبڕیارەکاندابوو،

ئەدی شەقامەکان و کۆڵانەکانی شارچی ؟ خۆبەدەردی ئەوکاتەوە هەر دەناڵێنن، ئەی کوڕ و کچە خوێن گەرمانە ی ساڵانێکە خوێندنیان تەواو کردوە چەند سەد کەسیان

لێدامەزرا، تا مامۆستاو پزیشک  و .......هتد لەشارەکانیترەوە بۆمان هاوردە نەکرێت، ئەرێ بەڕاست ئەی چارەنوسی ئەو ٤٥ ملیار دینارە چی لێهات کەسەرۆکی حکومەت بڕیاری بەخشینی دا بەم شارە تا لەبواری خزمەت گوزاریدا سەرفبکرێت؟؟ بەینی خۆمانبێت  نەک هەر چارەنوسی غەیبە بەڵکو بەشێک لەپڕۆژەکانی شار ساقەسەری ئەو کراو لەبێ پارەیدا ئەوانیش وەستان .. ئەمە بەشێک لەو بڕیارانەبوکەبڕیاری شارتان لەپێنا وا برد، هەمووی بۆخۆتان هیچی ئێوەمان ناوێت تەنها بڕیامان بدەنەوە

# من بڕیارم

✍️ شەماڵ ڕەشید




من بڕیارم، من بڕیارم

بڕیاری دڵی شارەزوور

بڕیاری شارێکی ڕووسوور...

هاوڕێیانم لەگەڵتانم

بە دڵێکی پڕ لە ژان و خوێن و برین و ئێشەوە

بەرەو ژیانێکی جوانتر بۆ ئایندەیەکی ڕوونتر

لەگەڵتانم، هەر وام لە ڕیزی پێشەوە...

هۆ دایە گیان

دەزانم ئێستا لەبەر نیگای چاوی گەشتام

بە خەیاڵ هەموو شەوێ لە باوەشتام،

تووبیو جگەری بڕاوت

تووبیو دڵەی هەڵقرچاوت

تووبیو فرمێسکی دوو چاوت...

ئیتر مەگری

هۆ باوە گیان

تووبیو باوەشی پڕ سۆزت

تووبیو فرمێسکی پیرۆزت

ئیتر مەگری

ئێستە بڕیاری شارێکم

لە گەرووی هەر شەقامێکدا

هاوارێکم

هاوڕێیانم

لاوانی شاری وەلی و شەم

ئەی لاوانی سەدەی زوڵم و جەور و ستەم...

پێیان بڵێن، بە میراتگرانی رژێمی چاوبەخوێن

بەوانەی کە بە زمانی تفەنگ دەدوێن

گوللـەی ئێوە هەرگیز مێشکم بەتاڵ ناکا

جبەخانە و زوڵم و تفەنگ، کاریگەری لەسەر هزر و خەیاڵ ناکا...

من بڕیارم، بڕیاری دڵی شارەزوور

بڕیاری شارێکی ڕووسوور...

# شەهیدی شار

✍️ سالار مەحمود

بۆ خزمەتو ئاوەدانی هاوارت کرد

ناخت پڕبوو لەخەمی شار

ئەتۆ ناسنامەی شارێکی

شەهیدی شار، شەهید بڕیار



گۆرانیو ئاوازی شاریو
بۆ هەمیشە دەتڵێینەوە
تۆ بڕیاری گشتماڵێکیو
ون نابیو لەبیر ناچییەوە

بۆ هەموو شاری شارەزوور
بۆ هەموو کورد، بۆ کوردستان
هێماو شکۆی بەرخۆدانیو
بوویتە دیرۆکی نیشتیمان

ئەفسووس کەوا لۆژیکی هێز
جەخار کەوا زمانی چەك
بەهەردووکیان
قافیەی ئەو شیعرەیان شێوان
کەبڕیار بوو تۆ ناوی بنێیت نیشتیمان

ئەم شیعرە لە لایەن لقی سەیدسادقی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوانەوە ئاوازی بۆ دانراوەو کراوە بە گۆرانی. *

# شەهید بڕیار

✍ ئارام شەمێرانی

لە دووی یەکی هەموو ســاڵێ
گەورە و بچووکی گشت ماڵێ
تاجە گوڵـی سومبولـی شــار
بەرنە گۆڕی شەهــید بڕیـــار



# تۆسەرروەرو ئێمە بێسەر

✍️ د. هەڤاڵ ئەبوبەکر

واسبەینێ دووشەممە، چی بە نالی بڵێمەوە، خەمەکانمان لە سلێمانییەوە خۆیان بەشارەزووردادەکەن، ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور.



وەلی دێوانە هەموومانی کرد بە پەروانە، فێری کردین یان شەم بین یان پەروانە، ئێستا گۆڕەکەت لە ڕێی خێڵانە لە ناوهەوارگەی جاف و گۆرانە، ئێستا وێنەکەت بە دیواری دڵی هەموومان‌دا هەڵواسراوە، ئێستا ناوت لەناو ناوی شەهیدەکاندا نوسراوە، ئێستا شار تەنها سادقی سەید نییە بڕیاریشە.

بڕیارێک وەک شەپۆل خێرا وەک هەناسە کاریگەرو وەک ئازادیی مەزن، دووسبەی چلەی کۆستێکە کەکۆستی کوردستانێکە نەک کۆستی شار.

خەم نەتخوات و خەفەت بارگەت پڕنەکات گیان، قانع زیندان فێری کردو ژیان شەهید وێنای کردو، زانکۆش بڕیار.

ئێستا لەئاوەزو دڵ و دەروونمان‌دای، لەهەناسە و تاسەمان‌دای، لەگەڵ هەنگاوەکانت داین، لەناو گەرووی هاوارت‌داین، لەچۆڵای هەوارت داین،لەخەندە وپێکەنینەکانت داین، لەگەڵ گریان و شینت‌داین، بەڵام تۆسەروەرو ئێمە بێ سەر، تۆبەرهەم و ئێمەش بێبەر، تۆ زیندویت و ئێمە مردوو، پیرەمێردیش هەروا دەڵێت:ئەوکەسەی گیانی لە ڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکات پێی مەڵێن مردووە شەهیدە وا لەفیردەوسی بەرین،ئێستادەتوانم بە نالی بڵێمەوە شارو شارەزوور پڕبووەلە عەبیر، بوخاری بووە بە بوخور،بیر بووە بە بڕوا و بڕوا بە باوەڕ و باوەڕیش بە بڕیار.

# من بڕیارم

✍️ ئەمیر شەیدا

بیرتان نەچێت من بڕیارم

تەنها ئازادی دەزانێ

بڕیاری چ بڕیارێکم

پێنووسی دەست خوێندکاران و

چەکی دەستی پێشمەرگە و شەڕڤانان و

پشکۆی کوانوی ئازادیم و

تاجی سەر سەری شارێکم

❇ ❇ ❇ ❇ ❇

جاران هەر خۆم بە دەنگی خۆم

هاواری ئازادیم دەکرد

بۆ شاری مات و بێدەنگم

کەچی ئێستا

لە گشت قورگێکا هاوار و

لە گشت دەستێکدا بەرد و

لە گشت زوڵمێکدا ویژدان و

بۆ هەموو خوێنێک پێشەنگم



جاران من لە شاردا دەژیام

ئێستا شار لە مندا دەژی

وەك فریشتە هەردەم دێمە خەونی دایکم و

ئەو جەلادەی کە بە ناحەق

خوێنمی مژی

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئەوەی بڕیاری لێ بردین

ئەوەی ئازادیی لێ کردین

ڕۆژی هەزاران جار دەمرێت

لەتاو خەم و ئێش و ئازار

هەموو ڕۆژێك لە شەقامی شەهید بڕیاردا

ورد دەبێت و دەبێت بە خۆڵی ژێرپێی بڕیار

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# بەجۆرێك ڕۆشتی هەموو تەمەنم بڕژێنمە بەرچاوەڕوانیت نایەیتەوە

✍ ئارێز حەسەن (خوشکی شەهید بڕیار)

وەرزێکی تەواوە پێنووسم بۆ نووسینەوەی وشەکانم هەڵنەگرتووە، ئیتر بەپێچەوانەوەی پایزەوە من وشەکانم هەموو بە دیواری دڵمەوە هەڵواسیوە، زستان هات و جۆگەلەی خوێنی بەناحەق ڕژاوی تۆ بڕیارەکەم، تۆفانێك بە بای حەسرەت و تاسەی دیدارتەوە لە دڵمدا دروست دەکات و وشەکانم جارێکی کە هەڵئەوەرێنێ و ئەیاندات بە گوێی هەموو ئەوانەی کە بەڕاستی مرۆڤن و هەست بە ئازاری ئەوانی دیکە دەکەن.

لەگەڵ ئەوانەشی کە بوونەتە مۆتەکە و دروستکەر و ئەندازیاری مەرگی دلتەزێن و بخۆر و بەهەدەردەری قووت و ماف و کۆی ژیانی بەشێکی گەورەی مرۆڤەکانی ئەم کوردستانە.

ئازیزەکەم خەم و ئازاری بێتۆیی دەوەنی هەست و بیر و خەیاڵەکانمی بە تاریکترین ڕەنگ وێنە کردو ئیدی لەوکاتەوە هیچ شتێکم بە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی نەبینی، هەندێکجار ئەمویست منیش وەك خوشکەکەی مەنسووری حەلاج بە دەنگی بەرز هاوار بکەم، بڵێم ئیتر پیاوێك و دوای ئەو لە ژیانمدا نەما



ئاخر هەمیشە من خەونم بە نیشتمانێکەوە دەبینی باخچەکانی لە زیندانەکان زیاتر بن گوڵەکانی لە فیشەك و درەختەکانی لە تفەنگ ئیدی پەڕی پاڵندە و باڵی پەپوولەکانیش هەڵنەوەرنە سەر زەوییەکەی، نیشتمانێك چەك و دیوار و زنجیرەکان ببنە ئەستەم و کوشتن و ستەم ببێتە ئەفسانەیەکی نەبینراو، ڕۆشتن سەخت بوو تۆ لە ئاو ناسکترو من لە فڕین شاعیرانەتر بووم سەخت بوو، من بۆ دۆزینەوەی تۆ لە دەرگاکانی ئەبەدیەتم دا لە دوورترین هیواو بەرینترین ئاسۆ وەك نابینایەك هەر دەسە کوتێمە و تۆم بۆ نادۆزرێتەوە.

زۆر خراپ ڕۆیشتیت بەجۆرێك هەموو تەمەنم بڕژێنمە بەرچاوەڕوانیت نایەیتەوە. تائێستاو بۆهەمیشەش کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە حەوشەکەمان پڕ ئەبێت لە چۆلەکە کە بیر لە خۆم و ئەم ڕۆژگارە دەکەمەوە گەڵای درەختەکانی ماڵەکەمان ئەوەرێت، لێرەوە تا ئەوسەری دنیا سەیر ئەکەم هەموو شتێکم

لێ دیارە جگە لە تۆ و ئایندەی خۆم، بۆیە ئەڵێم قیامەتت باش، بەهەشت و ئەبەدییت و دنیای پڕ لە دادگەریت باش، بڕیار گیان کە هەمیشە لە خەونەکانمدا لە شەهیدبوونی خۆت دڵنیام ئەکەیتەوە ئیتر شەرم ئەکەم لۆمەی ڕۆژگار بکەم و خەمەکانم لە بێتۆییدا بۆ هیچ کەسێك باس بکەم.

ئیتر تەنیا سەرێك بۆ ئاسمان بەرز ئەکەمەوە و بەدەر لەهەر هەستێك ئێستاش ئەمە بیری بکوژەکەت ئەخەمەوە ئەبێ چەند جار بێباکانە بەلای ئەودا تێەپڕی بیت؟ ئەبێ چەند جار دەستە ڕەش و نەفرەتیەکەت بۆ لای ئەو ڕاکێشابێت؟ ئەبێت و چەند جار...

من و ئەو خوشکەم بۆ هەمیشە ملوانکەی شەرەفی ئەو لە گەردنم ناکەمەوە .. جا تکایەکم لێت هەیە

ساتێ مەرد بە، ئیتر کورد و هاوشاریم بە، لە بەر من نا لە بەر مێژوو جارێکی کە بە بەرچاوی دایکمەوە دەستڕێژس گوللە مەکە و جەرگی دایکێکی تریش مەجوو.

مەگەر نازانی مەرگی من (بڕیار) نەفرەتی ناوچاوانی تۆیە و خۆت و گەورە چەکەکانتان ئەسپێرینە زبڵدانی پیسی مێژوو.

# بۆ ڕۆحی شەهید بڕیار

✍️ فازیل ئەحمەد

لە شەوێکدا لەدایك بووین، ئاسمانی ئەم شارە

بە هەموو دڵتەنگییەکانیەوە جوان بوو.

شەوانێك بەناو دووکەڵ و ترس و تەنیاییدا دەڕۆیشتین و

بۆنی مێخەکی دایکمان بوو نەیدەهێشت هەڵبێین و بکەوین.

چونکە ئەوان مێخەکیان نەدەناسی.

ئەو شەوانە تێپەڕین

ترس و تەنیایی و غەریبی ڕۆحی شپرزەی جێنەهێشتین

ئەو شەوانە تێپەڕین، هاوڕێی شیرین

سەرەتای ئەم چیرۆکە بۆ کێ بگێڕینەوە

ئاخر ئەو خەنجەرانەی دەمانکوژن، بۆنی مێخەکیان لێ دێت.

# تفەنگەکانتان فڕێ دەن، کەس شایەنی ئەوە نییە فیشەکی پێوە بنێن

✍️ سوارە نەجمەدین

من هەموو بەیانییەك دێمەوە سەیدسادق. ڕۆژێك لەگەڵ گزنگ و ڕۆژێك بەسەر پشتی هەورێکەوە لە بنارەکە دادەبەزم. دێمەوە شارە غەمگینەکەم، دێمەوە بۆ باخی زەردەوەبوو، بۆ لای جۆلانەی شکاو. من هەموو ڕۆژێ دێمەوە شارە بێنازەکەم. بیرتان دەکەم ئەزیزانم. هەموو ڕۆژێك لەگەڵ سەبای ساڵحانا دێمەوە دیدەنیتان.



یەکەمین شوێن دەچمە دیداری شەم، بە بست پەیکەرەکەی دەپێوم و دواتر دێمەوە بەراوردی دەکەم بە کێلەکەی وەلی دیوانە. من فریا نەکەوتم وەسێت بکەم، دەنا دەمگوت: با کێلەکەم بە بارتەقای بچووکترین سنەوبەری بەردەم بینای قایمقامیەت بەرز بێت. بەیانیانیی جەژن لەبری بخورد، کەمێك لە بۆنی کراسەکەم بکەن بە لووتی ئەو خزمانەیا.

دایە گیان، من هەموو بەیانییەك دێمەوە بەر ماڵەکەمان و بە بێ دەنگی بۆ ئەژنۆکانت دەنووشتێمەوە، دەزانم تۆ گوێت لێم نییە، سەد جار دەستە چرچەکانت و چاوە تەڕەکانت ماچەکەم، دایە گیان تۆ دەنگم نابیستیت. من ئێستا لە فیردەوسم، لە تەنیشت سێبەری کۆمەڵێك سپیدارەوە، لە نزیك ماڵی ئەولیا و عاریفانی سەدە کۆنەکانەوە، ڕیزێك دەواریان بۆ هەڵداوین، لای ڕاستم سۆرانی مامە حەمەیە و دەستە چەپم سەردەشتە، لە پشتمەوە بۆنی پەپوولەیەك دێت، دەیناسمەوە، ڕێژوانە هێشتا بلوزە سوورەکەی لەبەردایە، دەنگی لە گوێما دەزرینگێتەوە، بانگی گەرمیان دەکات تا لێی دوور نەکەوێتەوە، نەکا لەو قەرەباڵغییەی بەهەشت ون بێت. ئێمە لێرە زۆرین، ئێواران مەجلیسمان گەرمە و لەسەر کانی و ئاوێك ڕابردوو دەگێڕینەوە.

گەرمیان هێشتا خەون بە پاسکیلی تازەوە دەبینێت و کاوە بیری ئامەد دەکات. من لە سۆرانەوە زانیم چای شۆرجە تامی جیاوازە و لە زەردەشتم بیست کە لە بازاڕی کۆترانەوە دەچیتەوە بەرقەڵا. ئێمە لێرە مەجلیسمان گەرمە و لە ئێوەمان کەمە. من باسی سەیسایەقیان بۆ دەکەم، دایە گیان باسی تۆیان بۆ دەکەم، باسی باوەشی گەرمی تۆ لە سەرما و تۆفەی زستانا، باسی ماچەکانی تۆ و باوەشێنی فەقیانەکەت. دایە گیان تۆ دڵت لام نەبێت، ئێمە لەوێ زۆرین، بەس لە ئێوەمان

کەمە.

من هەموو ڕۆژێك دێمەوە سەیسایەق و بە بێدەنگی سوار پاسێکی شەقوشڕ دەبم و لە شەقامی شەهید بڕیار دادەبەزم، بە شۆفێرەکە دەڵێم: تۆ نامناسیت، من بە ڕەچەڵەك دەچمەوە سەر یەکێك لە چنارەکانی بەردەرکی سەرا و بە داب و نەریت لە تیرەی سەربەرزانم، بە خەسڵەتیش دروست دەچمەوە سەر مەنسوور. ببورە برای شۆفێر، تۆ من ناناسیتەوە، ئێمە هەشتا و پێنج ساڵ پێش ئێستا لە بەردەرکی سەرای سلێمانییەوە دەستمان پێ کرد و هێشتا بەردەوامین، تۆ هەر نامناسیتەوە؟! ببورە دەبێت بڕۆم، پەلەمە، بزانم هێشتا چنار و هێمن باوەشیان بە یەکدا کردووە و سەرما لە گیانیان دەرنەچووە، بزانم باخەکە ئاو دراوە، دەبێت فریا بکەوم دەستی باخەوانەکە ماچ بکەم بۆ ئەوەی گوڵەباخەکان بە جوانی خزمەت بکات.

من هەموو ڕۆژێك دێمەوە بەردەم قایمقامیەت، لە سیمای ڕێبوارەکان ورد دەبمەوە و هەموویان دەناسمەوە، یەك یەك ڕوومەتی پۆلیسەکان ماچەکەم و دەڵێم: هەموو برا و کەسی منن، هەریەکەتان بەرهەمێکن بۆ من، نازانم کامتان دەستان چووە خوێنی من، بەڵام هەرکێ بوو، گەردنی ئازاد بێت، با نەمامێك بنێژێت من لێی خۆش دەبم. تفەنگەکانتان فڕێ دەن، کەس شایەنی ئەوە نییە فیشەکی پێوە نێن. لەبری مەخزەن و کەلەپچە، شمشاڵێك بخەنە بەر پشتوێنەکەتان و تاوێك گوێ لە قادر کابان بگرن، کە وەسێت بۆ یارانی دەکات. ئێوە هەمووتان برا و کەسی منن، وەك یوسف ئەگەر لەبیرەکەشا دەسڕێژم لێ بکەن، هەر دەتان خەمە سەر چاوم، بەس تفەنگەکانتان فڕێ دەن، کەس شایەنی ئەوە نییە فیشەکی پێوە بنێن، تازە منتان دەست ناکەوێتەوە، کەسی تر لە دەست مەدەن.

دایە گیان، ڕووخسارە ماندووکەت ماچەکەم، دەستە چرچەکانت دەنووسێنم بە ڕوومەتمەوە و باوەشێکی توند توندت پیا دەکەم، حەزم دەکرد شەو لات بمێنمەوە و لە باوەشتا خەو بمباتەوە، حەزم دەکرد وەك جاران لەسەر سفرە پێکەوە پەتاتە بخۆین، لە بەقاڵەکە کیلۆیەك هەنار بهێنم و تۆش بۆمان بکەی بە دەنك، بەس دەبێت بگەڕێمەوە بۆ لای هاوڕێکانم، ئێستا (سۆران و زەردەشت و کاوە و شێرزاد و ڕێژوان و هەموو پەپوولەکانی تر) لەسەر کانی و ئاوێکی بەهەشت چاوەڕێمن، چاوەڕێم دەکەن بگەڕێمەوە، هەواڵی ئەمڕۆی شارەکەمیان بۆ بەرمەوە، ئەوان هەموو ڕێزیان بۆتان هەیە، یەك یەك سڵاوتان بۆ ەنێرن.

# خۆرئاوابوون

✍️ مەحموود عەبدولکەریم

شاربەجارێ خرۆشابوو

ئەو ڕۆژە شار منداڵێکی هاروهاج بوو

وڕکی گرتبوو

ماندوو ببوو لە بەڵێنەکان

حەوسەڵەی پەراوێزخستنی نەمابوو

کوڕانی شار هاواریان دەکرد

نا بۆ ناعەدالەتی و پەراوێزخستن

پیش ئاوابوونی خۆر

لەنێو هاواری خەڵك و ڕێژنەی گوللـە

لەپڕ هەموان بێدەنگ بوون




هەموان تاسان، خەم دایگرتن

لوولەی تفەنگەکان سەربەرەو خوار بوون

هەواڵ هات، هەواڵی بەپەلە

خوێنێک ڕژا

جەرگی دایکێک سووتا

گەنجێک شەهید بوو

بڕیارێک بوو بە شەهیدی شارێک

# بــريـــــــن

✍️ سەیوان ئەحمەد

ئەی برینە خوێنگەرمەکەی

جەستەی هەنجن هەنجنی شار

ئەی شەهیدە تاقانەکەی

دووساڵ بەر لە ئێستاکەی شار

شەهید بڕیار

ئەگەر ڕۆژێ کاکی شالیار

ڕێی لێ تێکچوو، ڕووی کردە شار

بەڵێن بێ، من لێی نەگەڕێم

جانتای بەڵێنی بگەڕێم

هەرچەند ڕوونە، بیابانە و




دەمێکە پڕی کردووە

لە تۆوی بەڵێنی درۆ

تۆویش لەناو بیاباندا

هەرگیز نەیکردووە چرۆ

من دڵنیام، گەر جانتاکەیشی کەمەوە

هیچ نابینم، جگە لە دڕك و لەدرۆ!

ئەزانی کە ساڵ زیاترە

شار بۆخۆی، لێرە نەماوە؟

نە کەس لە شار توورە بووە و

نە شاریش لە کەس تۆراوە!

چیدی، شار لە شار نەماوە

ئێستە لەبەر گڕوتینی

بابەگوڕگوڕی کەرکووکداو لەو گەرمیانە

دەستی حەمرینی گرتووە و

لەگەڵ دەستە خوشکەکانیا

لە شەڕی مان و نەمانە.

شار بە تەنها نەڕۆیشتووە

خۆی و دەشتی و خۆی و شاخی

خۆی و کانی و خۆی و باخی

هەموو بوون بە پێشمەرگە

ئێستا شارم لەو گەرمیانە

(سورێن)ی کردووە بە سەنگەر

ئاسمان بە پێخەفی شەو و

دەشتی بە جێگە بۆ خەو و

باخی بۆ پشووی پێشمەرگە

کانیی تینوێتیشکێنی

ڕۆژی تاقەتپڕوکێنی

ئەو گەرمیانەی پێشمەرگەیە

شاریش تۆی بیر نەکردووە

لەگەڵ خۆیدا بێگوناهیتی بردووە

بێگوناهیت مانگەشەوی

شەوی تاریك و نوتەکی

چاوی گەشی پێشمەرگەیە.

هەرکات ویستت هەستیتەوە و

سەیرێکی شارەکەت بکەی

ئەگەر لە جێگەی حەسار و

ماڵی خەیاڵیی هۆریزاد

هەر خاسە بوو ڕەحیماوا

هەر کەرکووك و شۆڕیجە بوون

بەکۆ ئەهاتنە بەرچاوت

ڕانەچڵەکێی، هیچ نەترسی

ئەی من ناڵێم ساڵ زیاترە

شار لە شوێنی خۆی نەماوە

ئێستە لەبەر گڕوتینی

بابەگوڕگوڕی کەرکووکدا

دەستی حەمرینی گرتووە و

گۆرانیی سەرکەوتن دەڵێ

بڕیار نییە کە بەمزووانە

کەرکووك بە تەنها جێبهێڵێ....

ئێمە دەممان ڕاهاتووە

بە تاقانە ناوت ببەین

گەر نا لە پاش برینی تۆ

هەر کانییە و ئاوی چاوی

ڕەش ڕەش دادێ

هەر داربەڕووی دێرینەیە و

بەڕوو بەبێ کڵاو دەگرێ

هەر دایکە و جەرگی دەسووتێ

سەراپا ڕۆح و جەستەی شار هەر برینە و

هەر بەپێوە خوێنی دەتکێ....

ڕۆژێك شارم دوو پەیامی

لە کەرکووکەوە بۆ ناردی

یەکەمیانی، بە خوێنی برینێکی نوێی

جەستەی هەنجن هەنجنی خۆی

لە تابووتی برینێکی شەڕی تیرۆر

بۆی نووسیبووی:

برین گەر دوژمنکردە بوو

زۆر زۆر جێگەی شانازییە و

زووتر سارێژ دەبێتەوە

بەڵام ئەگەر خۆکردە بوو

جێگەی نەنگی و ڕووزەردییە و

ئازارەکەی هەتا ئەبەد نابڕێتەوە.

ئەی برینە خوێنگەرمەکەی

جەستەی هەنجن هەنجنی شار

ئەی شەهیدە تاقانەکەی دوو ساڵ

بەر لە ئێستاکەی شار

شەهید بڕیار

دیسان شارم هەردوێنێ بوو

لە تابووتی هەڤاڵ (عەگیدی) عەفرینی وای نووسیبوو:

دووی کانوونی شوومی دووەم

دوو ساڵی تەواو پێش ئێستا

(خانەزایەك) برینێکی قەتماغەبووی

جەستەی (نالی)ی کولاندەوە

بۆ بەدبەختی و نەگبەتیی کورد

برین ئەوەندە سەخی بوو

جۆگەی خوێنی وشکی نەکرد

بەشی (قازی) و (جگەرخوێن) و

(پیران)ـەکەی باکووری کرد.

# بڕیـــار ناسنامەی شارێکە

✍️ بەهادین حەسەن شـــارەزووری



تۆ سومبوولی ژیانەوەی شارێکی

گەورەتر لە هەر فەرمان و بڕیارێکی

باڵاتر لە هەر وەزیر و گزیر و شالیارێکی

گەورەتر لە هەر وتە نووسین و گۆڤارێکی

تۆ بڕیار بووی، بوویتە بڕیار، بڕیارێکی...

بوویتە فێرگە... تۆ زانکۆی شارێکی

لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوکلاس و هاوڕێکانت

لە زانکۆی شەهید بڕیارا

دەبنە فێرکار و مامۆستا

تۆ سەلماندت شارێك نامرێ

کاتێك کپە، کاتێك ماتە...

وەگ گڕکانە، لە ناخدا پەنگ دەخواتەوە

تا لەپڕدا بریسکە بدا و هەڵبپرژێ

لەگەڵا خۆیدا ڕابماڵێ گشت بەربەستێ

ئەمجارەیان تۆ سەرمەشق و سەرکردە بووی

دەنگی شار و ڕۆحی شار و سەرقافڵە بووی

دڵنیابە بڕیارەکەم ئەم چاوانە وەنەوز نادەن

ئەم خامانەیش بێدەنگ نابن

ئەم شارەیش ئیتر ناسرەوی

لە ئاست هیچ زوڵم و ستەمێ

# یادەکانت

✍ هاوار عومەر

یادەکانت وەك ملوانکە لەدەست و ملم ئاڵاون
دڵنیا بە هەتا مردن لەنێودڵمن نەفەوتاون
لەنێودەریای هاوڕێیەتیت کەشتیوانێکی بێ سەوڵم
تەمی دەریاش دام بپۆشێ تۆ دەخەمە کەشتیی دڵم



نەرمەبارانی خوێنی تۆ وشکەساڵیی من ناهێڵێ

خاکی وەردم لە داهاتوو بە خوێنی تۆ سەوز دەنوێنێ

ئەو ڕێگایەی تۆ گرتەبەر دەنگ و سەدای هەموومان بوو

بۆیە لەگەڵ شەهیدبوونت، شەهیدبوونت هی شارێك بوو

لە خستەخانەی خەم کەوتووم کەمانی دەنگت لەگوێمە

وەرە خەونێکی شیرینم تاتیمار بێ تای ئەم خەمە

من (هاوار)م لە جێی شادی لەسەری ساڵ خەم دەدوێنم

لە دووی یەکی هەموو ساڵێ خەیمەی شیوەن بۆ شار دێنم

من (هاوار)م بڕیارەکەم بەگوێی شاردا هاوار دەکەم

ئەگەر زانکۆ کرایەوە ناوی دەنێم بڕیارەکەم

ئەم هۆنراوەیە لە لایەن " ڕێبین سەڵاح"ەوە کراوە بە گۆرانی

# نامەیەك لە شەهید بڕیارەوە

✍️ ئەحمەد عەزیز

سڵاو خەڵکی شارە ئازیز و بێنازەکەم، سڵاو کوڕان و کچانی حۆشەویستی سەیدسادقی، دڵی شارەزوور، سڵاو هاوڕێیانی ئەزیزم.

من بڕیارم بڕیارەکەی خۆتان، کوڕی شارەکەی نالی و وەلی دێوانەم، کوڕی ئەوشارەی لەپێناویدا جوانی و گەنجێتیم بەخشی.

ئەمڕۆ ساڵێکە لێتان دوورم، بەڵام دڵنیا بن، هەمیشە لەیادمن و بە ڕۆح لەلاتانم، نیگەران مەبن من زۆرباشم، من لێرەم لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی شەهیدانم، بەرگم ئاڵای کوردستانە، ملوانکەکەی گەرویشم، وێنەی شارە بێکەس و بێنازەکەی هەمووانە، خەمتان نەبێت، لێرە لەبەردەم دادگای خوداییدا، سکاڵام تۆمارکردووە، بە بەرگی خوێنەوە گوزارشت لە خوێنە بەناهەق ڕژاوەکەی خۆم و فرمێسکەکانی دایك وخوشکەکانم و برینە سارێژنەبووەکەی باوکم و فرمێسکە گەرمەکانی بەرهەم و هەڵشۆی برام دەکەم، ئازاری دابڕانی شاهانیش وێنا دەکەم، کوڕان و کچانی شارە جوانەکەم هەموو خەم و ئازار و خەون و خولیاکانی ئێوەشم پێیە، هەموویانم لە یادە و ئاگاداریشم کە خوێنەکەی خەریکە دیزەبەدەرخۆنە دەکرێت.

گوێ ڕادێرن ئەزیزدانم، لێرە هاوڕێیەکی پێشمەرگەم هەیە کە لە شەڕی تیرۆرستان و لەپێناو بەرگریکردن لە کوردستانی جوانمان شەهید بوون، ئەو پێیوتم ئەوانەی لە خۆپیشاندانەکەی شاردا گەنجانیان فەلاقە دەکرد و دەستڕێژی گوللەیان لەوان دەکرد، لە سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتماندا لە دواوەن و ترسنۆکەکانن.

ئاگاداری خەم و ئازاری هاوڕێ جوانەکانم و تەواوی خەڵکی شارەکەمم، هەموو ئەمانە دەزانم، ئێستاش لەگەڵتانم و لافیتەکەم لایە. دەنگم لەگەڵ دەنگتاندایە. هەموو ڕۆژێ (٢)ی مانگی ساڵێکی نوێ من ئامادەم جارێکی تر لەسەر شەقام لەپێناوی خزمەت و ئاوەدانی شاردا شەهید بکرێم و چەندان سەربەرزی و شکۆ بۆ خانەوادەکەم تۆمار بکەم. ئاخر شەهیدبوون لەپێناوی خەڵکی سەیدسادقی بێنازدا، سەروەری و سەربەرزییە.

هاوشاریانی ئازیز، خوێندکارانی ماندوونەناس، وەسیەتم بۆ ئێوەی ئەزیز ئەوەیە کە پێنووسێکم لێ وەربگرن و لە ڕۆحتانەوە پێی بنووسن (سەروەریی یاسا، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، نەفرەت لە جەنگ).

زۆر بەپەلەم، دەەوێت سەرێك لە ماڵەوە بدەم. سڵاو دایە گیانی ڕۆحم، توخوا مەگری، ئەرێ بۆ وا پرچت سپی بووە، دڵت خۆش بێت هەرگیز نەکەی بۆ من بگری، مەگەر تۆ دایکی شەهید بڕیار نیت؟، من دەزانم ئەتۆ لای خودا چەندە سەرت بەرزە، شیرینەکەم، دایکی جوان و ئەزیزم، چاوە پڕ لە فرمێسکەکانت ماچ دەکەم.

سڵاو باوکم، سڵاو بابی بەرهەم و هەڵشۆ و شاهان و شەهید بڕیار، تەواو نیگەرانم کە هێشتا دڵت تەنگە و فرمێسك میوانی چاوەکانتە، بیرتە بە من و

بەرهەم و خوشك و براكانت دەوت (ئۆخەی ئێوە وەك من تاقانە نین و برایەتیتان زۆر خۆشە). بابی ئازیزم، ئێستاش هەر بڕیارەكەی جارانم، هەوێنی ئاشتیی ماڵتانم، ڕۆحم لەلاتان و لەوێم، ئاخر خۆت دەزانی بەرگەی دووریی دایكم و شاخان ناگرم.

برا جوان و ئازیزەكەم، كاكی گەورەم. بەرهەم گیان، با تێر لە باوشت بكەم و وەكو جاران ئاوێزانی ڕۆحت ببمەوە و پێكیشەوە كەمێك باس لە خەم و خەونی گەنجە جوانەكانی شار بكەین، برا چۆنی؟ ئاگام لێتە كە زۆر ماندوو بوویت، وانەزانیت دابڕاوم لێت، هەمیشە دڵم لەلاتە، تكام وایە لە تۆ بەرهەم، بەرهەمدار بیت بۆ نیشتمان، خزمەتكار بیت بۆ باوكم و بۆ دایەگیان، بۆ خەڵكی شار.

لەگەڵ ئێوەمە كاكە هەڵشۆ، ئارێز، شنیار، پارچەكانی جگەرم، دڵنیا بن، من ئاسوودەم، بەختەوەرم، نەكەن جلی ڕەش لەبەربكەن.

سڵاو شاهانی گوڵ، سڵاو، سڵاو شاهانی دڵ، سڵاو، سڵاو برای بچووك و نازدارم، ئای چەند تامەزرۆم لەسەر یەك سەرین سەرخەوێك پێكەوە بشكێنین، بمبوورە شاهان كە ساڵێكە پشتم بۆ نەكردوویتە سەرین و لێت دوورم.

سڵاوێكیش بۆ تۆ ئەی یار، گلەیشت لێ دەكەم و بەم هۆنراوەیەی پیرەمێرد سەرنجت ڕادەكێشم (ئاوی وڵاتم هێندە شیرینە - ژەهری دووپشكی عەربەت هەنگوینە)، ئەم بێوەفاییە لە پای چی؟! هیچ نەبێت دەبوو بە یادی باخچەكەی ناو پەیمانگاوە سەرێكت بدایەتەوە لە دواماڵەكەم، سڵاوێك و فاتیحایەكت بۆ عەشقە پاكەكەی من بناردایە، لەبیرت چوو، من چۆن بووم بۆت، سەرباری بێ وەفاییەكەت، نزادەكەم تۆ تەمەنت درێژ بێت، دڵم نایەت لە گلەیی زیاتر هیچ

وشەیەکت پێ بڵێم.

دواجار تکا دەکەم هەمووتان بمبوورن کە بۆم نەکرا، شەقام بە شەقام و کووچە بە کووچەی شار بگەڕێم و چەپکە گوڵیساڵی نوێتان پێشکەش بکەم.

سوپاس بۆ تۆش مامە گیان کە ئەم نامەیەم بۆ دەگەیەنیت.

ئیمزا

شەهید بڕیار، بڕیارەکەی خۆتان

خرۆشانی سیدسادق - لاپەڕەی کۆتایی



# کوا؟ چیتان کرد؟

✍️ ئەرکان عەلی

گوێیان نەگرت تا ئەو کاتەی

زانییان کە تۆ شەهیدی

وەك چۆن گەنجێتییان کوشتی

ئاواتیشت نەهاتەدی

تۆ سمبوولی شاری وەلیت



ئێمەش ڕێچکەهەڵگری تۆین

یان سیمای شارمان دەگۆڕین

یاخود بەدەردی تۆ دەڕۆین

هاوارمان کرد، بەکۆدەنگی

گۆمی مەنگی زوڵممان پڕاند

کەچی لە پاداشتدا ئەوان

کاسەی سەری تۆیان ڕژاند

شارمان پڕە لە نادادی

فەرامۆشترین دەڤەرین

لەدوای ئەو هەموو هاوارە

ئیتر پەنا بۆ کێ بەرین

کێ کۆڵانەکان دەبینێ؟

کێ بەشۆستەکاندا دەڕوا ؟

دنیایەك بەڵێنتان پێ داین

چیتان کرد؟ ئەی بە کردار کوا؟!

چاوەڕوانی تاسەر نابێ

ئێمەش دەستمان نەبەستراوە

لەشکرێك گەنجی تووڕە هەن

مەیدانەکەش وەك خۆی ماوە

# شانازی شار

✍️ ئەرکان عەلی

ئازیزەکەی دڵی هەمووان

ئەی سەرمەشقی فیداکاری

عاجز نەبی بڵێی تەنیام

ئێستاش تۆ هەروەکوو

جاران

لە ئاپۆڕای تووڕەییدا

بەخۆت و لافیتەکەتەوە

لەناو هەموویانا دیاری

نازدارەکەی ئاوات پژاو

جەرگی هەڵقرچاوی دایە



تازە شاریش گوڵباران کەن

شەقامەکان لەزێڕ بگرن

شانازی شار، دەستکەوتەکان

لەخوێنی گەشی تۆدایە

# تا مێژووی ئەم شارە مابێ

✍️ هێمن ئەحمەد

تا مێژووی ئەم شارە مابێ

تا ئاشبڵاخ بڵند بەپێوە وەستابێ

تۆ ون نابیت، تۆ لامانیت

هەر چوار وەرزە ئاڵامانیت

بەڵێن ئەدەین بە خوێنی تۆ

هەموو کۆکبین ئێمەش وەک تۆ

تا دوا نەفەس کۆشش دەکەین

بۆ نەمانی غەدر و درۆ...

تۆ مۆم ئاسا خۆتت سووتاند

شارێکت کرد بە چراخان

ناسنامەی شارەکەی وەلیت

بوویت بە بڕیاری هەمووان

# بۆ کاکە بڕیار گیان

✍ مامۆستا کاروان

لام جوان ئەبوو
لەبری کراسەکەی تۆ
ملپێچەکەی من بوایە و
سوور بووایە
تا وەک جوانترین
یادەوەری ژیانم
لەناو دڵما هەڵم گرتایە
تۆ داخێک بوویت
زۆر مەحاڵە لەبیرت کەم
وەک ئێستا لەبەرچاومایە
نیگا پڕ لە حەسرەتەکەت
ئەنێتەوە سەر مەراقی دووری یەت

بڕیارەکەم ... بڕیارت پێ داین

هەتا ماوین خۆشەویست بین

بەوەفا بین بۆ شار و دڵە پڕ لە

ئەوینەکەت

سوێندبێ بە ڕۆحە جوانەکەت

هەموو ساڵێ وەک پەڵەی ڕەش

ئەکرێتەوە بەنێوچاوی دەسەڵاتا

بڕیارەکەم

لەناو دڵمای هەروەک ساڵان

تۆ بڵێی مامۆستا گیان

منیش بڵێ بڵێم

قوربانت بم

خۆشم ئەوێیت هەروەک جاران

# بڕیارەکەم

✍️ یوسف دەستوری

هۆ ئەی گەنجە نازدارەکەم

بڕیارەکەم

تاکە قوربانی شارەکەم

باڵا بەرزە ناو دیارەکەم

تۆ نەمردووە!

لەنێو دڵمان هەڵمان گرتووی

هۆۆئەی گەنجە خەم خوارەکەم

بڕیارەکەم

مایەی سەربەرزی شارەکەم

چالاکوانە بەکارەکەم

تۆ نەمردووی

لە نێو دڵمان هەڵمان گرتووی

هۆۆ ئەی گەنجە دڵ تەڕەکەم

بڕیارەکەم

لاوە ئازاو خوێن گەرمەکەم

بڕیارەکەم

سەرهەڵبڕە و تەماشاکە

ئەو شەقامەی پیای ئەڕۆشتی

ئێستاکە ناوی بڕیارە

ئەو زانکۆیەی داوات ئەکرد

ئێستا لەولاتەوە دیارە

بە جوهد و هەوڵەکانی تۆ

خەونەکانمان بەدی هاتن

بە مەرگ و ئاوابوونی تۆ

ئاسۆی هیواکان هەڵهاتن

٢٠١٤/٢/٦

# تۆ لێرە بویتایە

✍️ هەڵشۆ حەسەن - برای شەهید بڕیار

من لە ئێستە باشتر ئەبووم، ئەبێت تۆ بزانیت دوری تۆ شتێکە ..هیچ شتێک دادی نادات بۆشاییەکە هێندە گەورەیە بە هیچ شتێک پڕ نابیتەوە..

ئەگەر تۆ لێرە بویتایە

من لە ئێستە جوانتر دەبووم

زیاتر پێدەکەنیم..ئیشی زیاترم پێدەکرا..

تۆش پێتوانیە زووبوو بۆ ئەم رۆشتنە ئەبەدیەت؟

ئەکرا زیاتر پێکەوە بین ..زیاتر قسەبکەین ..باسی ئەو شتانەت بۆ بکەم کە بۆ کەسی باس ناکەم تۆش پیام بکێشی و بڵێی ئەم خەیاڵە درێژانەی تۆ چیە کاکە ...

لێرە نەبونت زۆر شتی لە من کەم کردۆتەوە

زۆر شت کە زمان دەستی کورتە لە وتنیان

کە بیرت دەکەم هیچ نیە بیکەم، گریان و نوسین و پیاسە و تەنیای هیچ دادم نادات..

ژیان دوای تۆ هیچ وەک ژیان نیە پێش تۆ



# تۆ ڕۆیشتی

✍️ ئەیوب عەزیز

چاوی منیش بوبە ڕوبار

هێندەی ئازار تیا تەقییەوە

سورە ماسی غەمەکانم سەرئاوکەوتن

لێرە نەبووی

غەمم لەگەڵ بگریتەوە

لێرە نەبووی

یەك دوو دڵۆپ

لەو فرمێسکە دڕشتانەم

بسڕیتەوە

ئێسەلەسەر گۆڕەکەتم

تۆ نامبینی

بەڵام لەو زەیتونە پرسە

چۆن وشە دەنوزێتەوە؟

چۆن هۆنراوە لەداخا یەخە دادەدڕێ ؟!

ئێستە لەسەر گۆڕەکەتم

تۆ نامبیستی

بەڵام لەو چۆلەکە پرسە

چۆن وەك هەوردەگرمێنم ؟!

چۆن فرمێسك دڵۆپ دڵۆپ؟!

شوێن پێت هەڵدەگرنەوە

ئەی گۆڕستانی شارەزوور

ئەی ئاشنا بە بەرین و دۆستی مەزن

لێی گەڕێ باتێر بخەوێ

لێرە خەوێکی ئاسودەی نەکردوە

لێی گەڕێ باتێر بسرەوێ

لێرە تامی سرەوتنی نەچەشتوە

# ماڵئاوا کاکە بڕیار

✍️ محەمەد ڕەئووف

ماڵئاوا گەنجە خێرلەخۆنەدیوەکە

ماڵئاوا شەهیدەکەی دەستی غەدر



بنوو چاوانت پڕە لە ڕق و تووڕەیی

ڕووخسارت پڕ لە نیگەرانی و

نائومێدی

تۆ تەنها داوای دونیایەکی

باشترت دەکرد

تەنها داوای خزمەتگوزاری و

ڕەبات دەکرد

ئای بڕیار ئەوان لەبەرانبەر

دەنگی تۆدا

تفەنگیان هەمیشە لەسەر پێیە

ئەوان لەبەرانبەر ڕۆحی تۆدا

بێباکانە بڕیاری تۆڵەیان پێیە

# ئێوارەیە و شار ماتە

✍️ محەمەد باران

ئێوارەیە و شار ماتە

ڕەنگی شار لەتۆ دەکا

دەنگی شار ئاوازێکەو

پڕ بە گەروو هاوار دەکا

بەنەفرەت بێ دەستی ڕەش و

دڵی ڕەش و خەونی ڕەش و

پۆستاڵی ڕەش

وەرزی گوڵ و پەروانەیان

کرد بە خەزان

شاریان پڕکرد لە دڕک و داڵ

لە خەونی تاڵ



بەهاریان کردە کرێوەی زستان

هەرچی ڕەنگ بوو سڕیانەوە

هەرچی چاو بوو کەوتە گریان

هەرچی لایلایەی دایکان هەیە

زیندان کران

هەرچی گۆرانی و نەسیمی ئازادییە

کۆیلە کران

بەڵام بڕیار وا بڕیاربێ

تا لایلایەیە لەم شارە مابێ

تا پەروانەیەک لە دەوری چرا بێ

تا فۆتۆیەکی هەڵۆ جەباری مابێ

تا کۆپلەیەک شیعر لە دڵی شاعیرانی

شاردا مابێ

تا پەلکەزێڕینەیەک لە ئاسماندا مابێ

تۆ بڕیاری، تۆ مۆسیقای

گۆرانییەکانی شاری

تۆ کۆمارێکی لە زانست بۆ دڵی شار

گوڵی شاری خەمی شاری خەونی

# ساڵ بادرێژتر بێت

✍️ شاڵاو حەیدەر

سەرەتای ساڵ بۆ ئەم شارە باش نیە، بێ بڕیار دەبێت ئەم شارە، بێ پێکەنین دەبێت ئەم شارە، لەمشارە عەشقێک دەچێتە ژێر خاک، دایکێک خۆشی و پێکەنینەکانی دەگرێتە باوەش و بۆ ئەبەد لەگەڵ خەم و گریان دیل بەدیلیان پێ دەکا، ئیتر خەم خۆرێکی نامێنێت ئەم شارە

باساڵ درێژتربێت

درێژتر لەعەشقی یاری بێوەفا، درێژتر لە هەناسەی ساردی باوک، درێژتر لەچاوەڕوانی، درێژتر لەخەیاڵی گەڕانەوە، درێژتر لەپێکەنینی ناپاکان

گەر سەری ساڵ بێت، جەنگاوەرێک شەهید دەبێ عاشقێک دەڕوات وعەشقەکەی لەسینەیدا هەڵ دەگرێ، دایکێک بەفری زستان دەبارێتە سەری، پێکەنین دەبێتە ڕابردوو

گەر سەری ساڵ بێت

شارێک بێ بڕیار دەبێت وڵاتێک بێ جەنگاوەر دەبێت

# بریارگیان

✍ هەڵشۆ حەسەن

ئەم ئێوارە کاتێک گەڕامەوە چاوەڕوان بووم وەک جاران بەزەردەخەنە میهرەبانە کەتەوە بێیت بەرەو ڕووم و باوەشی پڕسۆزی خۆتم بۆ بکەیتەوە و پێم بڵێی بەخێر بێیتەوە

بەڵام بەپێچەوانەوە!!! گریانی دایکم پێشوازی لێکردم

ڕووخساری زەردی باوکم وێنای جەرگی سوتاوی بۆ دەکردم

ڕەنگی پەڕەی کاکە بەرهەم نیشانیدام کەماندووبووە لە کارەکانیدا بڕیارێک نیە تا هاوکار و یارمەتی دەربێت

ڕوخساری بێنازی ئارێز و شنیار هێندەی تر غەمگینیان کردم

شاهانەکەت بێنەوایە وەبەبێ تۆیە

هێشتا چاوەڕوانە تۆ بێیت و بیلاوێنی

وەک جاران لەسەر سینەی گەرمت بیخەوێنی

لەدەوری تۆ هەمووشەوێ کۆتاکارم گریانێکی بێدەنگ و لەسەرخۆیە

ڕشتنی کۆمەڵێک فرمێسکی دور لەتۆیە  ڕشتنی کۆمەڵێک فرمێسکی دور لەتۆیە... بڕیاریان دەوەرەوە

دەوەرەوە فرمێسکی چاوانی دایکم ڕاوەستینە

ڕوخساری باوکم بگەشێنەوە

دەستباری کارەکانی کاک بەرهەم بە وەک جاران کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنە

نازی ئاریێز و شنیار بکێشەو دەستبەسەریاندا بهێنە

دەوەرەوە دەستی شاهان بگرەو وەک جاران بیلاوێنە

لەسەر سینەی گەرمت بیخەوێنە

دەوەرەوە وەک جاران وانەکانی ژیانم فێرکەوە

دەوەرەوە لەم خەوە ناخۆشە هەڵمسێنە، لەم کابوسە دەرمبێنە، برا خۆشەویستەکەم

# كاکە بڕیار

✍️ تاژان عوسمان

کاکە، ئەوکاتەی جێتهێشتم، تەمەنی من چوارساڵان بوو
لە پرسەکەت زۆر دەگریام، نەشمەزانی گریان چی بوو
چونکە هەستم بەخۆم نەکرد، مانای چاوەڕوانی چییە
چۆن بڕوا بکەم جێتهێشتم، ئیتر تۆ بوونت نییە
ڕاستە لەناو دڵی من و خەڵکی شارەکەم هەر زیندوویت
بەڵام خۆزگە دەخوازم بەجەستەش لە لام دەبوویت
تۆ هەر برام نەبووی کاکە، دایك و باوك و ژیانم بوویت
لەسەر پشتت دەتخەواندم، لە باوەشت دەتلاواندم
کە دەگریام بە منداڵی، تۆ فرمێسکەکانت دەسڕیم
بە زەردەخەنەکانت، ماڵەکەت ڕووناك کردەوە
بە مەرگی لەناکاوت، ئەو ڕووناکییەت کوژاندەوە

که دەهاتمە گۆڕستان و چنگم دەخستە گۆڕەکەت
بە بڕوای خۆم ئاگات لێمە و پێدەکەنیت
نەمدەزانی کە تۆ ناتوانی پێبکەنی بەدەممەوە
وەکو جاران هەڵبسیت و فرمێسکم بسڕیتەوە
کاکە گیان، گڕی گیانم، نووری چاوم
ئەوا ڕۆژی شەهیدبوونت نزیکە باوانم
ڕاستە بچووکم، نازانم مردن بە تەواوی چییە
بەڵام یەکشت هەیە ڕوونە، ئەویش شانازییە
تۆ هەر برای من نەبووی، تۆ برای هەموو خەڵکی
شەهیدی شارێکی، شەهیدی مافی گەنجی
لەگەڵ ناوی سەیدسادق، ناوی تۆش بەدوایدا دێ
چونکە ناوی شەهید بڕیار، هەرگیز لە یادی کەس ناچێ

ئەم پەخشانە شیعرە لەسەر زمانی شاهان"ی برا بچووکی شەهید بڕیارەوە نووسراوە کە ئەوکاتە تەمەنی چوار ساڵان بووە.

# لەوەتەی ژیان درووست بووە، ئەم شارە هەناسە دەدات

✍️ ئەمیر ئەمین (شە یدا)

لەوەتەی ئازادی هەیە، ئەم شارە قووربانی دەدات

بۆ شاهێدیی دەبابچین دڵی مێژوو هەڵدەینەوە

بیرەوەریی برینی لەمێژینەمان بۆ لاوان بگێڕینەوە...

هەشتا و هەشتە

بەعس هاتوو سەیدسادقم خاپوور کرا

وەکو بووکێکی بەجێماو، تارای سپیی پێ سوور کرا

نەیان هێشت بەهار پێ بگرێ، خونچە سەر دەربکا

نەیان هێشت عاشقێکی  شار، جلی کوردی لەبەر بکا

لە بیابانەوە هاتبوون، بەهاریان هەرگیز نەدیبوو

خوێن لە کەڵبەیان دەچۆڕا، ناوی مزگەوتیان نەبیستبوو!

عەرەب بوون، قورئانیان نایە ژێر پێوە

عەرەب بوون، لەناو شاری سەیدسادقدا

ماڵێکیان نەهێشت بە پێوە.

تووخودا سا دەی لە ڕیشسپییەکان بپرسن

ئەوان هێندەی تاڵی سپیی سەریان

ڕۆژگاری ڕەشیان بینیوە...

تووخودا سا دەی لە داپیرە نوورانییەکانمان بپرسن

ئەوان هێندەی چەمی (زەڵم) و (تانجەرۆ)

فرمێسکیان بۆ تۆ ڕشتووە...



لە گۆڕی (وەلی) بپرسن

کە چۆن لەگەڵ خاتوو (شەم)دا

گڕیان بۆ شاری عەشقیان

ڕێگەی خێڵان ئیتر ئاسەواری نەما...

لە (سەیدسادق) خۆی بپرسن

لەوەتەی ئەو بەو بەرزییەوە نێژراوە

هەتا ئێستە شاری وا تەختی نەدیوە

شاری ئاوا بێ ناز و بەدبەختی نەدیوە

ئای توخوا دەبێ سەیدسادق بە تەنیا چەندە گریا بێ

وا شارەکەی وێران دەبێت، ئەویش بێدەنگ لە بنیا بێ!

لە (چەمی چەقان ) بپرسن

چۆن ئەو ڕۆژە بە هەردوو چەپۆك

دەیدا بە سەری خۆیدا!

بەدەم شەپۆلی مەرگەوە

تا (تانجەرۆ) فاتیحای بۆ شار دادەدا...

سەیدسادق، مەشخەڵی شارەزوورەکەم

ئەی شارە پڕ لە نوورەکەم

(نالی) بەناو تۆدا ڕۆیی

(قانع) لەناو تۆدا ژیا

ئەو ڕۆژەی تۆیان خاپوور کرد

جگە لە شاخی (ئاشبڵاخ) کێ بۆت گریا؟!

سەیدسادقم

ئیتر بەعس حەدی نییە ناوت بێنێتە سەر زاری

تۆ هەتا بێت دڵگیر دەبیت، بەعس نەما ئاسەواری.

ئەی شارەکەم

بۆ ئەوەی هەردەم ڕەنگین بیت

وەك بەهەشتی خوا شیرین بیت

بۆ ئەوەی وەك شارانی تر

ببیت بە شار، هەتبێت پێگە

تەنها (بڕیار)ێکمان هەبوو

بوو بە قوربانی ئەو ڕێگە.

# دڵی سووتاو

✍️ عومەر بادانەیی

بڕیارم داوە بڕیار لە یادت نەکەم

دەلێی گەڕێن با هەرقوڕبێ

کوچە و کۆڵانی هەڵکەنراو

هەموو کوچە و کۆڵانی شار

ئاڵتوون ڕێژبێ

نەوەک قیڕتاو

پەنجەیەکی بڕیار ناژی

قەت سەبووریش نابەخشێتە

دڵی سووتاو

# بڕیارەکەم

✍️

بڕیارەکەم

ئەزانی بۆ خوێنیان ڕشتی؟

پێت بڵێم بۆ هەزاران خەونیان کوشتی؟

ئاخر ئازیز، کوڕی شارم

تۆ پەپوولەی...

جەلاد لە زمانت ناگا

ئاخر ئازیز کوڕی دایکی بریندارم!

تۆ ئەستێرەی...

زوڵمی ئەوان

هەرگیز بە شەوقی تۆ ناگا

## یاقوتی سەوز

✍️ یوسف عەبدوڵا

بڕیار... نەم ئەتوانی بڕیاربدەم

یەکەم بڕیار

بە دروشمەکانی دەستییەوە ئومێدەکانی دەشەکایەوە

"بڕیار، بەشێوەیەکی مەدەنیانە لەگەڵ هاوشارییەکانیدا دوای خزمەتگوزاری و مافەکانیان کرد"

دووەم بڕیار

چەك بەدەستان تەقەیان لە وشەو گوڵ دەکرد

"هێزە ئەمنییەکان بڕیاری بڵاوە پێکردنیاندا"

سێیەم بڕیار

بەخامی سپی مەرگەوە هاواری ژیانیان کرد

"خۆپیشاندەران بڕیاری رووبەڕووبونەوەی هێزەکانیاندا"

لەوکاتەدا ئیدی تفەنگ دەمی پڕا

لەپاش ئەو بڕیارانە تەقەکرا، لەوکاتەوەی تفەنگ بڕیاڕیدا

ئیتر بڕیار نەما..

هەموو بڕیارەکان ونبوون، بەڵام یەك بڕیار بۆ هەتاهەتایە مایەوە..

لەبیرمە ئەوکاتەی وەك یاقوتێکی سەوز رۆحی بەئاسماندا دەکشا...

تەنانەت منیش نەم ئەتوانی بڕیاربدەم،

بڕیار لەسەر هیچ نا،

بەڵکو لەسەر ئەوەی نەم ئەتوانی هەواڵی گیانلەدەستدانی بگەیەنم...

"لەگەڵ ئەوەی هەندێك دەزگای راگەیاندن هەرزوو هەواڵی گیانلەدەستدانیان بڵاوکردەوە، بەڵام من بەردەوام لەگەڵ نەخۆشخانە لەپەیوەندیدابووم، کە هەواڵەکە بەهەڵە رۆشتووە، تا ئەوکاتەش ئاسایی بووم، دوای دەخولەك هەواڵم پێدرا، چ هەواڵێك ئەو هەواڵەی کە بۆ یەکەمجاربوو حەزم ئەکرد هەواڵم نەبیستایە."

بڕیار گیان زۆر نارەحەت بڕیارمدا،

زۆر نارڕەحەت رامگەیاند!

ئەو رۆحەی داوای ئازادی دەکرد،

دیلێك کوژاندییەو و ژوورەکەی لە خۆی و هەمووان تاریك کرد!

تێبینی "بەو پێیەی نوسەری ئەم دەقە لەکاتی ڕووداوە راستەقینەکەدا وەك ڕۆژنامەنووس ئامادەبوو، شیعر و زانیاری ڕۆژنامەوانی، تێکەڵکراوە، ئەگەر گونجاوبێت دەکرێت بڵێین بەشێوەی (شیعرە راپۆرت) نوسراوە"

- ئەم شیعرە لە کۆڕی شیعریی بۆ شەهید بڕیار لە لقی سەیدسادقی سەنتەری گەشەپێدان خوێندرایەوە.

# یاداشت و داواکاری

# داواكارییەكانی خەڵكی سەیدسادق

لەپاش خۆپیشاندانە جەماوەرییەكەی خەڵكی سەیدسادق لە ٢ - ١ - ٢٠١٤ لیژنەیەك لە نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بەڕاوێژ لەگەڵ كۆمەڵێك خەڵكی پسپۆڕدا، لە بەشێك لە سێكتەرە جیاوازەكاندا پێداویستییەكانی شارۆچكەی سەیدسادقیان بەمجۆرە گەڵاڵە كرد و ئەم داواكارییانەیان دایە حكومەت بۆ جێبەجێكردن.



## تەندروستی:

١- کردنەوەی نەخۆشخانەی مناڵبوون، بەو پێیەی سەیدسادق سەنتەری ناوچەکەیە.

٢- دروستکردنی بینای تایبەت بە پزیشکی ئێشکگر بۆ مەڵبەندی تەندروستی سەیدسادق لە گەڕەکی رۆژهەڵات.

٣- دوورخستنەوەی نەخۆشخانەی (سیل) لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی سەیدسادق لە سەراوی سوبحان ئاغا.

٤- گێڕانەوەی سەنتەری ژینگەپارێزی تەندروستی شارەزوور بۆ قەزای سەیدسادق، کە پێشتر لە قەزاکەدا بووە.

٥- دابینکردنی ئامێری تیشك (MRI) و ئامێری سیتی سکان.

٦- دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕی هەناویی و شکاویی و منالبوون.

٧- دابینکردنی ئامێری تیشکیی ئیلایزای ڤایروسات.

٨- کردنەوەی کلینیکی ڕاوێژکاریی ئێواران.

٩- دابینکرنکردنی (٣) ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن.

## پەروەردە:

١- کردنەوەی (٤) باخچەی ساوایان و (٣) دایەنگە.

٢- دروستکردنی (٤) بینای قوتابخانەی (١٢) پۆلی.

٣- کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی ئامادەیی، کە لە دەرەوەی قەزاکەوە دێن.

٤- دروستکردنی کۆگایەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سەیدسادق.

## خوێندنی باڵا:

١- کردنەوەی بینا بۆ بەشی ناوخۆیی ئەو کۆلێژ و پەیمانگایانەی، کە دەکرێنەوە.

## شارەوانی:

١- چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی و تاپۆ و زەویوزار، بەتایبەتیش کێشەی زەوییەکانی مەحموود بەگ و زەوییەکانی شانەدەری.

٢- دابینکردنی ئەم ئامێرانە بۆ شارەوانی: (٤) پیکاب تویتا، (١) عادیلە،

(٢) گرێدەر، (١)شۆفڵ، ١ ئۆتۆمبێلی سەحب، (١) ئۆتۆمبێلی تەنکەری ساروخی.

٣- کۆنکرێتکردنی ئەو گەڕەکانەی کە کۆنکرێت نەکراون و ئاو و ئاوەڕۆیان بۆ دروستکراوە.

٤- چارەسەرکردنی کێشەی بڕیاری (٢٤١)ی تایبەت بە تاپۆکردنی خانووە بێ تاپۆکان و بەسوودمەند ئەژمارنەکردنی ئەو کەسانەی، کە سوودمەند دەبن لەو بڕیارە.

٥- چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لە سەیدسادق، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن حکومەتەوە و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیانی کەمدەرامەتدا.

٦- ئیفرازکردنی زەوی بۆ دابەشکردنی بەسەر ئەو هاووڵاتی و فەرمانبەرانەی کە فەرمانی وەرگرتنی زەوییان هەیە لە قەزاکەدا.

٧- پێداچوونەوە بە گرێبەستی کۆمپانیای (گلاس شتوتگارت) کە ئەرکی پاکردنەوەی سنووری قەزای سەیدسادقی لە ئەستۆدایە بە مەبەستی زیادکردنی ئامێرەکان و کارمەندی ژینگەپارێز.

٨- دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ ئەو گەڕەکانەی کە ئاوەڕۆیان نییە.

٩- دروستکردنی شەقامی (٣٠) مەتری بەشی سەرەوەی سەیدسادق.

١٠- دروستکردنی (٦) باخچەی بچووك لەناو شاردا.

١١- دروستكردنی گەراجی یەكگرتوو (موحد) بۆ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەكانی سنووری قەزاكە.

١٢- دامەزراندنی كارمەندی پسپۆڕ بۆ بەشەكانی شارەوانی.

١٣- تەواوكردنی پڕۆژەی ئاوەڕۆی (چەمی چەقان) لە سەروو و خوارووی سەیدسادقەوە.

١٤- بەدواداچوون بۆ زوو دەستبەكاربوونی كۆمپانیای تایبەت بە چارەسەركردنی پاشەڕۆ (ریسایكلین) لەناوچەكەدا.

١٥- دانانی یەكەی چارەسەری ئاووئاوەڕۆكان بە حوكمی نزیكیی ناوچەكە لە بەنداوی دەربەندیخانەوە.

## كشتوكاڵ:

١- فراوانكردن و دروستكردنی عەلوەی مۆدێرن بۆ پاراستنی بەروبوومە كشتوكاڵییەكانی ناوچەكە.

٢- دابینكردنی بڕ و ڕێژەی زیاتر لە (ئامێر و پەیینی كیمیایی و دەرمان) بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی كشتوكاڵیی ناوچەكە.

٣- تیمەكانی تاپۆكردنی زەوییە كشتوكاڵییەكانی سەیدسادق زیاد و چالاك بكرێن و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ڕابسپێردرێن بۆ ئەم مەبەستە.

٤- چارەسەركردنی كێشەی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە جوتیارانی

شارەزوور، کە ساڵانە لە سەیدسادق دووبارە دەبێتەوە، هەروەها پەلەکردن لە تەواوکردنی ئەو سایلۆیەی کە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

٥- قەرەبووکردنەوەی جوتیارانی زەرەرمەندی دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی (هەڵەبجە - سەیدسادق).

٦- کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی کشتوکاڵیی بۆ بەرهەمهێنانی تۆوی باوەڕپێکراو.

٧- دروستکردنی چەند پڕۆژەیەکی ئاودێریی لە گوندەکانی قەزای سەیدسادق.

٨- دروستکردنی گەنجینە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق.



٩- کردنەوەی چەند کارگەیەکی کشتوکاڵی لەقوتوونان لە ناوچەکەدا.

١٠- کردنەوەی کوشتارگەیەکی مۆدێرن و گواستنەوەی کوشتارگە و هۆبەی ڤێترنەری سەیدسادق بۆ دەرەوەی شار.

١١- کردنەوەی پرۆژەی پەلەوەر و ماسیی حکومیی لە ناوچەکەدا.

## کارەبا:

١- دروستکردنی وێستگەیەکی نوێی (١١/٣٣/١٢٣) کەی ڤی لە سیدسادق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆڤەرلۆد.

٢- دابینکردنی (١) کرێن فلات و (٢) ڕافیعە و (٤) ئۆتۆمبێلی دەبڵ کابینە و (١) ئۆتۆمبێلی دووتەنی بۆ هەردوو صیانەی سەیدسادق و بەشی فرۆشتنی وزە و فەرمانگەی کارەبای سەیدسادق.

٣- دروستکردنی (٢) بینا بۆ صیانەی ( ١) و صیانەی (٢).

٤- دامەزراندنی (٣٠) کارمەند ( کرێکار + فنی ) بۆ هەردوو صیانەکە، ئەگەر بە گرێبەستیش بێت.

## فەرمانگەی ئاو

١- دروستکردنی تانکیی و تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی نەورۆز و دروستکردنی ژووری بیر و دابەزاندنی تاقمی بیر.

٢- فراوانکردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی سەراوی سوبحان ئاغا.

## هاتووچۆ :

١ - دروستکردنی (٢) ئەندەر پاس بۆ هەردوو دەروازەی شاری سەیدسادق لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٢- دروستکردنی (٤) بەرزەپردی هاتووچۆی پیادەی هاووڵاتیان لەناو شاردا.

٣- دامەزراندنی (٥٠) کارمەند.

٤- دانـــانی ترافیك لــــــه شوێنه گشتییەکـــــان و تابلۆی ڕێنیشاندەر و هێماکانی هاتووچۆ.

## گواستنەوە و گەیاندن:

١ - دروستکردنی ترمیناڵێکی مۆدێرن بۆ هێڵەکانی دەرەوەی سەیدسادق.

## وەرزش و ڕۆشنبیریی و لاوان:

١ - بەبەڕێوەبەرایەتیکردنی بنکەی ڕۆشنبیریی و لاوان لە قەزاکەدا.

٢- کردنـــەوەی کۆمەڵگەیەکی وەرزشـــی و هــونــەری.

٣- دروستکردنی دوو یاریگای نوێ بۆ سەرجەم بەشە وەرزشییەکان.

٤- دابینکردنی یەك پاس بۆ یانەی وەرزشی سەیدسادق.

٥- دابینکردنی بودجەی تایبەت بە بووژاندنەوەی یانەی وەرزشی سیدسادق بە بڕی (٥٠) ملیۆن دینار.

٦- دروستکردنی دوو یاریگای تاتان لە ناو سیاجی یاریگای سیدسادق، کە داهاتەکەی بۆ یانەکە بێت.

٧- کردنەوەی هۆڵێکی مۆدێرن بۆ ئەنجامدانی چالاکییە هونەرییەکان.

## ڕێگاو بان:

١- بەستنەوەی سەیدسادق لە سێ شوێنەوە بە ڕێگەی سەرەکیی هەڵەبجە کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

٢- قیرتاوکردنی ڕێگەکانی سەرجەم گوندەکانی سنووری قەزاکە.

## ئاگرکوژێنەوە و بەرگری شارستانی:

١- دابینکردنی ئامێر و ئۆتۆمبێلی تایبەت بە بنکەکانی بەرگری شارستانیی و ئاگرکوژێنەوەی سەیدسادق.

## شوێنەوار:

١ - کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و دامەزراندنی کارمەند بۆی.

٢ - دامەزراندنی بنکەی پۆلیسی شوێنەوار.

٣- نۆژەنکردنەوەی قەڵای (سرۆچك)ی شوێنەواریی لە ناحیەی بەرزنجە.

## ناحیەی بەرزنجە:

١ - قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی مۆریاس و گوندی مایاوا.

٢- چارەسەرکردنی کێشەی کۆمپانیای (زام)، کە دروستکردنی ڕێگای گوندەکانی (کانی سپیکە، قەویلە، میرمام،ظ بەربەرد)ی لە ئەستۆدا بووە و لە ئێستادا کۆمپانیاکە کارەکەی بەجێهێشتووە.

# بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی نێچیرڤان بارزانی

نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی قەزای سەیدسادق لە سەردانیاندا بۆ لای سەرۆکی حکومەت نێچرڤان بارزانی، ئەم داواکارییانەیان ئاراستە کرد، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەو کات (عیماد ئەحمەد) و ژمارەیەك لە وەزیرەکان، بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانەی بە نوێنەرانی خەڵکی سەیدسادق داو چەند جارێك ڕایگەیاند کە هەر یازدە داواکارییەکە جێبەجێ دەکەن و لاریيان لێی نییە، بەڵام بەداخەوە بە پاساوی قەیرانی دارایی، هیچکام لەو بەڵێنانە جێبەجێنەکران‌و نەکران بە کردار.



بەڕێز/ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان/ عێراق

پاش سڵاو و ڕێز...

بابەت/ داواکاریی دانیشتووان و خۆپیشاندەرانی قەزای سەیدسادق

١- لێکۆڵینەوە لە کەیسی شەهیدکردنی (بڕیار حەسەن) و سەرجەم بریندارانی خۆپیشاندانەکەی قەزای سەیدصادق، دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەو ڕووداوە و قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی شەهید و بریندارەکان.

٢- ڕێزگرتن لە مافی دانیشتووانی قەزای سەیدسادق لە کاتی پێکهێنانی پارێزگای هەڵەبجە، بۆ مانەوە لەسەر پارێزگای سلێمانی، یان چوونە سەر ئەو پارێزگا نوێیە بەشێوەی (ڕاپرسی).

٣- بەدواداچوون بۆ ئەو پڕۆژانەی لە کاتی سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ قەزاکە بڕیاری جێبەجێکردنیان لەسەر درابوو، هەروەها ڕاسپاردنی لیژنەکانی چاودێریی دارایی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەموکووڕییە دارایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی فەرمانگەکانی قەزاکە.

٤- لابردنی هەموو ئەو بەرپرسە ئیدارییانەی سەیدسادق کە کەموکووڕییان هەیە و نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان بە باشی جێبەجێ بکەن و بوونەتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی خەڵك. هەروەها تا بکرێت

خەڵکی قەزاکە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شارەزایی لە بەڕێوەبردنی سەرجەم یەکە ئیدارییەکاندا دابنرێن.

٥- تەرخانکردنی بودجەیەکی (٥٠) ملیار دیناری بەشێوەیەکی تایبەت، بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزای سەیدسادق، کە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەدا خراونەتە ڕوو.

٦- دامەزراندنی (٥٠٠) کەس لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییەکان و بێبڕوانامەکانی سنووری قەزاکە.

٧- کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان و گواستنەوەی چەند بەشێکی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بۆ قەزای سەیدسادق، لەبەر تایبەتمەندیی کشتوکاڵیی ناوچەکە، هەروەها کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی لە قەزاکەدا.

٨- کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی، یان پێدانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لە قەزاکەدا هەن.

٩- جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەنداوی (کەوڵۆس)، کە سوودێکی گەورە بە هەموو ناوچەی شارەزوور و دەروبەری دەگەیەنێت.

١٠- بایەخدان بە ناوچە گەشتیارییەکانی قەزای سەیدساق، بەتایبەت ناوچەی گەشتیاریی (سەراوی سوبحان ئاغا)، هەروەها گواستنەوە

و دوورخستنەوەی ئەو سەربازگەیەی کە لەناو ئەو شوێنە گەشتیارییە جێگیر کراوە.

١١- کارکردن بۆ قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانی قەزای سەیدسادق، دوای دەرچوونی بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ڕاگواستنی دانیشتووانەکەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە.

نوێنەرانی دانیشتووان و خۆپیشاندەرانی قەزای سەیدسادق

# بەیاننامەی پێنج فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان

پشتگیریی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی سەیدسادق.

دوای هاتنی وەفدی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە نووسیگەی سلێمانییەوە بۆ شارۆکەی سەیدسادق، ئەوپەڕی هەوڵی خۆماندا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و لەئێستادا هەڵوێستمان بەمشێوەیە دەخەینە ڕوو:



١ـ پشتگیریی داوای ڕەوای کەمیی خزمەتگوزاریی لە ناوچەکە و پەراوێزخستنی قەزاکە دەکەین و چاودێریی و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ چارەسەری کێشەکانیان دەکەین.

٢ـ پێویستە هەڵمەتی ڕەشبگیریی دووبارە نەبێتەوە و هەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخەکە بدرێت و تەقەکردن ڕابگیرێت و هێزی زیادە ببرێتەوە دەرەوەی شارۆچکەکە.

٣ـ پێوستە لەئێستادا وەزیری ناوخۆ و لایەنی ئیداریی پارێزگای سلێمانی دەستلەکارکێشانەوەی قائیمقام و سەرۆکی شارەوانیی قبووڵ بکەن و دڵنەوایی بدەنە خەڵک و بڕیاری چارەسەری کێشە هەنووکەییەکان بدەن و پلانی ئایندەیی بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکە دابنێن.

٤ـ ناڕاستەوخۆ داوای بڕیاردانی چارەنووسی ناوچەکە لەلایەن خۆیانەوە دەکرێت، بۆیە دوای تەواوبوونی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکانی، مافی خەڵکی سەیدسادقە بە شێوازی یاسایی و مۆدێرن بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

٥ـ سەرەخۆشی لە خێزانی کاک بڕیار دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی هەردوولا دەخوازین و بەدواداچوونی جددی بۆ کەیسی شەهید بڕیار دەکەین.

نوێنەری فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان:

١ـ فراکسیۆنی پارتی.

٢ـ فراسیۆنی گۆڕان.

٣ـ فراکسیۆنی یەکێتی.

٤ـ فراکسیۆنی یەکگرتوو.

٥ـ فراکسیۆنی کۆمەڵ.

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان

ڕایگشتیو پەرلەمانو حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان

پارساڵ و لەم ڕۆژەدا ٢٠١٤/١/٢، خەڵکی سەیدسادق و گەنجانی شار لەپێناو خزمەتگوزاری و ئاوەدانیی شارەکەیاندا هاتنە سەر شەقام و خۆپیشاندانێکی جەماوەری و خۆرسکانەیان ئەنجام دا، خۆپیشاندانێك کە سەدایەکی گەورەی درووست کرد و چووە تۆماری مێژووی هەرێمی



کوردستانەوە و دەیان فاکتەریش هەبوون کە گەنجانی خۆپیشاندەر تورەیی پەنگخواردووی چەندان ساڵەیان بەسەر حکومەتدا ببارێنن، ئەم خۆپیشاندانەش پاش ئەوە هات کە لە پێشتردا گەنجان و چالاکانی مەدەنی بە چەندین شێوازی مەدەنی و یاسایی گوزارشتیان لە خواستەکانی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق کردبوو، پەیامی نارەزایشیان دابووە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

بەداخەوە داوای خۆپیشاندەران و خەمو تورەیی و نیگەرانییەکانی گەنجانی خوێنگەرمی سەیدسادق، بە فیشەك وەڵامدرایەوەو گەنجێك بە ناوی **بڕیار** حەسەن شەهید کرا و چەندان کەسی تریش بریندار کران و چەندانی تریش دەستگیر کران.

پاش هاتنی چەند وەزیرێك و پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی و سەردانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، هەموو ئەوان بەڵێنی جێبەجێکردنی تەواوی داخوازییەکانی خەڵکی شاریان دا کە لە دوو پاکێج و یازدە خاڵدا خرابووە ڕوو.

دیسان بەداخەوە، جگە لە چەند داواکارییەکی کەم، تا ئێستا داواکارییە بنەڕەتییەکان جێبەجێ نەکراون و بەڵێنەکان هەر قسە بوون و نەبوونەتە کردار، خەڵکی شار و خۆپیشاندەران لە چاوەڕوانیدا ماونەتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا زۆرێك لە داواکارییەکان پێویستیان بە کات و بە بوودجە نییە، بەڵکو تەنها پێویستیان بە یاسا و بە بڕیار هەیە.

گەورەتر لە هەموو نیگەرانییەکانیش، ئەوەیە کە لە کەیسی شەهید **بڕیاردا**، دادگا ڕۆڵی لاوازی هەیە و تا ئێستاش بکوژانی شەهید **بڕیار** بە سزای یاسایی نەگەشتوون و کەیسەکە وەکو خۆی ماوەتەوە.

سەرباری ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخ و قەیرانە دارایی و ئەمنییەی کە ڕووی لە کوردستان کردووە، ئێمە جەخت لە سەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکی سەیدسادق دەکەینەوە و بەتایبەت داوای بەسزاگەیاندنی تۆمەتبارانی کەیسی شەهید **بڕیار** دەکەین، پێویستە یاسا سەروەر بێت و دادگا بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەستێت.

هەروەها جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە دەکەینەوە کە سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان پاش خۆپیشاندان بە خەڵکی ئەم شارەیان دا، جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی کە خودی سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند کە "هەموویان داواکاریی ڕەوان و سەرجەمیان جێبەجێ دەکەین".

درود و سڵاو بۆ ڕۆحی شەهید **بڕیار** و سەرجەم شەهیدانی کاروانی ئازادی و پاراستنی نیشتمان، بەتایبەتی شەهیدانی شار و ناوچەکەمان، ئەوانەی لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوون و گیانیان بەخت کرد.

لیژنەی باڵای مەراسیم

هەینی

٢٠١٥/١/٢

# ژیاننامەی شەهید بڕیار

ناوی **بڕیار حەسەن ئەحمەد ناوگردانییە.**

لە ١٩٨٩\٧\١٢ لە ئۆردووگای برایەتی (باریکە) لەدیکبووە.

**بڕیار** دووەم منداڵی دایک و باوکێتی، هەر لەمنداڵییەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەبووە، کەسێکی زۆر بەسۆز و عاتیفی بوو.



پاش ڕاپەڕین و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی شاری سەیدسادق خانەوادەکەی دەگەڕێنەوە بۆ سەیدسادق و لەوێ دەست بەخوێندن دەکات.

قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ڕێباز)ی سەرەتایی، قۆناغی ناوەندی لە ناوەندیی (کوردستانی نوێ) و ئامادەیی لە خوێندگەی (ئامادەیی سەیدسادق) تەواو کردووە، دواتر لە پەیمانگای کۆمیوتەری سلێمانی بەشی داتابەیس خوێندن تەواو دەکات.

شەهید **بڕیار** کوڕێکی کراوەو خۆشەویستی ناو هاوڕێیانی بوو، لەناو خێزان و کەسوکاریشی قسەخۆش و دەمبەخەندەبوو، بۆ برا و خوشکەکانی هەمیشە بەسۆزبوو، (شاهان)ی برابچووکی زۆرترین هۆگری ئەوبوو، زۆرجار لەسەر دەست و قۆڵ و پشتی **بڕیاری** برای دەنووست.

**بڕیار** کەسێکی هۆشیار و دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی و شارەکەی بوو، بەردەوام لەخەمی ئەوەدابوو چۆن خزمەتگوزاریی بۆ شارەکەی دابین بکات، تەنانەت کاتێک شارەکانی دیکەی دەبینی خزمەتگوزاریی باشتریان هەیە و شارەکەی خۆی فەرامۆشکراوە، خەمی دەخوارد.

شەوی خۆپیشاندانەکەی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، لەناو هاوڕێکانیدا گوتبووی: سبەی سەیدسادق دەگۆڕین، سبەی کارێک

دەکەین شارەکەمان خزمەتگوزاریی بۆ دابین بکرێت.

ڕۆژی ٢٠١٤\١\١٢ بەشداریی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی قەزای سەیدسادقی کرد، بەداخەوە هێزە ئەمنییەکان دڵڕەقانە بە فیشەک وەڵامی داخوازییەکەیان دایەوە و شەهیدیان کرد.

لافیتەکەی دەستی شاهید بوو، کە ئەو خەمی شاری لەکۆڵ گرتبوو، نووسرابوو (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان؟).

بەڵام مەخابن ئەوان بەناڕەوا شەهیدیان کرد و زیاد لە ١٠٠ کەسی دیکەش لەو خۆپیشاندانەدا بریندار کران.